هاوکاری
التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ژمارە زیادە

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
١٢ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● پێنج شەممە ٢٣ی تەموز ١٩٨١ ژمارە ٥٩٧ ●
● الخميس ٢٣ تموز ١٩٨١ العدد ٥٩٧ ●

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

بریاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکی وەتەن و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێن بەربەستی لێم بریارە میژوویە ڕەوایەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

ووتارێکی میژوویی سەرکردەی شۆڕش لە بیرەوەری سیازدەمین ساڵەی شۆڕشدا

بەرامبەر دوژمان گەش ببینین

ووتەیەکی میژوویی سەرکردەی شۆڕش لە بیرەوەری سیازدەمین ساڵی دا

بەڕێز سەرۆك موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ووتی بیرەوەری‌ی حەفدەی تەموز بەڕاستی لە ڕوانینی عیراقی‌یەکاندا وای لێهاتووە بووەتە بیرەوەری‌ی لە دایك‌بوون و ژیانی نوێ و بەیانی‌ی ڕاپەڕین و پێشکەوتن و دەستپێ‌کردنی ڕێبەڕەوی سەربەرزی و نەبەردی .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده لە ووتەیەکی میژوویی و نەتەوەیی سەرتاپاگیردا کە سەر لە بەیانی‌ی ١٧ی تەمووزی ١٩٨١ ئاڕاستەی گەلەکەمان و نەتەوەی عەرەبی کردین بە بۆنەی بیرەوەری‌ی سیازدەهەمین ساڵەی شۆڕشی حەفدەی - سی‌ی تەمووزی پیرۆزەوە .. ووتی ئێمە هەست بە بڕوا بە خۆبوونی قووڵ و گەشبینی دەکەین سەبارەت بە پاشە ڕۆژو ئێمە کە پێ‌دەنێینە ساڵێکی نوێ‌ی ڕێبەڕەوی شۆڕشە پیرۆزەکەمانەوە ئەوە بوو گەلەکەمان پێ‌ی هاویشتە سەر ڕێگای سەربەستی و ڕاپەڕین و پێشکەوتن و هەر ساڵێکی نوێ لە ساڵەکانی ڕێبەو پتر پێ‌گەیشتن و شارەزایی و پتر هێز و بەتوانایی دەخاتە سەر .

سەرۆکی بەڕێز صدام حسین پاڵەوانی ڕزگاری نەتەوەیی دووپاتی کردەوە دەستکەوتی ڕاستەقینەو ڕەسەن ئەوانەن کە ئەنجامی قووڵ و هەستپێ‌کراو لە ژیانی گەل و لە وانا کانی‌دا بەخشێت و .. جەوهەری ئەوەی شۆڕش وەدی‌ی هێنا ئەوەیە کە عیراق لە سەر دەمێکی تر بە گواستنەوەیەکی بەیەکلادا - خەرو سەرتاپاگیر .. لە سەردەمی دیلایەتی چەوساندنەوەو هەژاری و دواکەوتوویی و بێ‌هێزی‌یەوە چووەتە سەردەمی سەربە - ستی و دادوەری و بەختیاری و پێشکەوتن و هێزەوە .

هەروەها بەڕێزی ووتی زۆرانبازی‌ی دوورودرێژ لە نێوان ئێمەو لە نێوان زایۆنی‌دا دەبێت بە سەرکەوتنەوەی بەرەو پێشەوە چووی میژوو دەنوێنێت .

(دەقی ووتەکەی سەرۆکی فەرمانده لە لابەڕەکانی ناومودا بخوێنەوە)

لەبەر ڕووناکی وتارە میژوویەکەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین‌دا

ڕووناك بینی و ڕێ‌ی ڕەوی سەرکەوتن

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ، لە وتارە میژوویەکەیدا ، بە بۆنەی بیرەوەری ١٣ ساڵەی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی پیرۆزەوە چەند شی‌کردنەوەیەکی زانستی و مەوزوعی گرنگی سەبارەت بە هەندێ کارو باری ناسکی ئەم سەردەمە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە وڵاتەکەمانەوە هەیە بەرچاوخستو لایەنەگرنگەکانی کە کار دەکەنە سەر پاشەڕۆژی کاروبارمانی بەوردی ڕوون کردەوە .

لە سەرەتاوە ، پێویستەدەست بکێشین بۆ تاقی‌کردنەوەی شۆڕشگیری تایبەتو پێ‌گەیشتوومان کە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست، بەرابەری سەرکردەی بەتوانا صدام حسین پایە بە هێزەکانی چەسپاوەو لە عیراقدا ، گەل بە کوردو عەرەبەوە لە دەوری سەرکرادیەتیەکەیان کۆبوونەتەوەو تاقی‌کردنەوەیەکی پرشنگدارینیات دەنێن تاقی‌کردنەوەیەك کە بەرەنجو تەقەللاو شەونوخوونی ڕێگای بڕیوەو سەری عیراقی لە دنیادا بەرز کردۆتەوە .

ئەو سەرکەوتنە گەورانەی بەدی‌هاتوون و لە زنجیرەیەك دەستکەوتو کاری شۆڕشگێڕانەدا خۆیان دەنوێنن توانیان وڵاتەکەمان و گەلی عیراق بە کوردو عەرەبیەوە لە واقعی دواکەوتووی باری سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری‌ی ڕابوردوو ڕزگار بکات و بیان‌خاتە بارێکی پێشکەوتووی چاك و ئەم هەنگاوانەش کە لەم ڕێگایە دانراون بۆ بنیات‌نانی کۆمەڵی نوێی عیراق وەك بنکەیەکی تیشك دەرەوە ، لەناو ئەو بارە ئالۆزەی دنیا تیا دە ژی ، عیراق توانی بە بەهرەداریی ڕابەرە لێهاتووەکەی هەموو هەنگاوەکانی بە شێوازی سەربەخۆیی لە بریارو کردەوەدا بە سەربەری کە ئەمە لە خۆیدا لوتکەی سەرکەوتن و ڕێبازی تایبەتی شۆڕشە .

بڕوانە ل : ١١ ..

سەرۆکی فەرمانده بەردەوام بروسکەی پیرۆزبایی جەژنەکانی تەموزی پێ دەگات

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕوکن صدام حسین سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بەردەوام بروسکەی پیرۆزبایی بە بۆنەی جەژنەکانی تەموزی پیرۆزەوە پێ دەگات . ئەم بروسکانە لە سەرۆك و لیپرسراوانی وڵاتانی براو دۆستەوەیە .

بەڕێزی بروسکەی پیرۆزبایی لە بەڕێزان : شاذلی بن جدید سەرۆکی کۆماری جەزائیری دیموکراتی و کاتان سودیاندوە بانانا سەرۆك کۆماری نەندەنوسیاوە پێ گەیشتوە .

هەروەها سەرۆکی بەڕێز صدام حسین بروسکەی پیرۆزبایی لە بەڕێزان تیودۆر جیفکوف سەرۆکی دەولەتی کوماری بلگاریاو فاسلین دورا سەرۆکی یوگسلافیاوە پێ گەیشتوە .

کونگرەیەکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی‌ی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان دووپاتی کردەوە مەزنترین و گرنگترین دەستکەوتێك لەعیراقدا مرۆڤی نوێ‌یە کە دوا دەرەنجامی هەموو دەستکەوتەکانە لەبواری ڕۆشنبیری‌و سیاسی‌و زانستی‌و تەقەنی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌دا . . پلەی ئەم دەستکەوتەو سروشتی لە شوێنی بنیاتنان‌و پەرەسەندنی زانستی‌و تەقەمەنی‌و بەرگری کردن لەعیراق زانراوە .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده لە کونگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی گەورەدا کە نوێنەرانی ئاژانسەکان‌و نێرگەو تەلەفزیۆن‌و ڕۆژنامەکانی عەرەبی‌و بێگانەو ناوخۆ ئامادەی بوون ووتی پرۆگرامەکانی پەرەپێدان لەعیراق‌دا لە چوارچێوەی بریار بۆ دراویان‌دا بەردەوامن لەلایەنی کاریگەری‌و لەلایەنی ئەو پارەوە کە بۆیان تەرخان کراوە ئەگەرچی جەنگیش هەر بەردەوامە .

هەروەها بەڕێزی ووتی سیاسەتی نەوتیمان لەسەر ئەوە دامەزراوە ئەوەندە بەرهەم بهێنین بەڕادەی ئەوەی بۆ بەرەپێدان پێویستیمان پێیەتی‌و چارەکردنی ئەرکە نەتەوەیی‌یەکانمان و پەیوەندی‌یەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان‌دا .. ئێمە لایەنی ئەو سیاسەتە ناگرین هەر بەرهەم بهێنین‌و بیخەینە بازاڕەوە بەچەشنێك لەم پێداویستی‌یانە بترتبێت‌و ملیارەها دۆلار بخەینە بانقەکانی بێگانەوە .

بڕوانە ل : ١١

فیداکارانی شۆڕشی فەلەستینی بنکەکانی زایۆنی دوژمن ئاگربارانیان دەکەن

فیداکارانی شۆڕشی فەلەستین ئەمە چەند ڕۆژێکە بەردەوام بە توپی قورس‌و ساروخی کاتیوشا ناوچەی جەلیلی سەرووجەلیلی ڕۆژئاوا بوردومان دەکەن .

قسەکەریکی عەسکەری زایونی دوژمن دانی بەوە داناوە کە ناوچەی جەلیل گوللەباران کراوە بەڵام باسی ئەو زیانانەی نەکردوە کە لە ریزەکانی زایونی دوژمن کەوتوە .

ڕاپورتەر ڕۆژنامەنووسەکان لە خاکی فەلەستینی زەوت کراوەوە وا دەگەیەنن کە ژیر دەستەکانی کریات شمونەو نهاریاو مطلە ئەمە یەك هەفتەیە لە چاڵدا خۆیان شاردۆتەوەو لە بارێکی پڕ ترس‌و ئالۆزیدا بە هوی ئەو دەستوەشاندنەی لە لایەن فیداکارانی فەلەستینەوە توشیان دەبێت .

لە لایەکی ترەوە تۆپەکانی زایونی دوژمن ، لە جۆری ١٣٠ ملیمەتر ناوچەی خوارووی لوبنانی تۆپ باران کردوەو قسەکەریکی عەسکەری شۆڕشی فەلەستین وتویە تا کاتێکی درەنگی دوێنی بەیانی شەڕە توپ لە نێوان فیداکارانی فەلەستین‌و هێزەکانی زایونی دوژمندا بەردەوام بوە .

شەڕێکی توند لە سلفادۆر

پێری شەڕێکی توند لە نێوان هێزەکانی حکومەت‌و هێزە بەربەرەکانی کارەکانی سلفادۆردا لە نزیك سنووری هندۆراس ڕووی داوە کە ئاژانسەکان دەڵێن تائیستەش بەردەوامەو هەمە جۆرە چەکی تیا بەکار دێ . ئەوەی شایانی باسە ، ئەمەماوەیەکە هێزە بەربەرەکانی کارەکانی ڕژیمی سلفادۆر پەنایان بردۆتە بەر کاروباری توندو تیژدژی ڕژێمەکە .

بەردەوامی بەربەستی چەکدارانە دژی ڕژێمی فارسی ڕەگەزپەرەست

- **خۆپیشاندانی فراوان لە شارەکانی ئێراندا دژی ناقمی خومەینی جادووگەر**
- **تەقینەوە لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی فارسی‌و بازاری تاران .**
- **بەردەوامی ئیعدام‌و ڕەش‌بگیری ..**

ئاژاوەو زۆرانبازی بێ سەروبن لە ناو تاقمە ڕەگەزپەرستەکەی جادووگەر ڕابەتی خومەینی‌دا بەردەوامەو کەچی ئەو ڕژیمەش لە پال ئەو ئاژاوەیەی ناوخۆیدا بەردەوامە لە کوشتن‌و بڕین لەناو ڕیزەکانی گەلانی ئێراندا .

هەر لە شاری یەزد (٥٠) کەس گیراون دوای خۆپیشاندانیکی گەورە کە دژی هەڵس‌وکەوتی نارەوای ڕژیمی جادووگەران کراوە.

ڕۆژنامەی ناوبراو بە (جمهوریەتی ئیسلامی) نورگانی حزبی حاکم گیراوەکانی بە پشتگیری کەرانی ڕێکخراوی موجاهدی خەلق گوناهبار کردوە .

دیسان ڕژیمی خوێن ڕێژی فارسە ڕەگەزپەرستەکان ئەندامیکی موجاهدی خەڵقی لە سێدارە داوە . هەروەها تەقینەوەیەکی بەهێز لە بازاری تاران ڕووی‌داوە بۆتە هوی بریندار بوونی چوار کەس‌و بۆمبایەکی‌تر لە چایخانەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن تەقیوەتەوە ، ئەم هەواڵە کە ئاژانسی «پارس» ڕای‌گەیاندوە باسی زیانەکانی ئەم تەقینەوەیەی نەکردوە .

پاسداره چەپەڵەکانی خومەینی جادووگەریش پەلاریکی ڕەش بگیریان لە شاری مسجد سلیمانی ناوچەی عەرەبستان دەستپێ‌کردوە بۆ گرتنی ئەوانەی بەڕووی ڕژێمی خومەینی ، جادووگەردا دەوستن‌و ڕۆژنامەی (اطلاعات)یش ڕای‌گەیاند کە چەند چەکدارێکی ئەناسراو علی فاتح نوری کە لێپرسراوێکی ڕژیمی خومەینی‌یە داوایانەتە بەر گوللە .

● کۆمەڵەی بەرگری لە مافی مرۆڤ

کۆمەڵەی بەرگری کردن لە مافی مرۆڤی ئیرانی پێری لە پاریس بەیاننامەیەکی دەرکردوە ، تیایدا وریای دەربڕی‌وە بەرامبەر باری ئالۆزی ئیران‌و ترسی ڕوودانی شەری ناوخۆو بەیاننامەکە دەستی بۆ ئەوە کێشاوە کە لە ئەنجامی ئەم بارەدا ئیران خراپە کاریەکی بێ شوماری تیا بلاوە لەبەر ئەوە داوای لە هیزە خێرخوازەکانی ئیران

بڕوانە ل : ١١

Institut kurde de Paris

لە بروسکە پیرۆزباییەکاندا بە بۆنەی جەژنکانی تەموزەوە :

پیرۆزبایی لە رەوتی سەرکردەوەی شۆڕشی بە سەرکردایەتی سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین

سەرۆکی فەرماندە موهیب روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان چەندان بروسکەی پیرۆزبایی پێگەیشتوە بە بۆنەی جەژنەکانی تەموزی پیرۆزەوەو بە بۆنەی رابوردنی دوو ساڵ بەسەر وەرگرتنی ئەرکی سەرکردایەتی حزب و دەوڵەت لەلایەن خاوەن بەرزیەتیەوە .

● **پیرۆزبایی لە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە .**

لەبەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ..

شۆڕشەوە پیرۆزبایی لە سەرۆکی فەرماندە کراوە بەم بۆنە پیرۆزەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنە بەردەوامەکانی شۆڕشی بەرابەری سەرکردەی لێهاتوو صدام حسین دەکا .

● **سەرکردەی گشتی سوپای میللی**

هەروەها هاوڕی طە یاسین رمضان سەرکردەی گشتی سوپای میللی پیرۆزبایی گەرمی بەناوی خۆی و هەموو ریزەکانی سوپای میللی دلێر پشتوانی سوپای ئازامان لە سەرۆکی فەرماندە کردوەو پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە مەژنانەی سوپای دلێرو گەلی مەژنمان بەرابەری سەرۆکی فەرماندە لە جەنگی شەرەفمەندیدا بەدی هێناون .

● **سەرۆکایەتی موخابەراتی گشتی**

هەروەها بەڕێز بەرزان ابراهیم تکریتی سەرۆکی موخابەراتی گشتی پیرۆزبای لە سەرۆکی فەرماندە صدام حسین کردوە بە بۆتەی جەژنەکانی تەموزو رابوردنی دوو ساڵ بەسەر سەرکردایەتی سەرۆکی فەرماندەدا لە رابەری سەرکردایەتی حزب و دەوڵەتدا .

● **ڕێکخراوەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست:**

دیسان سەرۆکی فەرماندە پیرۆزبایی بەم بۆنە پیرۆزەوە لە هەموو ڕێکخراوەکانی حزبی سەرکردەوە ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست پێگەیشتوە کە بارەی پتەویان بە سەرکردایەتی سەرۆکی فەرماندە دووپات کردۆتەوە لە رابەری کردنی کاروانی سەرکەوتوماندا .

● **لە سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە .**

هەروەها بەڕێز جمال حاجی شریف سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بروسکەی پیرۆزبایی بەم بۆنە پیرۆزەوە ئاراستەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین کردوە کە بە ناوی دانیشتوانی ناوچەی کوردستانەوە بە وەفایی و دڵسۆزی دەربڕی وەبۆ ڕێبازی سەرکەوتوی شۆڕش .

● **لە سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە .**

دیسان بەڕێز احمد عبدالقادری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆکی فەرماندە کردوەو پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی بەرابەری سەرۆکی فەرماندە صدام حسین کە لەکەمان بەدی هێناون .

● **مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

هەروها بە بۆنەی بیرەوەری جەژنەکانی تەموزو رابوردنی دوو ساڵ بەسەر رابەری سەرۆکی فەرماندەدا لە سەرکردایەتی حزب و دەوڵەتدا ، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆک صدام حسین کردوە لەگەڵ نوێکردنەوەی بەڵێنی خەبات لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشدا .

● **مەکتەبی سیاسی پارتی شۆڕشگێری کوردستان**

هەروەها مەکتەبی سیاسی پارتی شۆڕشگێری کوردستان پیرۆزبایی یادی شۆڕشی لە سەرۆکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین کردوەو لەو دەستکەوتە مەزنانەی شۆڕش بۆ تێکڕای گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە بەدی هێناون .

دیسان سەرۆکی فەرماندە چەندان بروسکەی پیرۆزبایی لە سەرۆک و مەلیکی وڵاتانی دۆست و براوە پێگەیشتوە لەگەڵ بروسکەی پیرۆزبایی هەموو ڕێکخراوە جەماوەریەکان کە هەموو پیرۆزبایی سەرکەوتنی رەوتی لێهاتوانەی شۆڕش دەکەن بە سەرکردایەتی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین .

لەپێزە دلێرەکانمان دەستی مەردانە لە فارسی دوژمن و ڕەگەزپەرست دەوەشێنن

لە کاتێکدا گەلی عیراقی مەزن و سوپای دلێری عیراق ، لەم ماوەیەدا ئاهەنگ بە جەژنەکانی شۆڕشی حەفدەی تەمووزی پیرۆزەوە دەگێڕن و گەلەکەمان سەرگەمەی ئاهەنگ گێڕانە بە بیرەوەری سیازدەهەمین ساڵەی شۆڕش و بیرەوەری دووەمین ساڵی وەرگرتنی لێپرسراوێتیی شوێنی پێشەوەی حزب و دەوڵەت لە لایەن سەرۆکی بەڕێزەوە صدام حسین ، ئەوا هێزە چەکدارەکانە ان لە بەرەی جەنگ ، لەگەڵ هاتنەوەی ئەم جەژنانەدا کە تێکەڵ بە سەرکەوتنی مەزنی گەل و سوپامانە ، پاڵەوانێتیی بێ هاوتاو داستانی نوێ تۆمار دەکەن و زیانی فراوانی ماڵی و گیانی بە دوژمن دەگەیەنن کە لەم ماوەیەدا بەم چەشنە بووە ..

ڕۆژی ١٥ - ٧ - ١٩٨١
٢٣ کوژراو ، یەک سەنگەری پیادە یەک تانك ، سێ نەفەربەری زرێپلی ، سێ ئۆتۆمبیل ، یەک تۆپخانە ، یەک شەڤڵ ، یەک کۆمەڵ تەقەمەنی .

ڕۆژی ١٦ - ٧ - ١٩٨١
١٢٤ کوژراو ، (٧) سەنگەری پیادە ، یەک نەفەربەر ، دوو ئۆتۆمبیل دوو شەڤڵ ، نۆ کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەک رووانگە .

ڕۆژی ١٧ - ٧ - ١٩٨١
١٣٧ کوژراو ، یەک نەفەربەری زرێپلی ، دە ئۆتۆمبیل ، یەک تۆپخانە ، یەک شەڤڵ ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەک رووانگە .

ئەمڕۆ فارسی دوژمن بە تۆپخانەی قورس لە دەوروبەری ناوچەی عەبادانەوە شاری بەسرەی بۆردمان کرد .

ڕۆژی ١٨-٧-١٩٨١
١٠٧ کوژراو ، سەنگەرێکی پیادە ، چوار ئۆتۆمبیل ، دوو شەڤڵ ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی .

ئەمڕۆ فارسی دوژمن بە تۆپخانەی قورس لە دەوروبەری ناوچەی عەبادانەوە شاری بەسرەی بۆردمان کرد .

ڕۆژی ١٩-٧-١٩٨١
٥٠ کوژراو ، شەش سەنگەری پیادە ، یەک تانك ، دوو ئۆتۆمبیل ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەک رووانگە ، یەک فڕۆکەی جەنگی چەشنی ئیتف پێنج .

ئەمەو ئەمڕۆ فڕۆکەکانی دوژمن دووجار هێرشیان هێنایە سەر ناوچەی دۆکان لە پارێزگای سلێمانی جارێك لە کاتژمێری ٤٤٥ داو جارێکی تریش لە کاتژمێری ٩١٥دا .

ڕۆژی ٢٠-٧-١٩٨١
٣٧ کوژراو ، چوار سەنگەری پیادە ، حەوت ئۆتۆمبیل ، دوو شەڤڵ ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەک رووانگە .

● **٢١-٧-١٩٨١ :**
تیکڕای زیانەکانی دوژمن : ٢٩٣ کوژراو دوو بنکەی پیادە ، سێ دەبابە ، سێ نەفەربەر ، دوو ئۆتۆمبیل ، سێ تۆپ ، شەش بنکەی کەرەستەو تانە دووا کە بۆ چینی کرێکاران وەدی هاتوون سەرەڕای مەوداکانی دەستدرێژیی ئێران بۆ سەر وڵاتە تێکۆشەرەکەمان و داوای لە کرێکاران کرد ڕەنجی دووجەندان بەکار بهێنن بۆ پترکردنی بەرهەم و پاراستنی گیانی سەرکەوتن و بەردەوامیی هەمیشەیی .

لە کۆتایی کۆڕەکەدا کرێکارە بەشداربووەکان پەیمانیان بە پالەوانی ڕزگاربخوازی نەتەوەیی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دا ڕەنجی دووچەندان بنوێنن بۆ پترکردنی بەرهەم و سەربازی بەوەفابن بۆ پاراستنی ڕێڕەوی شۆڕش و بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی نیشتمان .

کۆڕێکی کرێکاران لە سلێمانی

کۆڕێکی فراوان بۆ کرێکارانی پۆستەو بروسکەو چاپخانەو ڕاگەیاندن لە شاری سلێمانی ساز درا بەڕێزان ئەندامانی نووسینگەی ڕاپەراندنی یەکێتی لە پارێزگاکەداو سەرۆکو ئەندامانی نیقابەی گشتیی سەر بەو ڕێکخراوە ئامادەی بوون .

لە سەرەتادا بەڕێز سیروان رشید سەرۆکی نیقابەکە سەبارەت بە ڕێڕەوی تێکۆشانی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزی پیرۆزو ئەوە دەستکەوتانە دووا کە بۆ چینی کرێکاران وەدی هاتوون سەرەڕای مەوداکانی دەستدرێژیی ئێران بۆ سەر وڵاتە تێکۆشەرەکەمان و داوای لە کرێکاران کرد ڕەنجی دووچەندان بەکار بهێنن بۆ پترکردنی بەرهەم و پاراستنی گیانی سەرکەوتن و بەردەوامیی هەمیشەیی .

لە کۆتایی کۆڕەکەدا کرێکارە بەشداربووەکان پەیمانیان بە پالەوانی ڕزگاربخوازی نەتەوەیی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دا ڕەنجی دووچەندان بنوێنن بۆ پترکردنی بەرهەم و سەربازی بەوەفابن بۆ پاراستنی ڕێڕەوی شۆڕش و بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی نیشتمان .

ڕابەش کردنی زەوی بە سەر خێزانی شەهیدان دا لە چەمچەماڵ

لە قەزای چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو ژمارەیەك پارچەی زەوی بەسەر خێزانی شەهیدان و کارگێڕانی هێزە چەکدارەکان و هێزی ئاسایشی ناوخۆدا دابەش کرا .

هەروەها سەدو دە پێناسی مووچەدان بەسەر ئەو خێزانانە درا کە یاسای چاودێری کردنی خێزان لە قەزاکەدا دەیانگرێتەوەو ٥٠٠ مۆعامەلەی تری تەواو کردووە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان دەنێررێن بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر یەکێتیدا داویانە بدرێت .

ئەمەو لقی یەکێتیی لاوان لە پارێزگاکەدا ڕێزی لە ئەندامە سەرکردەیی یەکانی خۆی نا لە لق و لیژنە ناوچەیی و مەلبەندەکانی ڕابوراردندا ئەویش بۆ نرخدانان بۆ ئەو ڕەنجانەیان کە لە بواری چالاکی یەکانی بەرهەمهێنان و سەردانی بەرهەمهێنان بەسەری بۆردمان کرد .

کردنەوەی میهرەجانی شیعری بە بۆنەی یادی شۆڕشەوە

بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئێوارەی دووشەممەی ڕابوردوو ئامادەی میهرەجانی شیعری عەرەبی بوو کە دایرەی کاروباری ڕۆشنبیری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا ڕێکی خستبوو.

لەم میهرەجانەدا کە بە بۆنەی ئاهەنگ گێڕانی وڵات بە جەژنەکانی شۆڕشی تەمووزی پیرۆەوە ساز درابوو ژمارەیەك لە شاعیرانی عەرەب و شاعیرانی عیراق بەشداریان تێدا کرد کە هۆنراوەکانیان دەوری پاڵەوانێتی نەتەوەیی یان پیشان دا کە عیراق لە ئەستۆی گرتووە لە بەرگری کردنی سنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب و دووپات کردنەوەی دەوری مێژوویی بۆ بووژاندنەوەی شارستانیەتی عەرەب بە سەرۆکایەتی حزبی شۆڕشی عەرەب حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

شاعیرەکان لە هۆنراوەکانیاندا سڵاویان ئاراستەی پاڵەوانی و شۆڕەسواری نەتەوە بەڕێز سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین و سەرکردایەتی کردنی مێژوویانەی قادسیەی نوێی عەرەب بۆ داکۆکی کردن لە شکۆمەندیی نەتەوەو پاشەڕۆژی و تێکەڵاوی مەزنی نێوان سەرکردەو جەماوەریان پیشان دا لەگەڵ ئامادەبوونی هەمیشەیی بۆ قوربانی و بەخشش و دابین کردنی هەموو هێزەکی سەرکەوتنی کۆتایی تاکوو فارسی دوژمن ددان بە تەواوی ماڤەکانمان لە خاك و ئاودا دەنێت ..

لەم میهرەجانەدا بەڕێز عبدالجبار محسن وەکیلی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرە گشتیی یەکانی وەزارەت و جەماوەری شاعیر و هاوولاتیان ئامادە بوون .

گەشتی مەیدانی بە ناوچەی کوردستاندا بۆ ڕوونکردنەوەی مەوداکانی جەنگی قادسیەی صدام

بەڕێز جمال حاجی شریف سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان ئەمینداره گشتیی یەکانی بەڕێوەبردنەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و جێگرەکانیان لەو نەخشەیە کۆلانەوە کە ئامادە کراوە بۆ گەشتی مەیدانی لە ناوچەکەدا بۆ ڕوون کردنەوەی مەوداکانی جەنگی قادسیەی صدام .

شایانی باسیشە کە ئەنجوومەن لەوەوپێش لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی بەڕێز مینان بۆلص ئەمینداری گشتیی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و لاوان بە وەکالەت یێك هێنابوو بۆ ڕێکخستنی ەچند گەشتو سەردانێك بە سەرتاپای ناوچەی ئۆتۆمی دا لە چوارچێوەی لیستەیەکی کاتی دا کە لە بیست و پێنجی ئەم مانگەوە دەست پێ دەکات بۆ ئامادەکردنی جەماوەر سەبارەت بە مەوداکانی جەنگەکەمان دژ بە فارسە دەست درێژی کەرەکان و ئەو ئەنجامانەی کە دەری خستوون و دەوری جەماوەر لە پشتگیری کردنی و پاراستنەی گیانی سەرکەوتن .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن داوای لەو لیژنەیە کرد سوود لەو توانایانە وەربگرێت کە پارێزگارە بەڕێزەکان و هاوڕێیان لێپرسراوانی ڕێکخراوە حزبی و جەماوەری بەکان ئامادەیان دەکەن بۆ سەرخستنی ئەرکی لیژنەکە لە گەشتن بە دوورترین ناوچەو چاو پێ کەوتنیان بە گەورەترین ژمارەی هاوولاتیان.

بانگ کردنی لە دایك بووانی ١٩٥٥ لە پیادەکان بۆ ئەوەی سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن

بەڕێوەبەرێتیی خۆئامادەکردن و سەرژمێری لە وەزارەتی بەرگری داوای لە ئیحتیاطەکانی لە دایك بووانی ١٩٥٥و ئەوانەی لە ساڵی ١٩٧٤دا لەگەڵیاندا براوان تەنیا پیادەکان کە پێیان ڕاگەیەنراوە خزمەتی ئیحتیاط بکەن جارێکی تر لە ڕۆژی بیست و پێنجی ئەم مانگەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن .

ئەمە لە بەیاننامەیەکی بەڕێوەبەرێتیی خۆ ئامادەکرن و سەرژمێری دا هاتووە کە ئەم دەقەکەیەتی :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەیاننامەی ژمارە ٣٦ی ساڵی ١٩٨١ لە بەڕێوەبەرێتیی خۆئامادە کردن و سەرژمێریی سەر بە وەزارەتی بەرگری یەوە دەرچووە .

دوا بەدوای بەیاننامەی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ١٩٨١ مان ..

دەبێت ئیحتیاطە بانگ کراوەکانی لە دایك بووانی ١٩٥٥و ئەوانەی لە ساڵی ١٩٧٤دا لەگەڵیان براون تەنیا پیادەکان کە پێیانرا گەیەنراوە لە نۆرەکانی یەك بە دوای یەکدا بچنە ڕێزی خزمەت کردنی ئیحتیاطەوە سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن . لە ماوەی ٢٥-٧-١٩٨١وە تاکو کۆتایی دەوامی ڕەسمیی ڕۆژی ٢٧-٧-١٩٨١ بۆ ئەوەی کاتی نوێی چوونە خزمەتی ئیحتیاطەوەیان پێڕابگەیەنرێت و بە گوێرەی ئەمە تەسکەرەی خزمەت کردنیان دیاری بکرێت .

لیوا ڕوکن
بەڕێوەبەری خۆئامادەکردن و سەرژمێری

● **بە بۆنەی جەژنەکانی ئاهەنگەکانی گەلاوێژەوە لە هەموو سەرانسەری پارێزگای سلێمانیدا ڕواڵەتی ڕازاندەوە و هەڵواسینی دروشم و شیعاری نیشتمانی و نەتەوایەتی بەرز کرانەوەو شەقام و بازارەکان ڕازێنرابوونەوە بە وێنەی سەرکردەو دروشمی بایەخدان بە جەنگی قادسیەی صدام و سەرکەوتنەکانی سوپاو دەستکەوتەکانی شۆڕش .**

هەموو ڕێکخراوە گەلی و جەماوەریەکان بەرنامەی تایبەتیان بەم بۆنەیەوە ئامادە کردوو گەلێ چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری و وەرزشی جۆراو جۆریان ئواندو بەجێ هێنا . لە وانە یەکێتی لاوان - لقی سلێمانی بەرنامەیەکی دانابوو کە بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوو لە کردنەوەی گەلێ پاڵەوانیەتی وەرزشی و گەلێ مبهرەجانی ڕۆشنبیری و کردنەوەی دەوراتی ڕاهێنان و سەردانی خێزانی شەهیدو بریندارەکانی جبهەو ڕێزلێنانی گەلێ لە نەوجوانان و ڕۆژنامەنووسان و سەردانی بارەگای حزب و ڕێکخراوەکان و دابەش کردنی شیرینی و کارتی جەژنە پیرۆزەو کردنەوەی گەلێ پێشانگای وێنەو پۆستەری سیاسی و وێنەی فۆتوغرافی و پێك هێنانی ئاهەنگی هونەری و هاوبەشی گەلێ چالاکی وەرزشی و ڕۆشنبیری لە ناوچەی کوردستانداو گەلێ چالاکی جۆراو جۆری تریش.

هەروەها یەکیەتی نەقابەکانی کرێکاران و قوتابیان و ئافرەتان و مامۆستایان و جوتیارانیش هەمان شێوە بەرنامەی تایبەتیان ئامادە کردوو پرۆگرامی تایبەتی خۆیانیان بەم بۆنەیەوە جێبەجێ کرد .

هەروەها لە مەموو سەرانسەری پارێزگاکەداو بەم بۆنەیەوە گەلێ پرۆژەی ئاوەدانی و پەروەردەیی و تەندروستی و خزمەت گوزاری کرایەوەو بەردی بناغەیان بۆ دانرا کە هەموویان بایی نزیکەی ٩ ملیون و ٥٠٠ هەزار دینار بوون و بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی کرانەوە بریتی بوون لە دوو شەقامی سەرەکی لە ناو شاری سلێمانیداو کردنەوەی هۆلێکی فراوان و تایبەتی بۆ هەموو ئیشوکارێك لە کەلارو دوو خانو بۆ فەرمانبەران و سیانی تر بۆ مامۆستایان لە خەلەکان و باخچەیەکی ساوایان لە قەرەداغ و ئەمانە هەموویان بایی نزیکەی ٢ ملیون و ٣٥٠ هەزار دینار بوون و ئەوانەشی کە بەردی بناغەیان بۆ دانرا بریتی بوون لە یانەو کێنجانەیەك بۆ کرێکارانی سلێمانی و ٦ کۆشکی نیشتەجێی بۆ فەرمانبەران و کرێکارانی سەر بە ئەمانەتی گشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستان و وورشەیەکی چاکردنەوەی ئۆتومبێل لە سلێمانی و گەلێ فراوان کردن لە کۆمپانیای مریشکی قلیاسان و وە مەلبەندێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە طاسلۆجەو دوو قوتابخانەی سانەوی نموونەیی گۆپاڵەو ئەللاهی و سانەوی یەکی ٢٠ پۆلیش لە رانیەو ئەمانەش هەموویان بایی نزیکەی ٧ ملیون و ١٥٠ هەزار دینار بوون .

ئەمەو ئاهەنگەکانی گەلاوێژ لەم پارێزگایەدا تاکو ئێوارەی ٣٠ گەلاوێژ بەردەوام ئەبێ و گۆرانی و مۆسیقاو سرودی نیشتمانی لە هەموو ساحەو مەیدانە گشتی و گۆڕەپانەکاندا بە درێژایی ڕۆژ بڵاو ئەکرێنەوەو هەموو نەوو جووانانی شتار لەسەر شەقامەکان دەرکەوتن و یارمەتیی پۆلیسی هاتوچۆیان ئەداو گۆرانیان بە باڵای شۆڕش و سەرکردەدا ئەووت .

لە هەموو قەزاو ناحیەکانی پارێزگاشدا هەمان شێوە ئاهەنگ گێڕراو بەرنامەی تایبەتی هەمە جۆرە بەم بۆنەیەوە ئامادە کران .

هەر بەم بۆنەیەشەوە بەڕێز جعفر عبدالکریم البرزنجی پارێزگاری سلێمانی و هاوڕێ دکتور نجم عبدالله العراقی ڕاستگری شوعبەی سلێمانی حزب پێشوازی خەڵکیان کردوو سەریان لە خێزانی شەهیدو بریندارەکان داو خەڵاتیان پێش کەش کردن .

پ. هاوکاری لە سلێمانی



Institut kurde de Paris

دەقی وتارە مێژوویی‌یەکەی سەرکردەی شۆڕش

شۆڕشی تەمووز عیراقی بۆ سەردەمی سەربەستی و دادو بەختیاری و پێشکەوتن و هێزگوێزایەوە

ئەی گەلی مەزن :

بە ناوی خوای گەورەو بەخشندەوە ..
ئەی رۆڵەکانی گەلی عیراقی مەزن ..
ئەی جەماوەری نەتەوەی عەرەبی سەربەرز

● بیرەوەری لە دایکبوونو ژیانی نوێ ●

ئەو بیرەوەری‌یەی ، هەموو ساڵ لەم رۆژەدا ، یادی دەکەینەوە ، بیرەوەری شۆرشی حەفدە - سی تەموزە ساڵی ١٩٦٨ تەنیا موناسەبەت نیە ، هەتا ئەگەر ناوی موناسەبەتی بەرزو مەزنی لێ نرا ... بەلکو بە راست لەبەر چاوی عیراقیەکانی بوە بە بیرەوەری لە دایبکبوونو ژیانی نوێو بیرەوەری هەڵهاتنی رۆژی راپەڕینو پێشکەوتن .. بیرەوەری دەست پێکردنی کاروانی سەربەرزیو بڵندی ..

ئێمەنین کە ئەم سیفاتانە دەدەین بە شۆڕشو بیرەوەری یەکەی ، بەلکو ئەم سیفاتانە گەل بە راستیو رەسەنی لێی ناوە لە رواینیاو لە پێوەنووسانیاو باوەڕبوونی بە ئامانجەکانیدا .
کاتێ شۆڕش بەرپابوو ، بەر لە سیازدە ساڵ ،

خۆمانو ئامانجەکانمانو بەرنامەکانمان لە بەردەمتانداو لە بەردەم نەتەوەدا خستە تاقیکردنەوەوەو گەل ، لە سەرەتاداو لە ماوەی چەندان ساڵدا لە هەڵویستی بەتەنگەوە هاتنی ئەم تاقیکردنەوەیەوە جولایەوە دوای ئەو تاقیکردنەوە تاڵانەی چەشتیو ئەو کەوتنە زۆرانەی لە مەیدانی کاری نیشتمانیو نەتەوەییدا بینی .

● شۆڕش لە گەلەوە بۆ گەل ●

گەل ، باوەڕی سەرپێی نەدا بە شۆڕشو پشتگیری تەواوەتی نەکرد لە سەرەتای بەرپابوونیا ، بەلکو بە وردی چاوی تێبڕیو بە توندی حسابی لەگەلدا کردو بە هوشیاری هەڵسو کەوتی لەگەل کرد هەتا رۆژ لە دوای رۆژو ساڵ لە دوای ساڵ بۆی دەرکەوت کە لەوەو بۆ ئەوەو لە منداڵدانی میژووی عیراقو میژووی نەتەوەیەو تاقیکردنەوەیەکی دڵسۆزانەی پێ گەیشتوە کە الە ئەنجامی کاروانێکی گرانو خوێناوی داهاتووە پڕیەتی لە تاقیکردنەوەو عیبرەت لە تێکوشانی نیشتمانیو تێکوشانی نەتەوەیی‌و ئەوەتا ئەمڕۆ گەلەکەمان شۆڕشی تەموز دەنێتە ئەم شوێنە باڵایەی میژووەوەو ئەم شوێنەی ژیانی ئیستاو پاشەڕۆژی .

● هەست بە شانازیو سەربەرزی دەکەین ●

دوای ئەم کاروانە درێژە ، هەست بە شانازیو سەربەرزی دەکەین ، هەست بە دڵنیای‌و پشوی ویژدان دەکەین ، چونکە حزبو سەرکردایەتی لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتن ، ئێمە سەیری مەسەلەی شۆڕشمان لە ڕوانینی شەخسیو حزبیەوە نەکردەوە ، بەڵام مادەمێکی گەلەکەمان قۆناخی نا سەقامگیریو ونبوونی جێ هێشتو خۆی لەسەر ڕێگای سەربەستیو ڕاپەڕینو سەربەرزی بینیەوە ، سوپاس بۆ خوا بەرامبەر بەوەی بەدی هاتووە ، لێتان پیرۆزبێ ئەی عیراقیە سەربەرزەکان ، بەرامبەر بەوەی پێی گەیشتون ، بەخوا ئێوە شایانی خێرخوازین ، هەموو خێرخوازیەك ، سەربەرزیو هەموو سەربەرزیەك ، ئێوە ئەو گەلەن زۆرتان بە ژیانی بەخشیوە ، بەر لە هەزاران ساڵ شارستانیەتی مەزنتان بە مرۆڤایەتی بەخشیوە ، مەشخەڵی تیشك دەری زانستانو زانیارتیان هەڵگیرسان ، لە مەوقعێکی دیارەوە لەگەل ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبتان بەشداریتان کرد لە گەیاندنی پەیمانی مەزنی ئاسماندا وە ئێزە ، برایان ، سەردەمێکی ناخۆشی ڕابووردوو ژیان تێوە باوك‌و باپیرانتان چەند سەدەیەك لەژێر باری زوڵمو زۆرو دواکەوتنو هەژاریدا ژیانی ، دوژمنەکانتان وایان زانی فرسەتی میژووتیان لە دەست چوەو ناگەڕێتەوە ، بەڵام سەربارەی ئەوەی چەشتان سەلماننان لە ماوەی سەدە تاریکەکانیشەوە ، ئێوە گەلێکی زیندونو ڕۆڵەی نەتەوەیەکی زیندوی نوێ بوونەوەتیو نەوەی ئەو باوك‌و باپیرە مەزنانەن کە لە میژوودا تیشکیان وەك سەرکردە داوەتەوەو بنیاتنەری شارستانیەتاو پەیامبوون .

لەم بۆنەیەدا ، ئاسایە باس لە دەستکەوتانە بکەین کە شۆڕش لە هەمەجۆر مەیدانەکاندا بەدی هێناون ، وە من لێرەدا بە زمانی ژمارەو نەخشە قسەناکەم ، هەرچەندە سوورین لەسەر بەستراوەیی بە زانستو نەخشەوە وەك بەرنامەی بنەڕەتی شۆڕشی ، ئەم ئوسلوبە واز لێ دێنم بۆ هاوڕێکانم لە شارەزایانی هەمەجۆر مەیدانەکاندا .

● کواستنەوەی بنەڕەتو سەرجەم ●

دەستکەوتەی راستەقینەو رەسەن ئەنجامی دیارو قول دەدات لە ژیانی گەلو دوانایدا ، ئێمە ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە ، کە لەگەل مێژووی هاوچەرخیا ژیاین ، گران نیە بە لامانەوە بەراوردی نێوان باری مەعنەوی‌و ماددی بەر لە شۆڕشو باری ئەمڕۆمان بکەین ، لە وتارەکەی ساڵی پاردا لە یادی شۆڕشدا ، کواستنەوەیەکی بنەڕەتو سەرجەمی لە چەرخێکەوە بۆ یەکێکی کە بە خۆیەوە بینی ، لە چەرخی کویلەیەتیو جەوساندنەوەو هەژاریو دواکەوتنەو بێهێزی‌یەوە ، بەرەو چەرخی سەربەستیو عەدالەتو بەختەوەریو پێشکەوتنی‌و هتد ، ئەمە جەوهەری ئەوەیە شۆڕش بەدی هێناوەو شانازی پێوە دەکەین‌و بەهای ئەوەی شۆڕشی بەدی هێناوە ئەمڕۆ لە جوانترین وێنەیدا لەو داستانە مەزنەدا خۆی دەنوێنێ کە دژی دەست درێژی ئێران دروستمان کردوە .

● عیراق سەرکەوت ●

لە ماوەی دە مانگی جەنگی پاڵەوانانەدا دژی دەولەتێکی دەست درێژی کار کە دانیشتوان‌و پانتایی لە عیراق سێ جار زیاترە ، هێزی عەسکەری بەر لە جەنگ لە نوێو بەهێزەکانی سوپای جیهان دادەنرا ، عیراق سەرکەوت ، سەرکەوتنو ئەم جەنگە دەکات بە بێ ئەوەی دەولەتێکی گەورەیان کۆمەڵە دەولەتی پشتی بگرن ، بەلکو زۆر لایەن هەوڵیان دەداو هەوڵ دەدەن تەنگی پێ هەڵچنن‌و هێزی پاڵەپەستۆی لەسەر بکەن‌و بێهێزی بکەن ، لە ڕابوردووشدا ، کە دەولەتە گەورەکان وایان لەگەل هەر دەولەتێکی جیهانی سۆیەمدا بکردایە یان کەمتر لەوەی بە ئێمەی دەکەن یان لەگەل هەندێ وڵاتی عەرەبیدا لە بێهێزکردنی دەستەڵاتیاندا سەردەکەوتنو هانیان دەدان بۆ وازهێنان لە مافەکانیو ڕازی بوون بە چارەسەری سەپێنراو ڕازی‌بونایە یان ڕازی نەبوونایە .

بەڵام ئێزە ، ئێزە مل‌کەچی پاڵەپەستۆ نەبوونو بە تەنگ پێ هەڵچنین کارتان تێ نەکرا . عیراق توانی خۆی ڕێگای بڕێو پێداویستەکانی درێژە کێشانی شەڕ بە دەستەڵاتو توانای خۆی بگرێتە دەست لە ماوەی توانای تایبەتیەوە لەسەر هەڵسو کەوتی پەیوەندی دەولەتانو لە مەوقعی یەکسانیو تواناو سەربەخۆیی تەواوەوە . وە بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێدا دەولەتێ لە دەولەتانی جیهانی سێیەم توانیویەتی شەریکی بەرگری سەرکەوتو بکات کە دریژترین شەری نیزامیە لە نیزان دەولەتاندا بە بێ ئەوەی لە ژێر چادری هیچ پەیمانێکی عەسکەریو دەستەڵایەتی دەولەتی گەورەدا بێو بێ ئەوەی دەستەڵاتو سەربەخۆیی بیەسکرێتەوە یان واز لە بیرو باوەڕو هەڵوێستی خۆی بە قەدەر تاڵە مویەك بهێنێ .

● وەك لە شایدا بن دەجەنگن ●

برایان ، لە ماوەی ئەم دە مانگەدا وەك لە شایدابووایە دەجەنگان ، لەبەر ئەوە نە کە ئێوە حەز بە شەڕ دەکەن ، ئێوە گەلی خۆشەویستیو خێرو ئاشتین ، ئێوەی نەوەی نەتەوەیەکن کە بەهای عەدالەتی بە مرۆڤایەتی بەخشیو چووە بەگژ شەڕو خرابەکاریدا ، بەڵام چونکە هەستتان کرد کە دەست درێژیو شەڕ چاوی بریوەتە ئەرزو خاکتانو ڕیزو شەرەفتان ، هەڕەشە لە خیرو ئافرەتو منداڵو دایکو بەهاتان دەکات ، مەردانە جەنگین ، هەڵویستو مەردایەتیتان لەم جەنگەدا وەك هەڵویستو مەردایەتی باوك‌و باپیرانتان بوو ، کە لە ڕۆژانی پەیامی ئیسلامیدا جەنگین لە جەنگەکانی یرموك‌و قادسیەو حطین .

● لە جەنگا کاری مەردانەتان کرد ●

لە جەنگدا ، کاری مەردانەو چاکتان کرد ، بێهێز نەبوون ، ڕاڕا نەبوون ، لە گەرمەی جەنگدا سەربەرز دەبوونو ئاڵای ئاشتیتیان بەرز دەکردەوە ئەوەتان دەخستە بەر چاوی دوژمن کە خاکەیان بدەنەوە ، ئەگەر باوەڕیان بە مافەکانتان هێناو رازی بوون وەك دراوسێی شەرەفمەندو دەست درێژی نەکەر لەگەلتاندا ژیان . ئایا ئەمە مەزنترین دەستکەوتە نیە کە لە سایەی شۆڕشدا بەدی هاتووە ، دوای چەندان سەدەی دوورو درێژی کپ بوونەوەو ترسو خۆ بەدەستەوەدانو لە باریکی عەرەبی وادا کەم دەستەڵاتی بەرپەچدانەوەو ڕوو بە ڕوو بوونی دەست درێژی تیا هەستەوەو لە کاتێکدا هەندێ ڕژێم بەرەو خۆ بەدەستەوەدانی زایۆنی دوژمن دەچێ یان هەندێکی تریان لە دەریای سەرسوڕماندا گێژ دراون .

● ئازایانە جەنگین ●

پیاوانەو ئازایانە جەنگین ، هەموو تواناتان لە مەیدانی جەنگدا تەرخان کرد ، چاکترین ڕۆڵەی عیراق لە ئەفسەرو سەربازی سوپاو یاساولی سنوورو جەنگاوەرانی سوپای میللیو ئەندازیارو مامۆستاو پزیشك‌و پیشەسازو کاربەدەست‌و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەڵمەتیان برد ، لەگەل ئەوەشدا لەپاڵ دەستکەوتەی گەورەتان لە مەیدای جەنگدا بەردەوام بوون لە بیناکاریو پێشکەوتن ، بەردەوام بوون لە دروستکردنی نەخۆشخانەو پیشەسازگەو کێڵگەو خانووی قوتابخانەو خوێندنگاو زانستیو تەکنیك‌و ڕۆشنبیری ، لە هەموو شوێنێکی عیراقدا ڕاپەرین بەردەوامە کاری مەزنی بەردەوامە ، بەلکو لەگەی جەنگدا زیاتر سەرجەم‌و قوڵ بووەوە .

● نەخشەی دوژمنتان تێك شکاند ●

ئەمە برایان مەزنترین دەستکەوتەیە لەسەر دەمی شۆڕشدا بەدتیان هێناوە ، بەرەو ڕوو بوونەوەی گەورەیە لە ژیانی ئیستاداو بەم دەستکەوتە مەزنە نەخشەی دوژمنایەتی کاری لە بنەڕەت‌و ئەنجامدا تێك شکا .

ئەو دەست درێژی‌یە فارسیەی کرایە سەر عیراق ، ئەنجامی لە خۆبای بوون‌و رەگەزپەرستی‌و شەڕخوازی حوکمڕاکانی ئێراندا بوو ، لە هەمان کاتیشدا پیلانێکی زایۆنی‌و ئیستعمار بووە کە ویستی لە ڕاپەرینی عیراق بدات‌و کوسپ بخاتە ڕێگای دە ساڵەی پێشکەوتنی ، ویستی تیشکی عەقڵو دڵتان لە دەست بەرێ ، هەر وەك ویستی پایەکانی زانستی‌و شارستانیەت‌و تەکنیکی‌و ڕاپەڕینی نوێتان بڕوخێنێ ، بەڵام بە ئازایەتی‌و ئارام‌و تواناتان کە دەستکەوتەکانی شۆڕش بۆی زامن کردن توانیتان بەرووی ئەو ڕوو بەرو بوونەوەیە بوەستن کە زۆر لە گەلانی جیهان لە توانایاندا نەبوەو ڕژیمەکانی تر نیشتمانی عەرەبی توانایان بەسەریانە شکاوە ، لە مەیدانی جەنگدا سەرکەوتن لە مەیدانی بنیاتنان‌و پێشکەوتندا سەرکەوتن ، لەبەر ئەوە برایان زایۆنی دوژمن لە ٧ی حوزەیرانی ڕابوردوا پەلامارە دڕندانەکەی کردە سەر بەغدا بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی .

● بەرووی ڕووبەڕوو بوونەوەکەدا بەتواناوە وەستان ●

ئەگەر بەرووی ئەو ڕوو بەرووبوونەوەیەدا بە تواناوە نەوەستانایە کە فارسی دوژمن لە ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠دا فەرزی کرد بەسەرتاندا کە لە شارەکانی عیراقیداو ئەگەر ئێزە مل‌کەچی دەستەڵاتی دوژمنانەو شەڕانیان ببونایە ، ئەوا زایۆنی دوژمن لە حوزەیراندا پەلامارە نارەواکەی نەدەکرد چونکە لێتان نەدەترسا ، ئەگەر ئێزە لە شەڕە پیرۆزەکەتاندا سەرنەکەوتنایەو نەتانسەلماندایە کە توانای ڕێگا بڕینتان هەیە بەتەنیا خۆتانو دەتوانن هەل لە ژیاندا بەتوانای خودی خۆتان دەست بخەنی ، چەکی نوێ بەلێ هاتووی‌و بە تواناوە بەکار بهێنن ، ئەگەر بکەوتنایەتە ژێر پاڵە پەستۆی زروف‌و دەورو بەرەکانی ئەم لایەن یان ئەو لایەنی دەولەتان زایۆنی دوژمن پیویستی یەوە نەدەبو خۆی لە قەرەتان بدات .

ئەگەر ئێزە هەر خەریکی شەری عەسکەری بوونایەو لە کاروانی بیناکاری‌و پێشکەوتنا بوەستانایە ، فارسی دوژمن بیتوانیایە ئەم کاروانە بوەشێنێ ، ئەوا زایۆنی دوژمن هەستی دەکرد مەبەستی بەدی هاتوەو ناچار نەدەبوو خۆی ڕاستەوخۆ ئەو پەلامارەنارەوایەتان بباتە سەر .

● بە ئیمانو شەرەفەوە هاتنە مەیدانی زۆران بازی ●

بەڵام ئەی عیراقیە سەربەرزەکان ئێزە پێچەوانەتان کرد ، هاتنە مەیدانی زۆرانبازی‌یەوە بە ئیمانو شەرەفەوە ، بە ئازایەتی‌و لێهاتوی چەنگین ، دەستەڵاتی سەربەخۆتان پاراست ، کاروانی ڕاپەڕین‌و بیناکارتیان بەردەوام بوو ، ئاڵای بیرو باوەر لە ئاسماندا بە بەرزی شەکاوە ، دڵتان پڕ لە باوەڕ مایەوە ، عەقڵتان پڕ لە تیشك‌و ڕووناکی . لەبەر ئەوە زایۆنی دوژمن هیچی بۆ نەمایەوە تاوان کردنەکەی نەبێ لە ڕووناکی‌داو لە بەردەم ڕای جیهاندا تێکرا کە بەمە لە هەموو ئوسلوبە کۆنەکانی لای دا ، خۆی خستە ڕوو ، لای ئێمە نە کە ڕاستی دوژمنایەتی کاری‌و رەگەزپەرستی دەزانین ، بەلکو لای هەموو جیهان ، دەرکەوت بۆ ئەوانەی کە ئەم ڕاستیەیان بە تەواوی نەدەزانی‌و ئەوانەی کە دەیانزانی‌و پەردەیان بەسەردا دەدا بۆ شاردنەوەی ئەم دوژمنە ، لەبەر سوودو قازانجی خۆی .

● پاشەکەوتەی گەورەی ئیستاو پاشەڕۆژ ●

برایان ..
ئەوەی لە دەستکەوتەو سەربەرزی‌دا لەم جەنگە مەزنە بەدیتان هێناوە پاشە کەوتەیەکی گەورەی ئیستاو پاشە ڕۆژە بۆ عیراق‌و بۆ نەتەوە .
ڕێکەوتنی زایۆنی دوژمن‌و تاقمی حوکم ڕەوا لە ئێران لەسەر پەلامارەکانی سەر عیراق‌و هەڵپشتنی قین بەرامبەری هەوڵدان بۆ زیان لێدانی ، شەرەفە بۆ ئێمە چونکە بەلگەی ڕاستی کاروانەکەمانەو ڕاستی بۆ چونەکانمان بەرامبەر کێشەکانی نەتەوەو ئەو هەرەشانەی لێدەکرێ‌و ڕوو بەرووی دەبێت ، دیسان دەرسێکی بە ئەهمیەتە شارەزایمان زیاد دەکات‌و لە پێگەیشتویمان زیاد دەکات‌و یارمەتیمان دەدات بۆ ڕوو بەرووبونی ئەو ترسانەی لە پاشە ڕۆژدا ڕووبەرومان دەبێ کە توانا‌و لێهاتویی بەرویا بوەستین .

● مل‌کەچی دەستدرێژی فارسی نابین‌و هەر بە رویا دەجەنگین ●

من شتێکی تازە ناڵێم ، بەڵام ڕاستی‌یەك دووپات دەکەمەوە کە دەڵێم ئێمە مل‌کەچی دەست درێژی فارسی نابین‌و هەر بە رویا دەجەنگین هەر وەك دە مانگی ڕابوردو ئازایانە بە رویا جەنگین‌و بە ئارام‌و بە تواناوە تا تاقمی ناپەسەند لە ئێران دێتەوە هوش خۆیان‌و واز لە قین‌و چاو برسیەتی دەهێنن .
هەروەکو لە سەرتای شەڕدا کردمان ، هەمیشە بە باوەڕو لە ڕووی هێزو تواناوە هەمیشە داوای ئاشتی دەکەین‌و لەگەل تەقەللای ئاشتیبیانەی کۆنگرەی ئیسلامی‌و بزووتنەوەی بێ لایەنی‌و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەیشتنە چارەسەرێکی ڕەواو شەرەفمەندی وا کە مافەکانی عیراق‌و نەتەوەی عەرەبی بگرێتە خۆی‌و لەسەر بناغەی دوورکەوتنەوە لە نیازی دەستدرێژی‌و تەشەنەکردن‌داو لەسەر بنەڕەتی ڕێز گرتنی سەربەرزی‌و شەرەفی هەموو گەلانی ناوچەکە دڵسۆزانە هاوکاریی دەکەین ..

● بۆ دەستدرێژی زایۆنی سەر دانانەوێنین‌و ئەو ڕێگەیەی گرتوومانە بەری نادەین ●

هەروەها ئێمە سەر بۆ دەستدرێژی‌یەکەی زایۆنی دانانەوێنین‌و ئەو ڕێگەیەی گرتوومانە لێی ناگەڕێینەوە ئەگەر چی دەشزانین کە دەستدرێژی‌یەکە بڕیارێکی ڕووتی قەوارەی زایۆنیزم نەبوو بەلکو پیلانێکی گەورە تر لە قەوارەی زایۆنیزم‌و چەند لایەنێکی زانراوی

بڕوانە ل ٤

Institut Kurde de Paris

شێوە لەمەیدانی شەڕدا سەرکەوتن ، هەروەها لەمەیدانی بنیاتنان و پێشکەوتنیشدا سەرکەوتن

دەوڵەتانە ئامادەی کردووە یان بە شێوەیەکی راستەو خۆ یان بە ئیحا یارمەتی داوە .

ئەو دەستدرێژیەی کە قەوارەی زایۆنیزم لە حەوتی حوزەیراندا کردیە سەر مەفاعیلی ئەتومی رێژەی زانستیو تەکنەلوجی لە عیراقدا ناوەستێنێت ، بەڵکو بووە بە پالنەرێکی سەربارو بە هێز تر بۆ ئەوەی ئەم رێژەوە پەرە پێبدەین و پێداویستیی چاکترو پارێزگاریی زۆر ترو کاریگەرتری بۆ بهێنینە دی .. ئەم دەستدرێژیەش سەرەڕای ئەو زیانەی پێی گەیاندین دووپاتی دەکاتەوە کە عیراق لە سەر ئیگەیەکی راست دەڕوات و نموونەیەك بە نەتەوەی عەرەب دەبەخشێت و .. یارمەتی رژێمەکانی دەدات کە بەرنامەیەکی دروست یان بەرنامەیەکی دروست تر دابنێن .. ئەمەش بۆ ئێمەی عەرەب ئاسۆی دوارۆژمان لەبەردەمدا دەکاتەوە و ئەو قسەیەی ئێمە دووپات دەکاتەوە کە دەمان گوت کە مل‌ملانیی‌ی درێژ خایەنی نێوان ئێمەو زایۆنیزم چار نی‌یە دەبێ بە سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەبی دوایی بێت چونکە هەق بە لای ئەوەوەیەو ..

بزووتنەوەی مێژوو بەرەو پێشەوە دەنوێنێ .. لە کاتێکدا کە قەوارەی زایۆنیزم تەنیا دەستدرێژی و تاوان و تیوریی رەگەز پەرستی و تەشەنەکردن دەنوێنێ کە دەمێکە گەلانی ئازاد لێی ڕەت بوون و بە بەشێك لە رابردووی بۆگەنی ئیستیعماری دادەنێن کە هەر دەبێ کۆتایی بێت ، با بەتواناش بێت و هەر چەندەش ئیمپریالیەت هەوڵی درێژ کردنی تەمەنی بدات .

● بڕوا بە نەتەوەوەو رووناکیی دوا رۆژی نەتەوە ●

برایینە ..

ئەی رۆڵەکانی نەتەوەی مەزنی عەرەب ..

نەتەوەکەمان ئەمڕۆ مەیدان خوازی‌یەکی زۆر بە ترسی تووش بووە .. ئێمە ئەمە وەکو قسەیەکی راگوزاری‌و سواو ناکەین .. بەڵکو ئەمە راستەقینەیەکە دەبێ بزانرێ‌و دیار بکرێت‌و لە دوایدا هۆیە راستەکانی کاری نەتەوەیی دیار بکرێن .

ئێمەش برایینە .. هەمیشە بڕوا بە نەتەوەو رووناك بینی‌ی دوا رۆژەکەی دەردەبڕین چونکە ئەمە رێبازێکی رەسەن‌و چەسپاوی بیرکردنەوەو کارمانە ، بەڵام ئەم بڕواو ئەو رووناك بینی‌یە رێگە لەوە ناگرن هۆیەکە سلبی‌یەکان‌و راستەقینە تاڵەکانی ناو باری عەرەبی ببینین .. پێویستە لە سەرمان لە رووی دڵسۆزیی نەتەوەو .. نەوەکانی لەمەو پاشمانەوە راستی بڵێین‌و لە هەڵەو سلبی‌یەکان ووریا بین ئەگەرچی زۆر تاڵیش بن‌و لەدوژمنایەتی‌و ئارەزووی هەراو گێچەڵ نانەوە لە نێوان رژێمەکانی عەرەبدا دەست پێ نەکەین .. بەڵکو لە خەمخواری‌ی بوونی نەتەوەو چارەنووسەکەیەوە دەست پێ بکەین ..

● بۆ بەرگری کردن لە دەسەڵات‌و سەربەرزی‌و مافەکانی عیراق‌و نەتەوە ●

عیراق بە درێژایی دە مانگ .. لە شەڕێکی قورس دایە لە پێناوی بەرگری کردن لە سەر بەرزی‌و دەسەڵاتی خۆیداو .. مافەکانی خۆی‌و مافەکانی نەتەوەی عەرەبیدا .. لەوانەیە هەندێ برای عەرەب بەرامبەر بە سیاسەتی گشتی‌و هەڵوێستمان رایەکی تایبەتیان هەبێت یان لەم بابەت‌و ئەو بابەت لەگەڵ ئێمەدا ناکۆك بن .. ئەمەش حەقی خۆیانە .. چونکە شتێکی سروشتی‌یە بەڵکو پێویستە لە نێوان برایاندا وتووێژو دەمەتەقێ‌و جیاوازیی دەنگ‌و ڕا هەبێت .. بەڵام ئایا هەڵوێستی عەرەبی لەو مەسەلەیەدا لەگەڵ پێوانە نەتەوەیی‌یە بابەتی‌یەکاندا گونجاوە .. وە لەگەڵ مەترسی مەیدان خوازی‌یەکانی بەردەم نەتەوەی عەرەبدا گونجاوە ..

هەموو دەم گوتوومانە کە نەتەوەی عەرەب توشی هەموو جۆرە هەڕەشەو دەستدرێژی‌و جەردەیی دێت .. وە پێویستە هەموو هەرێمەکانی نەتەوەی عەرەب هەروەها هەموو نەتەوە بە یەکەوە رو بە ڕووی ئەو هەڕەشەو دەستدرێژی‌و جەردەیی‌یەی بەهێزو توندوتیژی‌یەوە بووەستن . چونکە ئەو کەسەی کە لە دەستدرێژی‌یەکی بچووکیش بێ دەنگ بێت ، لە هەر لایەکەوە بێت ئەوا لە دەستدرێژی‌ی گەورەتریش لە لایەنانی ترەوەش بێ دەنگ دەبێت‌و مل کەچ دەکات .

● شەڕی بناغەیی عەرەب ●

ئێمە رۆژێك لە رۆژان نەمان گوتووە کە شەر لە دژی نیازی تەشەنە کردنی فارسی کە لە زۆر سەردەمداو بە زۆر شێوە ئێران نوواندوویەتی .. ئێمە نەمان گوتووە کە ئەمە شەڕی بنەڕێی عەرەبە ، چونکە ئێمە ئەوساش‌و ئێستاش دەڵێین کە شەڕ لە دژی زایۆنیزم شەڕی بناغەیی‌و بنە ڕێی عەرەبە ، ئەمە راستەقینەیەکی بابەتی‌ی گەورەیە ، ئەوەی خۆی لێ نەزان بکات یان بایەخەکەی کەم بکاتەوە ، نەوەك هەر خراپە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب‌و مەسەلە ناوەندی‌یەکانی دەکات بە تەنیا بەڵکو خۆی لە مەترسی‌ی بنەڕەتی گێل دەکات ، بەڵام بوونی مەترسی‌ی بنەڕەتی‌یەکی زانراو بەرچاو مانای وانی‌یە کە دەبێ نەتەوە لە هەموو دەستدرێژی‌و مەترسی‌یەك بێ دەنگ بێت کە تووشی دەبێت .. یان هەر جەردەیی‌یەك دەکرێتە سەری .. دەنا ئەوسا شەڕ لەگەڵ دوژمنی زایۆنی‌دا ناوەرۆك‌و پێویستی‌و ئەرکەکانی خۆی لە دەست دەدات .

رژێمەکانی عەرەب بەرامبەر بەو شەڕەی کە عیراق دژی تاقمی حوکمداری ئێران کردی بە چەند شێوەیەك رەفتاریان کرد ، ئەگەر بێتو لە دوارۆژیشدا لە حاڵەتی هاوچەشن‌دا بەردەوام بێت‌و باو پەیدا بکات ئەوسا نەتەوەی عەرەب دەگاتە رۆخی مەرگەسات .. و هیوای بەگژداچوونێکی بە پاستی لەگەڵ دوژمنی سەهیونی‌دا وون دەبێت .

● سوپای ئێمە پشتیوانی بناغەیی‌یە لە شەڕدا دژی دوژمنی زایۆنی ●

هەندێ رژێمی عەرەب شەرمی لەوە نەکرد کە بە ئاشکرا لایەنی تاقمی حوکمداری ئێران بگرێت‌و .. تیری خۆی ئاراستەی سوپای ئازای عیراق بکات کەوا هەمیشە پشتیوانێکی بناغەیی‌یە لە شەڕدا دژی دوژمنی زایۆنی .. جا هەڵوێستی‌و ڕای ئەمانە هەرچونێك بێت بەرامبەر بە رژێمەکەمان‌و بە ئێمە .. ئەم جۆرە هەڵوێستە ، ئێستە هیچی تری پێ ناڵێم ئەوە نەبێ کە هەڵوێستێکی رووخێنەرە ، چونکە حاڵەتی ناکۆکی دەخاتە ناو مەیدانی عەرەبی‌یەوەو سەرەڕای ئەوەش کە رێگە دەدات کە عەرەب بە دەستی بێگانەو بە چەك‌و توونای عەرەبی بە کوشت بچێ ، ئیتر دوژمنی زایۆنی دەتی ئەو حاڵەتەی دەوێ کە بە نێو عەرەبدا بڵاو ببێتەوە ئەوسا یەکە بە یەکە بیان‌کا بە نێچیری خۆی ، یان وایان لێ بکات خۆیان خۆبەخۆ یەکتر داپاچن .. ئیتر قوڕ بە سەر ئەو کەسانە لە دەست ئازاری ویژدان‌و حوکمی مێژووو حوکمی جامەوەران . هەندێك رژێم رەفتاریان وەها بوو ، هەندێکی تریش وای پیشان دەدا کە ئەم شەڕە ئەو ناگرێتەوەو لە پیشاندانی بێ لایەنی خۆی‌و لە خۆ رزگار کردن لە لەبەرپرسیاریی‌ی شەڕەکەدا هەڵپەی دەکرد .. ئێمە هەر وەکو گوتمان هەڵوێستێك یان ڕایەکی تایبەتی بەسەر هەچ کەس لە براکانماندا ناسەپێنین .. بەڵام ئایا دەشێ لە شەڕێکدا کە گەلێك لە نەتەوە .. سوپایەکی گەورە لە سوپاکانی نەتەوە .. بە درێژایی دە مانگی تەواو بەرەنگاری بووبێت یەکێك بێ لایەن‌و دوور لە بەرپرسیاری بووەستێت .. ئایا ئەم جۆرە هەڵوێستە لەگەڵ کەمترین ڕادەی خۆ بەستنەوە بە ڕایەڵی نەتەوەیی‌و بیروباوەڕەکانی پشتیگیریی کردنی عەرەبی .. یان با بڵێین پشتگیریی لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوایی‌دا دەگونجێت ؟

● بڕیارماندا پشت بە خۆمان ببەستین ●

هەندێ برا وا دەزانێ کە ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە گیروگرفتی دوور دەکاتەوە .. بەڵام ئێمە راستگۆیانە دەڵێین‌و هیچ بە تەمای یارمەتی ئەوانیش نین ، سوێند بە خوا دەخۆین کاتێك کە رێگای چوونە ناو شەڕمان هەڵبژارد بڕیارماندا لە هەموو شتێك‌دا پشت بە خۆمان ببەستین‌و دەست بۆ هیچ برایەك یان دۆستێك درێژ نەکەین .. ئێمە بۆیە ئەو قسانە دەکەین چونکە ئەوەی لە نێوان عیراق‌و ئیران رووی‌دا دوور نی‌یە لە نێوان زۆر هەرێمی تری عەرەب‌و لایەنانی بێگانەدا روو بدات .. چونکە نیشتمانی عەرەبی گەورەیەو لە ناویداو لەسەر سنوورەکانی گیروگرفتێکی زۆر هەیەو .. بەرەی تەماعکارانیش زۆرن ، کە تەماع لە هەژارو لە دەوڵەمەندو لە بچووك‌و لە گەورە دەکەن وەکو یەك .. یەکە پشتیوانی لە دەم دانەوەی تەماعکاران‌و هێنانە دیی ئاسایش‌و دڵنیایی لە هەر بەشێك لە بەشەکانی نەتەوەدا .. بەوە نابێت بچیتە ریزی ئەم لایەن یان ئەو لایەنی دەستدرێژکەر .. هەروەها بە وەستانی بێ‌لایەنیش نابێت لە بەرامبەر ئەو مەیدان خوازیبانەی روو لەم هەرێم‌و ئەو هەرێم دەکەن .. بەڵکو بە هەڵگرتنی بەرپرسیاری‌و وەستانی هەڵوێستی نەتەوەیی راست دەبێت .. چونکە ئەو ئەرك‌و ئەزیەتەی لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستە نەتەوەیانەدا پەیدا بێن مایەی قازانجی دروست‌و حەڵاڵن .. بۆ ئێستاو بۆ دوارۆژ .

● نیگای بەڕاستی ●

ئەگەر بەڕاستی‌و لە رووی بەرپرسیاری‌یەوە بڕوانینە کاروبار .. ئایا زایۆنی دوژمن زاتی ئەوەی دەکرد کە لە حەوتی حوزەیراندا دەست درێژ بکاتە سەر عیراق ئەگەر هەڵوێستی عەرەبی پتەوو بەهێز بووایە .. هەروەها زاتی ئەوەی دەکرد لە دەست درێژکردنە سەر گەلی فەلەستین‌و سەر لوبنان بەردەوام بێت .. ئایا فارسی دوژمنیش لە لووت بەرزی‌و کەللە رەقی‌و گەوجی‌و پێ شێل کردنی هاوسێ‌یەتیی راست لەگەڵ عیراق‌و عەرەبدا بەردەوام دەبوو ، ئەگەر هاتوو هەبێ .

● پێشخستنی هێڵی باڵای بەغداد ●

پەیوەست بوون بە جمکەکانی نەتەوایەتی‌و گۆڕینی هێڵی باڵای بەغداد چارەسەری‌یەکی بەکارە کەوا لە نەتەوە دەکات بەرەو ڕووی دەستدرێژی‌و مەترسی راوەستێ .

رۆژی ٨ی شباطی ١٩٨٠ بەرنامەی خۆمان بە برایانی عەرەب دا کەوا ناوی ئیعلانی قەومی لێنرا .

ئەویش بەرنامەیەکە کەوا پەیوەندی لە نێوان رەفتاری پەیوەندی نەتەوەی عەرەبە کە لەگەڵ دراوسێ‌یەکانیدا رێکدەخات لەسەر بنەڕەتی دەست تێوەرنەدان‌و رێزی بەرامبەر لە ئاست سەربەخۆیی‌و وڵاتەکانی عەرەبدا لەسەر بنەڕەتی پەیوەندیداری‌و شەرفمەندیتی‌داو هەروەها داوای رێکخستنی پەیوەندی نەتەوەی عەرەب دەکات لەگەڵ جیهانداو لەسەر بنەڕەتی سەربەخۆیی تەواوی خواستی عەرەبی سەربەست‌و بەکار .. ئێمە پەنا بو هیچ شێوازێك لە شێوازەکان نابەین ئەوە نەبێ کەوا لە ناوەڕۆکدا پەیوەندی پێوە هەیە ، بۆ نیشاندانی ئەم بەرنامەیە زۆریش لە برایانمان ناکەین چونکە ئەو بنەڕەتەی سەری لێوە هەڵداوە وەدیهێنانی قازانجی خۆیی نیە بۆ ئێمە .. یاخود بۆ وڵاتەکەمان . بگرە ناوەڕۆکی قازانجی نەتەوەی عەرەبە ..

ئێمە ئیسانێکی تەواو دەهێنین بە پێویستی بوونی ئەم بەرنامەیە شان بەشانی هێڵی سیاسی باڵای بەغدادو ئێمە برایانی عەرەب بانگ دەکەین بۆ لێکۆڵینەوەیی‌و دەمەتەقێ لەسەری‌و دەستنیشانکردنی هەڵوێستی راست تیایداو هیوامان وایە کە بۆ ئەمەش لە کۆنگرەکانی باڵای داهاتووی عەرەبدا رێگەی تەواوی بدرێ .

● سیاسەتی نەوت ●

برایان ..

لێرەدا مەسەلەیەکی تر هەیە دەمەوێ بە گیانی برایەتی‌و لێپرسراوەیەتی بیڵێم کە ئەویش مەسەلەی سیاسەتی نەوتە .

نەوت بەخششی خوایە بۆ نەتەوەی عەرەب بۆ ئەوەی دوای چەند سەدەیەکی دوورودرێژی هەژاری‌و دواکەوتویی‌و چەوساندنەوە بەکاری بهێنێ بۆ بەرزکردنەوەی پلەی گوزەران‌و دۆخە ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و دروستکردنی هێزی خۆی‌یەکەی . کەوای لێ بکات بەرەو رووی هەموو دەستدرێژی‌و پیلانێ راوەستێ کە وا لە هەموو لایەکەوە دەوریات لێداوە .

هەریەکە لە ئێمە تەقەللای خۆی لە چوونیەتی بەکارهێنانی ئەم سامانەدا لە پلەی قوتری‌و لەپلەی دەوڵەتاندا دەبێ .

بەڵام ئێمە دەبینین کەوا بنەڕەتی نەتەوەیی گشتی ڕا بهێنرێ کەوا هەمووان لەم بوارەدا پەیوەندداری بن بە جۆرێك کە رەفتارێك لە هەر دەوڵەتێکی عەرەبەوە کە دەبێ زیان بە قازانجە بنەڕەتی‌یەکانی براکانی عەرەب نەبەخشێ‌و نەبێتە هۆی لاوازی هەڵوێستی نەتەوەیی گشتی .

● بەرهەمی بنەڕەتی ●

ئەو بەرهەمەی کەوا وڵاتانی عەرەبی نەوت دەرهێنەر هەیانە تا ئێستا ئەو بەرهەمە بنەڕەتە بۆ پڕکردنەوەی پیویستی‌یە ناوەڕۆکی‌یەکانی‌و دابین کردنی خواستەکانی نەخشەکانی پەرەپێدان تیایدا .. لەم وڵاتانەش تا ئێستا کەلەکەبوونێکی ئەوتۆ نەبووە . کەوا ئەم خواستانە بێ پشت بەستن - تا رادەیەکی زۆر - بە بەرهەمی نەوت وەدەستی بخەن .

سەرباری ئەمانەش وەك بایەخدارترین کار بۆ توانای عەرەب کە کار بکاتە سەر دۆخی دەوڵەتان وەك پەڕەیەکی بەکار بۆ بەرەنگاری پیلانەکانی زایۆنی‌و تەقەللادانی لایەنە دەوڵەتی‌یەکان بە نیازی لاوازکردنی نەتەوەی عەرەب‌و نەهێشتنی مافە بنەڕەتی‌یەکانی تا ئێستاش خاوەندارێتی نەوتە .

خەبات لە رێی فەلەستین‌دا توانایەکی گەورە دەخوازێ ئەو خەباتەی کەوا نەتەوەی عەرەب لەرێی فەلەستین‌دا دەیکات توانایەکی گەورەی دەوێ .. هەرچۆنێك بێت ئەو توانایەی کەوا لە دەستماندایە ناکەوێ‌و بێ ئەویش توانای نەتەوەی عەرەب لەم قۆناغەدا کەم دەبێتەوە ناتوانێ کە باش بەرەنگاری نەخشەکانی زایۆنی‌و ئیمپریالی‌و چارەسەرە خۆبەدەستەوە دەرە ناپەسندەکانیان بێتەوە کە زۆر لایەنی دەوڵەتان دەیانەوێ بەسەر نەتەوەی عەرەبی‌دا بسەپێنن .

● بەرهەمهێنانی راست ●

ئەمەش داوامان لێدەکات کەوا بەرهەمهێنانی توانا کانی نەوتمان راست بەرهەم بهێنن هەر وەك چۆن خزمەتی مەسەلەی نەتەوەیمان دەکات خزمەتی پەرەپێدانی نیشتمانی لە وڵاتەکانماندا بکات .

ئەمەش بەهیچ رەنگی لەم رووەوە ئەوە ناگەیەنێ کە گرتنی رێی سیاسەتی رووتانەوەی ئەودەوڵەتانەیە کە ئەم نەوتە بەکار دەهێنن عیراق یەکەمین دەوڵەتە لەوانە کە وریایی بەرهەمهێنانی ئەم سامانەو بوونی ئارامی ئاڵوێری دەوڵەتان لەبەرهەمهێنانی نەوتداو ناردنە بازاڕەوەی‌یەوە بە شێوەیەکی چاك کردووە ئەمەش بۆ ئەوەی کە نەتەوەی عەرەب مەبەستەکانی لە چوارچێوەی قازانجی ئاڵوگۆڕو پەیوەندی رەواو لیهاتووی دەوڵەتاندا وەدی بهێنێ .. ئەمەش بە هیچ جۆرێ ئەوە ناگەیەنێ کە ئەمسامانە بدرێ بە دەوڵەتە پیشەسازی‌یەکان بە خۆڕایی یاخود بە نرخی کەمتر ئەگەر ئەو دەوڵەتانە وا چاوەڕوان بکەن .. ئێمە رەخنەی برایانە دەگرین .. بەڵام رەخنەی تەواو دووبارە لە هەندێ برای عەرەب ئەوانەی کە سیاسەتیان لە بەرهەمهێنان‌و ناردنە بازاڕی نەوت‌دا دەگرین کەوا دەبێتە هۆی زۆربوونی نەوت لەبازاڕی نەوتدا .

ئێمە ناتوانین - بە هیچ جۆرێ - بەڵگەی قایل‌کار بدۆزینەوە بۆ بوونی ئەم سیاسەتەو مەبەستەکانی چونکە زیان گەیاندنی بە وڵاتەکانی عەرەب کەوا نەوت بەرهەم دەهێنن وڵاتانی تر زۆر ئاشکرایە .

.. هەروەها زیادەی نەوتیش لە بازاڕی دەوڵەتاندا تا ماوەیەکی زۆر کاریگەری‌یەی کەوا تەنیا بۆ بەرگری‌کردن نەبێ لە ماف‌و قازانجمان دژی دەستدرێژی‌و بەرفراوبوون‌و بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکانمان لەپێشکەوتن‌و بنیاتناندایە هیچی تر نیە .

هەندێ دەوڵەتی نەوت بەرهەمهێنەر ئەگەر دارایی زیادەی هەیە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموومان ئەو زیادەیەمان هەیە .. هەروەها ئێمە هیچ حیکمەتێك تەنانەت لەو بەرهەمهێنانەدا نابینین کەوا دەبێتە زیادەی بەرهەمهێنانی پەترۆل لەبازاڕی نەوتدا .

● داوای رێکخستنەوەی بەرهەمهێنان دەکەین ●

ئێمە داوای رێکخستنەوەی بەرهەمهێنان دەکەین بە شێوەیەکی راست کەوا زیادەی نەوت لە بازاڕی دەوڵەتاندا کۆتایی پێدەهێنێ‌و لە پێشکەش کردن‌و خواستدا لەم بازاڕەدا سەنگی بۆ پەیدادەکاتەوە ، جا

بڕوانە ل ٥

Institut kurde de paris

بەگەش بینی و باوەڕێکی قووڵ بە دواڕۆژ پێ دەنێینە ساڵێکی نوێی ڕێبەرەوی شۆڕشەکەمانەوە

ئەگەر لەوێدا جیاوازیەك لەسەر لایەك هەبوو ئەم جیاوازیە دەبێ بە ڕێککەوتن و هاریکاری هاوکێیی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ئوپیکدا چارەسەر بکرێ نەك بە تەنیا لەسیاسەتی تایبەتیدا کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕێکخراوەکەو بەرپاکردنی جیابوونەوە لە ریزەکانیدا . ئەگەر یەکێك هەبوو وتی کەوا زیادە لە نرخدا ڕاستنیە .. دووبارە ئەوەش ڕاست نیە کەوا لەونرخەی کە هەیە پەشیمان بێتەوە .

یەکێك لە ئێمە وای دابنایە کە دەستدرێژکردنە سەر هەر بەشێکی عەرەبی مانای دەستدرێژکردنە سەر ئەوەو بە پێی پێویست لەگەل ئەم بۆچوونەدا ڕەفتاری بکردایە .

● هەڵویستیان هەق پەروەری بوو ●

سوپاس بۆ خوا برایینە کە هەندێ برا لە مەسەلەکە گەیشتن و هەڵوێستێکی نەتەوەیی جوامیرانە وەستان و هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆیانیان نەشاردەوەو بەشێوەیەکی ڕاشکاوو ڕاگەیەنراو ڕاوەستانی خۆیان شانبەشانی عیراق ڕاگەیاند بەمەیش لایەنی بیروباوەڕی ڕاستەقینەیان گرت لەپەیوەندیە نەتەوەیی یەکاندا .

ڕاوەستانی مافپەروەری ڕاوەستان و .. ڕاوەستانی سەربەرزی و .. ئاواتیان بەعەرەبایەتی ڕزگارکردو لەهەموو ئەو واتایانەی کە دابین کەری بنەڕەتی دژ بە مەترسی و هەڕەشەکان پێك دەهێنێت لەناخەوە سلاو لە برای عەرەبمان خاوەند شکۆ مەلیك حسین و لە گەلی عەرەبی برا لە ئەردەن و .. لە بەرێز سەرۆك علی عبدالله صالح و لە گەلی عەرەبی برا لە یەمەن و سلاوی شانازی بۆ هەموو برا عەرەبەکانی تر لە ئەوانەی هەڵوێستی خۆیان لە هاریکاری کردن لەگەل عیراقدا نەشاردەوەو .. سلاو لەو برا عەرەبانەی هەندێك پشتگیری ڕانەگەیانراویان پێشکەش کردین ئەگەر چی لەوەی پێویستە کەمترەو .. سلاو بۆ خاوەندی پێنووسە بەشەرەفەکان کە بەرگری یان لە مەسەلەی عەرەبایەتی کرد کاتێك بەرگری یان لەمەسەلەی عیراق کردو .. سلاو بۆ تێکۆشەرانی عەرەب ئەوانەی لەم جەنگەدا پشتگیری یان کردین و .. لەگەلی عیراقەوە سوپاسیان لێبێت .. سوپاسیان لێبێت لە ئەتەوەکەیانەوە کە زانییان چۆن لایەنی دەگرن لایەنگرتنێکی لێپرسراوانەو لایەنگرتنێکی مافو شەرەفمەندانە .

● دیاری کردنی هەڵەو ڕاست ●

بەڵام خاوەندانی هەڵوێستەکانی دیکە .. ئەوا ئێمە هیچیان دەربارە ناڵێین چونکە توانای دەستنیشان کردن و دیاری کردنی لێپرسراوێتیمان نی یەو .. ووتنی قسەی هەق ئەوا ئێمە بەمە لەلایان ناسراوین بەر لە هەموو کەسێکی دی و لەلایەن گەلمان و جەماوەری نەتەوەمانەوە ناسراوین .. بەڵکو ئەم شتە بۆ جەماوەری نەتەوەی عەرەب و مێژوو بەجێدێڵین تاکو هەڵەکەرو ڕاستگۆ دیاری بکات و .. لەخوا ئاواتەخوازین کە هەموومان بخاتە سەر ڕێگای ڕاست لەپێناوی نەتەوەکەماندا و لەبەردەمیدا ڕێگای سەربەرزی و بەهێزی و پتەوی و پەرەسەندنی ڕاستەقینە بکاتەوە .

● داواکراو ئەوەیە ڕاوەستانێکی لێپرسراو هەبێت ●

ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبی نەبەرد ..

ئەو مەترسی یانەی ڕوو بەڕووی نەتەوەی عەرەب دەبنەوە پێویست بە ڕاوەستانێکی لێپرسراوی ئەوتۆ دەکات کە لە ڕق و کینە بەری و بەرژەوەندی یە بچووکەکانەوە بەدوور بێت .

ڕاستی دووپات کراوە ئەوەیە ئێستا کە دەستدرێژی زایۆنی پتر ترسناك دەبێت و .. تەماحەکانی تر لە نیشتمانی عەرەبدا فراوان تردەبن و هەوڵدانەکانی دەست نێوە ڕەدان لەکاروباری عەرەبی بگرە لەلایەنی هێزە بێگانە بچووك و ناوەندی یەکانەوە پتر زۆرانبازی هێزە گەورەکان لەسەر دەستەڵات و بەرژەوەندی لەم ناوچەیەدا گەیشتووەتە پلەیەکی زۆر ترسناك و .. لەسەرمانە - هەرگیز - ئەو نەخشە و قسەیانە پشتگوێ نەخەین کە وایان لێهاتووە بەڕاشکاوی سەبارەت بەداگیرکردنی چەند بەشێکی نیشتمانی عەرەب دەدوێن .

هەر لەبەنجاکانەوەو لەشکستی دەستدرێژی سێ قۆلی بۆ سەر میسر ساڵی ١٩٥٦و پاکژدانی بنکەکانی بێگانەو پەیمانی بەغدا هێزە ئیمپریالیزمەکان لایەپەڕی هەڕەشەکردنی سوپایی ڕاستەوخۆیان دادایەوە .. بەڵام ئێستا ئەمریکا بەئاشکرا سەبارەت بە دامەزراندنی هێزی خێرا بلاو بووەوە دەدوێت بۆ دەست بەسەردا گرتنی چەند بەشێکی نیشتمانی عەرەب بەبیانووی پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی تێیاندا .. هەروەها سەر لەنوێ نەخشەکانی دامەزراندنی بنکەو دەستگیر بوونی ڕێ ئاسان کەری سوپایی بەبیر هێناوەتەوە .

ئایا دەبێت دەستەوسان ڕابوەستین بەرانبەر بەم هەڕەشە مەترسی دارانەو .. ئایا بۆ بەرەنگاربوونەوەیان تەنیا دووان و قسە بەهەوادادان لەلایەن لێپرسراوە عەرەبەکانەوە کە ئەوان شێوازی بنکە ڕەت دەکەنەوە .. ئێمە باوەڕ ناکەین کە یەکێك قایل بێت و خۆی هەڵی بژێرێت کە بنکە بۆ بێگانە لەسەر خاکەکەی خۆی دابنێت ئەگەر بەشێوەیەکی تەواوو بەهۆشیاری یەکی ئەوتۆ خواستی خۆی بەدەستی خۆی بێت .. بەڵام کە کاروبار بەبێ ڕووبەڕووبوونی نەتەوەیی لێپرسراوو ڕاستەقینە بەڕێوەبچێت ئەوا لێرە پاشگەز بوونە دەبینین و لەوێ ڕێ ئاسان کردن تا دەگاتە ڕادەی لەسنوور دەرچوون .

● کۆنگرەی بەرزی بەغدا هەنگاوێکی مێژوویانەی هاریکاری عەرەبە ●

کۆنگرەی بەرزی بەغدا هەنگاوێکی مێژوویانە بوو بۆ هاریکاری یەکی ڕاستەقینەی عەرەبی دژ لەڕێلادان لەهێڵی ڕاستی عەرەب و .. ئەوە بوو ئەو کۆنگرەیە چەند هێڵێکی ئاشکرا لە سیاسەتی عەرەب بەرانبەر بەنەخشەکانی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و بەرانبەر بەپیلانەکانی کامپ دێفید بەشێوەیەکی تایبەتی دیاری کرد .. ئێستا پێویست بەوەیە دەست بەهێڵی ئەو سیاسەتەوە بگیرێت کە کۆنگرەی بەغدا دیاری کردو .. ئەوهێڵە پەرەی پێبدرێت و .. هەڵوێستی عەرەب وای لێبکرێت بکرێتە بارێکی پتەوو بەهێز لەکۆمەڵی نێو دەوڵەتی داو لە بەرەنگاربوونەوەی نەخشەو سیاسەتە دوژمنکاری و زیانبەخشەکان بەنەتەوەی عەرەب .. ئێمە نامانەوێت بڵێین کە پاشگەزبوونەوەیەکی ئاشکراو ڕاگەیەنراو هەیە لە هێڵی کۆنگرەی بەغدا بەڵام بارو دۆخ بەشێوەیەك دەڕوات کە کەمە دەبێتە هۆی لێك بوونەوەی بارودۆخی عەرەب و .. ئێمە ئامۆژگاری ئەوە دەکەین بەرەو تەکەتولی ناوچەگەری و ئەوانەی مۆرکێکی سیاسی و تەکتیکی دابەشکەرانەیان هەیە ڕاناکشێین .. چونکە تاقی کردنەوە ئەوەی چەسپاندووە هەر کۆمەڵێك لە وولاتە عەرەبەکان بەتەنیا ناتوانێت بەرەنگاری مەترسی یەکان ببێتەوە چی ئەگەر هەڕەشەی ناوچەگەری سنووردار بێت یان هەڕەشەی نەتەوەیی سەرتاپاگیر ببێت .

● بەرژەوەندی یە ڕەواکانی وولاتانی جیهانی سێهەم ●

پێویستە سیاسەتی نەوتیمان بەرژەوەندی یە ڕەواکانی وولاتە پەرەسەندووەکانی جیهانی سێهەم ڕەچاو بگرێت کە بەهۆی ئاوسانەوە زیانیان لێدەکەوێت .. هەمیشە ڕاستی یەکی ئاشکرامان دووپات کردووە ئەوە کە ئاوسان لە جیهاندا تەنیا بەهۆی زیادبوونی نرخی نی یەو بەس .

هێزە ئیمپریالیزم و دەوڵەتە پیشەسازی یەکان پروپاگەندە بۆ ئەم قسەیەیان دەکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی ی نێوان وولاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و دەوڵەتانی جیهانی سێهەم لێل بکەن .. کە هەموویان بە چاوپۆشین لە جیاوازی ی درامەتەکانیان کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی ی وەك یەك لە باردۆخی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی یان دا پێك دەهێنن .

● دەوڵەتە پیشەسازەکان لێپرسراوی ناردنە دەرەوەی هۆی ئاوسانن ●

دەوڵەتە پیشەسازەکان لەپلەی یەکەمدا لێپرسراوی ناردنە دەرەوەی هۆی ئاوسانن بۆ دەوڵەتانی جیهانی سێهەم .. نەك وولاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەبەر ئەوە ئێمە لەچەند بۆنەیەکدا - بەتایبەتی لە کۆنگرەی بزووتنەوەی بێلایەن لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٩دا لە هاڤانا - ئەوەمان خستە پێش چاو کە پێویستە سندوقێکی جیهانی پێك بهێنرێت و بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ بۆ یارمەتی دانی وولاتە پەرەئەستێنەکان دژ بە شوێنەوارەکانی ئاوسان لەسەر بنەڕەتی ئەوە دامەزرابێت کە دەوڵەتە پیشەسازە پێشکەوتووەکان بەشداری لەم سندووقەدا بکەن بەڕادەی ئاوسانی ساڵانە کە بۆ وولاتانی پەرەئەستێنی دەنێرن هەروەها وولاتە پەرەئەستێنە نەوت نێرەوە دەرەوەکان بەشداری ی تێدا بکەن .

ئێمە هێشتاکە لەو باوەڕەداین ئەمە ئەو شێوازە ڕاستەیە بۆ چارەسەرکردنی شوێنەوارەکانی ئاوسان .. هەروەها ئێمە جارێکی تر داوا لە وولاتە عەرەبی یە پەیوەندداره کان دەکەین کە چاو بە سیاسەتەکانیاندا بگێڕنەوەو واز لەو سیاسەتانە بێنن کە زیان بە ئێمەو بە هەموو دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان دەگەیەنێت و هەڵوێستی نەتەوەیی بێهێز دەکات .

● سەربەخۆیی تەواوەتی ●

برایان .. عیراق پەیوەندی یەکانی لەگەل دەوڵەتانی جیهاندا لەسەر بناغەی سەربەخۆیی تەواوەتی و خواستی ئازادو بەرژەوەندی ی هاوبەش دامەزراندووە ... ئەم پەیڕەوە پەیڕەوێکی ئاسان نەبوو .. بەڵکوو ئێمە ئەوسا و ئێستایش بەگران لەسەرمان نیشتووەو .. تووشی چەندین کۆسپ هاتووین .. بەڵام سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنی دیارەلن وەدەست هێناوەو لەگەل دژواری و قوربانی دان و لەگەل باردۆخی ئاڵۆزاوی نێو دەوڵەتان داو پەرەسەندنی پاڵەپەستۆو کارتێکردن و بەرژەوەندی یەکانی بێگانەدا .. توانیومانە ئەوە بچەسپێنین کە سەربەخۆیی لەتواناداهەیەو .. لە ئەنجامیشدا پرۆگرامێکی سەرکەوتووە لە لایەنی پراکتیکەوە سەرەڕای ئەوەی کە پرۆگرامێکی ڕاستەقینەیە لەلایەنی بیروباوەڕەوە .

ئێمە پەرەمان بەم سیاسەتە داوە لە ڕۆژگاری ئاشتی دا .. هەروەها لەکاتی جەنگیشدا .. باردۆخی جەنگ - لەگەل دژواری و پێداویستی یە زۆرەکانیدا - ئەم پەیڕەوەی نەگۆڕاوە .. بەڵکوو پتەوتر و ڕەسەنتر و قووڵتر بووە .

● تێکۆشانی بە پتەوی و بەهێزی لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی دا ●

بەڵام ئێمە هەرگیز بە هەڵەدا ناچین کە هێزە گەورە نێو دەوڵەتی یەکان بەڕاستی و بە چەشنێکی هەمیشەیی و تەواوەتی ڕێزی سەربەخۆیی گەلان و خواستی ئازادیان بکرن .

لەبەر ئەوە ئەو گەلانەی بەتەنگی سەربەخۆیی خۆیانەوەن دەبێت کار بکەن و بە پتەوی و بە هێزی تێبکۆشن بۆ پاراستنی ئەم سەربەخۆیی یە .. ئەمەیشە خوا یاربێت ئێمە بەو نیازەوەین ئەنجامی بدەین .

بەم بۆنەیشەوە دەمەوێت لێرەدا پەنجە بۆ ئەو هەوڵانە ڕابکێشم کە هەندێك جار سەر هەڵدەدەن و کە خاوەندەکانیان وای بۆ دەچن لە توانایاندایە بەهۆیەوە بە هەر چەشنێك بێت کارمان تێبکەن .. بێیان دەڵێم ئێمە ئەو لایەنە نین کە سەر بۆ پاڵەپەستۆ یان شتی هەڵخەڵەتێنەر شۆڕ بکەین و ئەو سەرکردایەتی یە نین لە ڕەنگێکەوە باز بداتە ڕەنگێکی ترو لە سیاسەتێکەوە بچێتە سەر سیاسەتێکی تر لەژێر پاڵەپەستۆی کاتی دا .. هەروەها ئێمە پەیوەندی بە دەوڵەتی یەکانمان لە سەربناغەی بیروباوەڕو بەرژەوەندی پێوانە دەکەین .. هەرکەسێك بە دۆستایەتی مامەڵەمان لەگەل دا بکات بە دۆستایەتی مامەڵەی لەگەل دەکەین و هەر کەسەیش لە پەیوەندی یەکانی لەگەلمان دا بە پارێز بێت . ئەوا ئێمەیش لە پەیوەندی یەکانمان لەگەلیاندا بەپارێز دەبین و هەرکەسەیش بەرژەوەندی یەکی ڕەوامان لێ دەشارێتەوە بەرژەوەندی یەکی لێدەشارینەوە هەروەهایش هەرکەسە دوژمنایەتیمان لەگەل بکات .. دوژمنایەتی ی لەگەل دەکەین .. هیچ کەسێك لەهەموو ئەم جیهانەدا بەهەڵەدا نەچێت کە لە توانایدایە زیانمان پێ بگەیەنێت بەبێ ئەوەی خۆی کەمە زیانێکی پێ نەگات .

● سیاسەتی کورتبین ●

هەروەها بەوکەسانە دەڵێم کەوا دەزانن لەتوانایاندایە چەندین سیاسەت بەرانبەر بە نیشتمانی عەرەب جێبەجێ بکەن و لەسەر پاپازی ناکۆکی و شتە دژەکانی عەرەبی یاری بکەن .. پێیان دەڵێم بەهەڵەدا چوون .. چونکە ئەمە سیاسەتێکی کورت بینە چەند بارودۆخێکی کاتی ڕەچاو دەکات و هەوڵی چەند بەرژەوەندییەکی کاتی دەدەن و .. ئەو کەسەی لەسەر ئەم جۆرە سیاسەتە دەڕوات لە ئەنجامدا خۆی دەبینێت کە بڕواپێ بوونی هەمووی دۆڕاندووە .

ئەتەوەی عەرەب ناکۆکی ی تێدایە .. دژایەتی ی تێدایە .. بەڵام لەگەل ئەوەیشدا خواستی بەهێز تێیدا خواستی سەربەخۆیی و یەکبوونی چارەنووس و .. یەکبوونی ڕووتێکردنی گشتی وەك یەك نەتەوەو مامەڵە کردنی ڕاستەقینەو شکۆمەندی و هاوسانی یە لەگەل دەوڵەتانی جیهاندا .. ئەگەر هەر دەوڵەتێکیش لە دەوڵەتانی جیهان مایەی بڕوا پێبوونی لەمامەڵە کردنیدا لەگەل عەرەبدا لەدەستدا ئەوا لەوە جگەلەنا ئومێدی و زیان بەوڵاوە هیچی تری چنگ ناکەوێت .

● بەرژەوەندی ی باڵای عەرەب ●

بەرژەوەندی ی باڵای عەرەب ، ئەی برا عەرەبەکان ، ئەگەرچی ڕژێمەکانمان جیاوازەو پەیوەندی یە نێو دەوڵەتی یەکانمان جیاوازە ، وای لێمان دەوێت ئەم پەیوەندی یانە بەچەشنێك ڕێك بخەین کە خزمەتی بەرژەوەندی ی باڵای عەرەب بکات و لەهەمان کاتدا .. خزمەتی بەرژەوەندی یە ڕەواکانی هەر وولاتێك لە وولاتەکانی بکات . ڕووتێکردنی هەر وولاتێکی عەرەب بۆ دامەزراندنی پەیوەندی ی نا هاوسەنگ و لەسەر حسێبی بەرژەوەندی یەکانی براکانی خۆی لەگەل هەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی جیهاندا .. ئەوە پەیڕەوێکی هەڵەیە .. لەلایەنی گەلی ئەو وولاتەوە پشتگیری ی لێناکرێت و .. لە لایەن نەتەوەی عەرەبیشەوە دەبێت خاوەندەکانی ئەمڕۆ بێت ئەگەر سبەینێ بێت نرخەکەی ببژێرن .

● بەدڵسۆزی و لێپرسراویەتەوە تێدەکۆشین ●

لەسەرمانە بە دڵسۆزی و لێپرسراوی یەوە تێبکۆشین بۆ سەرکوت کردنی هەر هەوڵدانێك نیازی دابەش کردنی نیشتمانی عەرەبی هەبێت بەسەر چەند کۆمەڵێك دا دەوڵەتەکانی بێگانە هەریەکەو بەجیا مامەڵەیان لەگەل دا بکەن .. ئەمە کارێکە کەس سوودی لێنابینێت لە ئەنجامدا .. زایۆنی نەبێت کە لە پشتی ئەم سیاسەتانەوە ڕاوەستاوەو ئیووری یان بۆ دادەنێت و پروپاگەندە بۆ زانیاری لەڕێلادەرانە دەکات بۆ سیاسەتزانەکان لەجیهانداو بەتایبەتی ڕۆژئاوایی یەکانیان بۆ ئەوەی لەسەر ئەم پەیڕەوە بڕۆن .. کە زیان بە نەتەوەی عەرەب دەگەیەنێت و .. زیان بە بەرژەوەندی یە ڕەواکانی وولاتەکانی خۆیان دەگەیەنێت .

لەسەرمانە بە هەموو دەوڵەتێکی بێگانە بڵێین کە زیان بە هەر وولاتێکی عەرەب دەگەیەنێت ئێوە زیان بە ئێمەیش دەگەیەنن .. برایان بەم شێوازە هەڵوێستێکی نێو دەوڵەتی دابین دەکەین بەڕێز لێنان و چەسپاری مامەڵە لەگەل نەتەوەی عەرەبدا بکات و بەرژەوەندی یە بنەڕەتی یە ڕەواکانی بەدی دەهێنێت لەچوارچێوەی

بڕوانە ل ٨

Institut Kurde de Paris

گۆتەو «دیوان» و عەشق

رۆژهەڵات

نزیکەی سەدەو نیوێك لەمەوبەر ، لە رۆژی نەورۆزدا بوو ، کە «حافزی ئەوروپا »-١- ، پاش نزیکەی سەدەیەك تەمەن بۆ یەکجاری چاوی لە جیهان لێك نا -٢-، کە مرد ، هێندە کارێکی مەزنی نە هونەرو ئەدەبی رۆژاوا کردبوو ، کە لە هەموو شوێنێك نووسیان . « مەزنترین رووناکی ئەورو - پا کوژایەوە » .

ئەم هونەرمەندە گەورەیە پێشان خۆی لە شیعرێکی ناوازەیدا ووتبووی : « ئەی حافز ، تاقە ئاواتم ئەوەیە موریدێکی بچووکی توێم »

ئەم موریدەی حافز ، ئەم حافزەی ئەوروپا ، ناوی حافزی لە وڵاتی خۆیەو سەرانسەری ئەوروپادا نەمر کرد ، پاش ئەویش ، دوای بڵاو بوونەوەی «دیوانێکی رۆژهەڵاتی»، هەموو ئەڵمان و گشت ئەوروپا کەوتنە ستایشی حافز .

عەشقی گۆتە بە حافز کە - دیوانێکی رۆژهەڵاتی - لێرەخسا ، هاوڕێی عەشقی ئافرەتێکی جوان بوو کە ئەبێت بە « چڵەنەباتی گۆتە » دابنرێت . خودی شاعیریش ناوی - دڵداری شیرازی - خۆی لێناوە .

گۆتەیش وەك حافز پێویستی بەوە بوو دلی لە سەودای پەری ڕوەکاندا بێت و وەك ئەو بڵێت : « شارێکی پڕ لە عیشوەو نازە جوانەکان لەشەشی لاوە دێن ، منیش هیچم نیە ، ئەگینا کەرپاری هەرشەشیانم » .

بە ناچاری ، لە هەموو تەمەنیا ، لە حەفدە ساڵیەوە تا حەفتاو حەوت ساڵی ، بە درێژی شەست ساڵ ، هەمیشە نەردی عەشقی بۆ ئەو « شۆخانە » هەڵداو بووە - کڕیاریان - جیاوازی نێوان عەشقی هونەرمەندو خەڵکی تر ئەوەیە ، کە هونەرمەند لە هەر عەشقێك، کارێك ، بەرهەمێك دروست دەکات ، کە ڕەنگە نەمری بۆ بە دەست بهێنێت . ئەمەیش ئەوە بوو گۆتە کردی . لە هەر یەکێك لە عەشقەکانی ، شاکارێکی پێك هێنا ، بۆیە هەمیشە ئەوە دەڵێن ، کە ئەگەر ئەو عەشقانە نەبوونایە ، ئەو بەرهەمە بێ وێنانەی ئەدەبی ئەڵمان و ئەوروپایش نە ئەهاتنە دی. بۆیە بۆناسینی «حافزی ئەوروپا » ژیانی عاشقانەی ئەو کە لە خۆیدا جوانترین ڕۆمانە ، جێی تێڕوانین و پشکنینە ، تا لەوێوە بە مەزنترین بەرهەمی ناشنابین .

بۆ کۆکردنی ئەم ووتارە ئێمە تەنیا لە نووسینەکانی خودی گۆتە ، واتا نامە ، شیعر ، پارچەنووسین سوودمان وەرگرتووە . بە مانایەکی تر باس و بێداچوونەوەی گۆتەیە بۆ خۆی .

کاتێ گۆتە لە شوێن لە دایك بوونیەوە بۆ بەسەربردنی پشوەکانی جەژنی پاك هاتە لیپزیك ، تەمەنی حەفدە ساڵ بوو ، لەوێ لای خێزانێك بووە کرێ گرتە ، ڕۆژێك کە گەرایەوە پانسیونەکەی ، چاوی بە کچی خاوەن خانووکەوت و عاشقی بوو ، کچە کە ناوی «کچن» بوو.دوای دووسێ ڕۆژ نهێنی عەشقەکەی لادرکاند ، دەورانی ئەم عەشقە چەند مانگێکی خایاندو ، یەکەم بەرهەمی گۆتە کە بە ناوی «شەو»ەوەیە لەو عەشقەوە سەرچاوەی گرتووە . ساڵێك پاش ئەوە ، لە ڕۆژێکدا کە تەمەنی گۆتە بێ ئەنایە نۆزدە ساڵی وازی لەو کچە هێنا.

لوتەو « فرتر »

عەشقی پاش ئەوەی گۆتە ، عەشقێکە جوان و مەزنترین کاری ئەدەبی لە جیهاندا دروست کردوە ئەویش-فرتر-ی ئەمرە-٣- گۆتە لەو دەمەدا تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو ، لەگەڵ کۆمەڵێکی تری ماف ناساندا لە شاری - وتلار- کارێکیان بۆسپێردرا . ئەویش گەڕان و توێژینەوەی دۆسیەکانی دەوری ئیمپراتۆرپەتی پیرۆز بوو کە ژمارەیان دەگەیشتە بیست هەزار دۆسیە . لەم سەر گەرمی گەڕان و پشکنینەدا ، لە دانیشتنێکی سەمادا بووە ئاشنای « لوتە » . هەڵکەوتن و جۆری ژیانی و ڕۆحیەتی ئەم کچە ، وێنەیەکی کامڵ و وردی «شالوت»ی قارەمانی - فرتر » ١ نموونەیەکی بەرجەستەی « ئەلبیرت »ە.

- کستنر - هەستی بە پەیوەندی نێوان گۆتەو دەست گیرانەکەی دەکردو ، خۆیشی گەلێك دۆستی گۆتە بوو . وەلێ ئەیشی زانی کە لوتە روانینێکی تایبەتی بۆ ئەو هەیە ، بۆیە لە یاداشتێکیا کە لە ڕۆژی ١٠ ئەیلولی ١٧٧٢ نووسیوە وا دەڵێت : « ئەم نیوەڕۆیە دکتور گۆتە میوانی من بوو، پێکەوە لە ناو باخدا نیوە ڕۆژەمان کرد ، شەو دیسان هاتەوە لامان ، لە نێوان من و ئەوو لوتەدا مشت و مڕێکی زۆر لەسەر ژیان و مەرگ و ئەو دنیا ڕووی‌دا ، گۆتە زۆر بێزار بوو ، چونکە وای نیازە سبەینێ لەم شارە دەربچێت ، من نەزانم بە یادی عەشقێکی ناکامەوە بەجێ دێڵێت » .

ئەو عەشقە ناکامە بووە هۆی چاو هەڵهێنانی بەرهەمێك کە ڕۆمانتیکیەتی ئەوروپای بەدی هێناو،چەند نموونەیەکی خستە ژێر کار لێ کردنی خۆیەوە .

لیلی و « فاوست »

هەر وەك « فرتر» یادگاری عەشقی شارلووت بوو ، « فاوست »یش کە بالاترین کاری ئەدەبی و ، ڕەنگە مەزنترین بەرهەمی سەرانسەری ئەدەبیاتی ئەڵمان بێت ، ئەنجامی عەشقی گۆتەیە لەگەڵ «لیلی شونمان »ی شۆخدا . گۆتە ئەم شاکارەی خۆی کە بۆ دروستکردنی « مارگریت» لە « لیلی » وەئیلهامی وەرگرتبوو ، ساڵی ١٧٧٣ دەستی پێ کرد ، خۆیشی ساڵێك دوای ئەوە وای دەزانی کتێبەکە نزیکی تەواو بوونیەتی ، بەڵام تەواو کردنی ئەو کتێبە [illegible] ساڵی درێژە خایاند [illegible] ، تا - وەکوو کۆتایی تەمەنی شاعیر دەوامی کرد .

گۆتە لە شەویکی میوانداریا ، لە ماڵی بارزگانێکی گەورەی خەڵکی فرانکفۆرتا لیلی‌ی ناسی ، ئەو شەوە لە ماڵی بارزگانەکەدا ئاهەنگێك ساز کرا بوو ، خەڵکێکی زۆر هاتبوون ، لە ناو مۆسیقارەکاندا تاقە کچی خاوەن ماڵ بەشدار بوو ، گەلێك جوان و سەرنجڕاکێش هاتە پێش چاوی شاعیر ، چەند جارێکیش پێکەوە دوان ، بەڵام بە درێژایی ئاهەنگەکە چاوی لێ کەلانە دەخست ، چاوە دزێکە دوو سەرە بوو نەك بەك لایەنی .

- لیلی شوغان » -

کە لەو کاتەدا تەمەنی شانزە ساڵ بوو ، لە نێو سامان فرەی باوکیا زۆر بە ناز پەروەردە بوبوو .. کەم کەم لەگەڵ گۆتەدا پەیوەندیان بەیداکردو پەیوەندیان ئەمەندە بە هێز بوو کە نەیان دەتوانی بێ یەکتر ڕۆژێك بەسەر بەرن . یەکێك لە جوانترین شیعری گۆتە یادگاری عەشقی ئەو ڕۆژانەیە .

« ئیتر لای من جوانی بەهارو ڕەونەقی گۆتی بەهار بێ تۆهیچ ، لەو شوێنەدا تۆهەیت بەهارو عەشق و جوانی هەیە، ئەو جێگایەیش تۆی لێنیت هیچ شتێکی لێنیە » .

ماوەیەك پاش ئەوە ، گۆتە ناچار بوو سەفەرێك بۆ سویسرا بکات ، لەم گەشتەدا ، لە هەموو شوێنێك بە پیریەوە دەهاتن و ، ناوو ناو بانگی تا دەهات پێشتر دەچوو ، بەڵام ئەم هەموو ڕێزلێ گرتن و گەورەییەوا گشت دیمەنە دڵگیرەکانی سروشت ، نەیان « لیلی »ی پێ لەبیربکەن . توانی یادی چاوە جوانەکانی پارچە شیعرێك کە لەکەنار دەریاچەی « زوریخ »١ دای ناوە چیرۆکی ئەو حاڵەتە ڕۆحیەی ئەو دەگێڕێتەوە .

« چاوەکانم بۆچی بۆ خوارەوە دەڕوانن ؟ ئەی خەونە زێڕینیەکان بۆ ناگەڕێنەوە ؟ بەدەم شەبۆلەکانەوە هەزاران ئەستێرە دەدرەوشێنەوەو هەڵدەلەرزێن ، شەمالی بەیان بە باڵەکانی خۆی دەریاچەی ڕوون بووی سەر لە بەیانی لە ئامێز گرتووە ، بەڵام من لەم هەموو ڕێگایەدا تاقە پرشنگێکی عەشقی خۆم نەبینم » .

کە گەڕایەوە فرانکفۆرت ، دایك و باوکی لیلی بوونە دیوارێك لە نێوان ئەم دوو خۆشەویستەدا ، لەبەر چەند هۆیەك - کە ئێرە شوێن باسکردنی نیە - خێزانی هەردوو لا بەرەنگاری عەشق و هاوسەریان بوون .

گۆتە بۆ خۆخەریك کردن بەنای بردە بەر کارو دەرگای لە خۆی بەست ، شەوو ڕۆژ کەوتە نووسینی بەرهەمە ناوازەکەی « ئاگمونت »و ، پاشانیش لەگەڵ باوکیا چوو بۆئیتالیا .. وەلێ ئەوەی لە دەفتەری یاداشتەکەیدا لەم بارەیەوە نووسیویە گەلێك سەیرو سەرنج ڕاکێشە :

« ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٧٧٥ . ماوەیەکی گەلێك کەممان ماوە کە ڕێکەوین ، لیلی خوات لەگەڵ ، بۆ دووەم جار خوات لەگەڵ ، جاری یەکەم کە بۆ سەفەر چووم دڵم بەوە خۆش بوو کە پاش گەڕانەوەم ژیانی من و تۆتێکەڵ بە یەك دەبێت، بەڵام ئەمجارە هەرگیز گومانم لەوەدا نیە کە ئەو ئاواتە نایە تە دی ، بۆیە پێویستە لەمەو لا هەر کەس بکەوێتە دوای چارەنووسی خۆی . خوات لەگەڵ لیلی ، ئەی ئەو کچەی یادەکانت وەك گوڵێکی تازە پشکووتووی بەهار لە دڵمایە ، بە چ دڵێکە خواحافیزیت لێ بکەم ؟ چۆن بڵێم ماڵ ئاوا ؟ خۆزیا ئەم توانی چەند ڕۆژێك درەنگ تر بۆ ئەم سەفەرە بڕۆم ، تا چەند ڕۆژێك زیاتر ڕووی جوانی تۆببینم » .

شارلوتو « ئیفی گنی »

دڵبەری ئەمجارەی گۆتە ناوی « شارلوت اشتاین »ە، سەر ئەنجامی عەشقەکەیش شاکارێکی تری گۆتەیە بە « ئیفی‌گنی » .

باوکی ئەم خانمە مارشالێکی دەربایی ئەڵمانی و ، دایکی لە خیزانێکی ناوداری ئوسکوتلەندیە ، حەوت ساڵ لە گۆتە گەورەتر بوو ، کە گۆتە دۆستایەتی لەگەڵ بەست تەمەنی سێ و سێ ساڵ بوو، ئەو پانزە ساڵ بوو شووی بە (بارون فرشتاین) کردبوو ، سێ کوڕیشی لێی هەبوو ، ئافرەتێکی لاواز ، سەوزە ، چاوی گەورەوڕەش ، گەلێکیش جوان و شیك بوو ، وەك گۆتە ئەڵێت : « لارو لەنجەی لە هەڵکردنی شەمالی بەرەبەیان دەچێت » .

شالوت بەو گیان و

بروانە : ل : ١١

لاسایی کردنەوەو چەند بیروڕایەك

دەڵێن گازی مار گۆشتە وزوون دەبێ ... بەڵام تا چەند ساڵێك ماکی هەر دەمێنێ ... هەروەها گەلێ نەخۆشی هەن پاش چاك - بوونەوەش شوێنو هەتەریان لە لەشی مرۆڤدا هەربەدی دەکەرێ .. -ئیمپریالیستیش ئەگەرچی لە وڵاتێك لووتی بشکێنرێو دەربپەڕێنرێ ... بەڵام وەکو ماری زامدار وایەو کۆڵناداو دەیەوێ بەهەرجۆرێ بێ ژەهری خۆی برژێنێ ...

● لەتیف هەڵمەت ●

ئیمپریالیزم لە گەلێ وڵات و هەرێمدا دەرکراوە . . . بەڵام کۆڵی نەداوەو ئەویش گەلێ هۆی دۆزیوەتەوە بۆ بەردەوامی ئاین و ئۆینی خۆی لە گەلێ ناوچەدا ... ئاشکرایە کە وێژە بە هەموو لق و چلەکانیەوە ... هەروەها هونەریش ڕۆڵێکی باڵا لە پێشکەوتن و دواکەوتنی جەماوەری گەلاندا دەبینێ . . . هەر لەبەر ئەوەشە ئیمپریالیزمی جیهانی دەیەوێ ڕووی ڕاستەقینەی هونەرو وێژە بشێوێنێ و بۆ ئەو مەبەستەش لە ئەوروپادا دریخی ناکات لە بەکرێ گرتنی سەدان چاپەمەنی و نووسەری سەرلێشێواو گەیاندنی بەر هەمەکانیان بۆ ڕۆژهەڵات ... لە ئەنجامی ئەم کارەشی دەیان بەڵکو بگرە سەدان ڕێبازی وێژەیی و هونەریی نابەجێ و نابەسەند هاتۆتە کایەوە کە پێشەنگ و لایەنگرەکانی هیچ مەبەستێکیان نیەو لافی ئەوە لێ دەدەن کە هونەرو وێژە بەبوەندیان بە ژیان و مرۆڤەوە نیە .. .هەروەها گەلێ دەخنەگرو ڕەخنە بازیش لە ئەوروپادا هەن کەدەیان گۆڤارو ڕۆژنامەی گومان لێ کراو باڵ پشتی دەکەن . . ئەوەدەخنەگرو ڕەخنە بازانەشی ئەرکی سەرەکییان ئەوەیە ... کە بە شانوباهووی ئەو جۆرە هونەرو وێژە ڕووپووچانەی هەڵدەن و پرۆپاگەندەیان بۆ بکەن ... ئالەم بارەیەوە جارێکیان ڕووداوێکی سەیر قەوماو پەردەی لە سەر گەلێ نهێنی لابرد ...ئەوە بوو هونەرمەندێکی تابلۆکێش جلاێکیان ئەو کەقاڵەی کە پاشماوەی بۆیاخی تابلۆکانی پیاداسڕیوە لە پێشانگایەکدا دادەنێ و ناوی دەنێ (هەڵهاتنی خۆر لەسەر دەریای بەلتیق) ڕەخنەگرو ڕەخنەچی‌یەکان ستایشێکی زۆری تابلۆکەیان کردو کردیان بەیەکێ لە تابلۆ گرنگەکانی جیهانی هونەر... بەڵام پاشی ماوەیەك هونەرمەندەکە خۆی ڕاستی کاردەکەی ئاشکراکردو ئەبەو جۆرەش پاشاگەردانی و چەواشەیی ڕەخنەی دباری کرد ...

جا ئێمەی ڕۆشنبیرو نووسەرانی کورد بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین و قەڵەمەکەمان لابەلا نەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی سەدان نەخۆشی بێ ناوو جەماوەریش نەفرەت لە نووسین و خوێندنەوەنەکات پێویستە زۆر بە وریایی و ووردبینییەوە بنووسین ... من گەلێ جار خوێنەرم دیوە دیوانە شێعرێ یا کۆمەڵە چیرۆکێکی خوێندۆتەوەو دادوبێ‌دادی کردوە کە ئەمە کەی بەرهەمەو دەبێ کەلکی چی‌بێ ... ! مەسەلەکەش ئەوەیە نووسەری ئەوبەرهەمە لاسایی نووسەرێکی سەر لێشێواوی ئاوروپایی کردۆتەوەو لە ئەنجامدا ئەوە کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو . . نەتوانیویەتی وەك خۆی دەبەوی بنووسێ و نەشی وەك نووسەرە گەورەیی‌یەکە . . . ئێمە کە بۆ خوێنەری خۆمان دەنووسین و باسی خۆمان دەنووسین و باسی دەکەین دەبێ بەشێوەیەك بینووسین مرۆڤی کۆمەڵگاکەمان بنوێنێ و ڕەنگ و بۆی کۆمەڵگاکەمان بداتەوە . . . زۆر سەیرە لام کە نووسەرێك وابیربکاتەوە هەموو پارچە بەرهەمێکی هونەرو وێژەی بێگانە بەرز بێ و شاکاربێ و ئەم بۆچوونەشی وای لێ بکات هەر کە پارچە شیعرێکی بێگانەی خوێندەوە ئیتر یەکسەر بیکات بەکوردی و بۆ ڕۆژنامەیەکی بنێرێ ... لەراستیدا مانگی دەیان بگرە سەدان بەرهەمی وەرگیردراو دەگاتە ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تیادەکەم . . زۆربەیان پڕو پووچو بێ واتان و شایانی بڵاوکردنەوە نین ... هەروەها گەلێ جار بەرهەمی کوردی وادەخوێنمەوە ئەکوردی بەونەبەوەندی بە ئەرکی پیرۆزی سەر شانی ئەدەبەوە هەیە ... یەکێ لەو بەرهەمانە چیرۆکێکە لە گۆڤارێکی کوردیدا بڵاوبۆتەوە باسی ئافرەتێك دەکات کە بەمۆیێك ئارەزووی خۆی دادەمرکێنێ . . . !! نازانم مەبەست لەم جۆرە ئەدەبە چیەو سەربە چ ڕێبازێکە .. . ئایا باری کۆمەڵایەتی ئێمە وەکو باری کۆمەڵایەتی ئەوروپایە تاکو ئێمەش وەکو ئەوان بنووسین ... ؟ ئایە ڕادەی شارستانی‌یەتی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەو ئەوروپا یەکسانە تاوەکو یەك جۆرە ئەدەب بنووسین ؟ بەرهەمی ئێمە دەبێ کوردی بێ و شاڵو شەپکی لە بەردابێ و کڵاشی لەپێدابێ و مشکی بەسەرەوەبێ و بۆنی نێرگزو بەڕوو میخەك و بەڕەزاو شەوبۆی لێبێ ئەگینا کەس مەرحەبای ناکات ... جگە لەوەش دەبێ ئەوە بزانین هەر ئەتەوەیەك یا گەلێك خوونەریت و شێوازی خۆی دۆڕان بوونی خۆی دەدۆڕێنێ و هەر ئەدەبێکیش شێوەی ئەتەوەیی خۆی دۆڕان ڕەسەنایەتی دەدۆڕێنێ هەر ئەم تیۆرەشە وای لەزایۆنی‌یەکان کردووە کە هەوڵ بدەن شێوازو کاکڵەی کەلتووری ئەتەوایەتی گەلی عەرەبی فەلەستینی سەر نگوم کەن و خوونەریت و ڕەوشتی خۆیانیان لە بیربەرنەوەو سامانی ئەدەبی ئەتەوایەتیان پێشیل کەن و بە ڕۆشنبیریەکی سەر لێشێواوانە گۆشیان کەن... بەڵام ئەوانیشی بەرامبەر بەوکارە ناهەموارو دژوارانەی زایۆنی‌یەکان ڕاوەستاون و شاعیری وەکو (مەحموود دەرویش و سەمیح القاسم و سالم جەبران و ڕاشد حوسێن و مەعین بەسیسۆ) یان ... تیا هەڵکەوتوە... هەروەها جیرۆکنووسی وەکو (تەوفیق فیاض) کە دەنگی میللی خۆیان لێ هەڵبڕیودو شتێك دەنووسن دەربارەی کۆمەڵگای خۆیان بێ و خەلکی لای خۆیان لێی تێ بگات و خۆی تیابینێ ... !

حەزدەکەم لە بارەی تەرجەمەشەوە ئەوە ڕوون‌کەمەوە کەوا دیارە کورد جگە لەوەی کە (هەموو شاعیرن) هەموو وەرگێڕو مرتەرجمی زگماکیشن .. . بەڵام چیە وەرگێڕانو تەرجەمەی گەلێ لەوەرگێڕەکانمان پێویستیان بە تەرجەمەیەکی تر هەیە .... ئەوەش کارێکی نابەجێیە . . . جا لە بەر ئەوە زۆربەی وەرگێڕدراوەکان یان پشت‌گوێ دەخرێن ... یا بەنبرزاوی بڵاودەکرێنەوە ئەوەش خزمەت و مزمەت نیەها ... !! !

بویك د ئاشوپا د لەکی خەمگینی‌دا

● مصطفی سلیم ئاکرەیی ●

شەفەکا خوش
ئەزێ دبینم هەیفە تاڤە
ئەستێر هەمی بئەسمانا ڤە
یێت بوینە دێمجانەو هەیڤا
پخیر کری
ئو پارچەکا عەفرێ إسپی
هەیڤا مە تەنك ددابوشی
هەتا کەتیە ئاشوپا من
مینادیمێ بویکەکا نوی
لژێر هیزارا بویکینێ
ئەوێ خەملا ڕوهن و سپی
ئەزی مینا زافایەکی
وێ هیزارێ
وێ هێزارێ
لسەر ئەنیا وێ
تاڤێژم و ڤازی دکەم
هێدی .. هێدی
دیمێ مژی ..
دیمێ وێ بێ نچیر کری
بێ لێ دچەریت
تاکو من ناگهان تدیت
کەفرو هەیف بێ ژبەر نێك
دڕەڤن ..
ئەسمانێ مە ..
بێ کو لێ بویە دێمجانە
گوڕی و ناگر بێ لێ دپەشن
هینگی ئاشوپا من شیاربو
نو باوو ئاخینکێت عشقێ
تێك هەلبون بونە باهوزە
شاربا لهەمی هنافێت من
وەك شەنگەبیا
دو جار سێ جار
بلندکرن و نەڤی‌کرن
پەراسیێت من
ئەرێ گەلو ؟
چ زەری‌بو ؟!!
کو ڤێ گاڤێ پرەخ منڤە
بویە بویك و زمن وندابوی
ئو إدویر بوری
فریشتە بو !!
یان نژدەبو !!
درەنگێ جیهانا ڤێ شەڤێ
لبەر چاڤێت من گهوڕی
ئەزێ نزانم کاشەڤە
ئانژی ڕوژە
ئانژی خەونەکا ئالۆزە
جیهان هەمیا ددلێ مندا
تێك وەرکری
هەیهو دلو .. ژارو دلو
ئەو ئاشوپا ئەتو چوبێ و
ئاڤرباتە شەیدا کری
ئاڤەرێیت هزار لاوا
یێت لێ ڤەداین و دویر بری
یێت لێ ڤەدایسن و دویر بری

ئاشوپ : خیال

Institut Kurde de Paris

کورتە چیرۆك لە مەیدانی جەنگەوە
(١)

دایکم دەستی کردە ملم و ئەملاولای ماچکردم و ووتی: خوا ئاگادارت بێ غەوزی بەغا دەست بە سەرتانەوە بگرێت .. ئاگام لێبوو لە ژێر لێوەوە دووسێ چرپەچرپی کردو بەلێوە لەبارەکانی ڕووەو من پفی کرد .. چەند هەنگاوێك لێی دور کەوتمەوە ئاوڕم دایەوە چاوەکانی هەر تێبڕیبوم بانگی لێکردم :

« ئەبی ئەمجارە تۆش وەکو شوانەی کوڵچین بتبینەوە »

ووتم خوا گەورەیە . بەدەم دەست بەرزکردنەوەوە لە باسکەکە چون بەودیودا.. هەموو کەس باسی ئازایەتی شوانە دەکات ، ئەوەبوو بلەیەکیش لەسەربازیدا سەریان خستبوو . ئەی من؟ خۆ ئەمە باشترین بوارە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤی بەجەرگ و دڵسۆز لە . . . دایەگیان خۆ شەڕە شمشێر نییە، بەڵام ڕاستە جێدەستی بیاو هەر دەردەکەوێت .

زیلەکە بەرەو خۆرهەڵات ناخی جادەکەی توێ دەکرد، بیدەنگی ماوەیەکی کەم دەستی بەسەرا کێشابووین .. کاتێ لە پردەکە پەڕینەوەو دەستمان دایە قەدپاڵەکە سەنگەرەکانمان لێنزیك بوەوە هەموو بەیەك دەنگ بە سرووودی (سەرکەوتن) ئەو دوڵو شیوانەمان هێنابوە لەرزین ، لە باڵەکە نەختێك هاتینە خوارەوە سەنگەرەکەم لێدەرکەوت داوام لە شۆفێری زیلەکە کرد ڕاوەستاو دابەزیم ڕوم کردە سەنگەرەکەم ، زۆر نەڕۆیشتم بە سەربازێك گەیشتم پێی ووتم :

- ئەوە بۆکوێ دەڕۆیت

● بڕام مۆلەتەکەم تەواو بوەو ئەمەوێ بڕۆمەوە بۆ سەنگەرەکەم ، ئەوەتا لەسەر گردۆلکەیەیە .

ئەڕێ ، جارکوا کەسی لێماوە ؟

● چۆن ئەی چیان لێهاتووە ؟

- ئاگات لەچییە بڕام ، دوێنێ نا پێرێ بوو ئەوڕیزە سەنگەرە هێرشێکی مەردانەیان برد ، هەرچی سەنگەری دوژمن لەو ناوەدا مابوو هەموویان ڕامالی ... نابینی ئەها (دەستی بۆ ڕۆژهەلاتی ڕاکێشا) ئەو گردە بەرزە ، سەبرکە ئەو درەختە گەورەیە دەبینی سەنگەرەکەی ئێوە ئێستە لەپشت ئەو درەختەوەیە دەبڕۆ خوات لەگەل ...

بەداخەوە دەبێ من مۆلەتم بۆچی بوو ؟ خۆزگە منیش لەم ڕاونانەو ناوبرکردنەدا بەشدار ئەبووم ، ئەمجارەش ئەلێم بەداخەوە . گەیشتمە ناو سەنگەرەکەم ، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەم لێکردن .

(٢)

لەدڵی خۆما سەرزەنشتی خۆمم دەکرد کە لەم چونە پێشەوەدا بەشدار نەبووم . بەڵام لەدڵی خۆمدا بریاری پلانێکی نهێنیم دابوو کە ئەمەم بۆ بشارێتەوە ..

شەوێکیان سەر لە ئێوارە داوام لە (....)کرد کە دوو نارنجۆکم بداتێ . بەڵام پێی ووتم :

کاکە تۆ دوانت پێیە دوانی ترت بۆچیە ؟ چ نیازێکت هەیە . ووتم :

- تۆ ئەم داوایەم بەدی بێنەو ئەمشەویش بۆ ماوەی چەند سەعاتێك ڕێم بدە ...

شەوێکی تاریکی ئەنگوست لە چاوبوو ، نەنم باران دەباری بەڵام زۆر سارد نەبوو . بەبڕوایەکی بەهێزی بێوێنەوە هەنگاوم هەڵدەهێنایەوە . . . تۆ بڵێی ئاواتەکەی دایکم بێتەدی ؟ خۆزگە وا دەبوو. بەڵێ بەڵێ دێتەدی و هەر ئەبێ بێتەدی .

وردەوردە ڕۆیشتم هەتا نزیك سەنگەرێکی تازە هەڵکەندراوی دوژمن بومەوە ، بەسکە خشە زیاتر چومە پێشەوە هەتا گەیشتمە دیوارە لەگەل دروستکراوەکەی ، دەستم دایە نارنجۆکەکان یەکەیەکە لە قایشەکەیانم کردەوەو لە بەردەممدا دامنان و زامنەی تفەنگەکەشم ترازاند . دوو نارنجۆکم یەك لە دوای یەك هاویشتە ناو سەنگەرەکەو ڕاست بومەوە ڕیزێك گولەشم بەشێوەی ئاوێزێن بەناو سەنگەرەکەدا کرد ، هاوارو ناڵە بەرزبوەوە . ئەوەندە کوت و ڕ خۆم کوتایە سەریان ڕێدەستی ئەوەم نەدان تاقە گولەیەك بتەقێنن ، وریان ئەماو شێرزە بوونو هاواریان کرد تسلیم! تسلیم. ئەو چوار سەربازەی کە بە ساغی دەرچووبون بە باڵ بەستراوی دامنە بەر هێشتا بەری ئاسۆ ڕوونك ئەبوبوەوە گەیشینەوە سەنگەرەکەی خۆمان .

(٣)

گەیشتمە بەرزاییەکەی بەر ماڵمان دایکم هەر لە دورەوە پەلاماری دامو ووتی:

- دەك بە قوربانی دەستو بەنجەکانت بم ، دوێنێ نامەکەتمان پێگەیشت ، ئۆخەی ئاواتمان هاتە دی ، با ئاوایی بزانن کە کەس ناتوانێت وەکو دڵە گیانی منی لێبێت دڵەی من شێرە شێر ، بە قوربانی ئەو دوو ئەستێرە زەردەی لاملتبم ، ئۆخەی خوایە ، ئۆخەی خۆزگە هەمیشە بەمجۆرە دۆست سەربەرزو دوژمن ڕووڕەش و سەرنەوی دەبوو.

مارت - ١٩٨١

غریب ڕۆوف

دوای مۆلەت

نیکۆلای گۆگۆل

نووسینی :
لیلیا چێرنێتس
دوکتۆرای زانستەکانی زمان و ئەدەب
محمد مەلا کریم
کردوویە بە کوردی

ئەو بەهرەیەی ئەم بنووسە گالتەچی و لاقرتی کەرە بوویەتی مەگەر بەدەگمەن بۆ بنووسیکی تر هەڵکەوتبێ ئەو خۆشی و شادمانی یەشی کە نووسینەکانی ئەم ئەیخەنە دڵو دەروونی خەڵکەوە ، یەجگار زۆرە . نووسینەکانی نیکۆلای گۆگۆل ئەوەندە ورد کەم و کورتی و ناتەواوی یەکانی بۆ وێنە ئەگەرنەوەو ئەوەندە قووڵو ڕیالیستانە ئەیانخەنە پێش چاومانو ، کارێکی گۆمێدیایی یانەی ئەوەندە بەجێ ئەکەنە دڵو دەروونی خەڵك ، تەنانەت ئەمڕۆش هاوتاو هاوجۆریان نییە .

پووشکین زۆر بەڕێزەوە ئەیڕوانی یە بەهەردی گۆگۆل کە «ئەتوانێ پەستیی ژیان بەم ئاشکرایی یە دەربخاو ، دەسەڵاتی بەسەر ئەوەدا ئەشکێ کە هیچ و پووچیی مروی پەست بەجۆرێ بخاتە ڕوو تەنانەت ئەوەشی کە چاوی تیژ بەدیی ناکا ، لە پێش چاوی هەموانا وا بە قەبەیی و زلی بنوێنێ » .

باری ژیانی ڕووسیا لە ساڵانی ١٨٣٠ - ١٨٤٠دا کەرەستەیەکی بەپێزی دایە ئەم بنووسە لاقرتی کەرە تا لێی بنۆژێتەوەو توێکڵی لە ڕوو هەڵداتەوە . ئەم هەوارە ئەوەبوو پاشا سەر پان کردنەوەی بزووتنەوە شۆڕشگێرانەکەی ١٨٢٥ هاتە ڕوو . لەو بارو دۆخەی کۆنەپەرستیی سیاسیدا ، ئەدەب - وەختە بڵێین - ناقانە بڵندگۆیەك بوو لەوانەی بۆ دووان لەبارەی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی یە - کانەوە بەکاربهێنرێ .

ئەگەر بابەتی سەرەکی لە هونەری پووشکیندا کە گۆگۆل بە مامۆستای خۆی دانانێ ، کێشەی نێوان بیاوماقوولی پێشکەوتخوازو ئەو کۆڕە بێتامو ڕەنگە بێ کە چواردەوری دابوو ، ئەوا شەخسیەتی تاقانەی مەردو بەشەرەف لە زووبەی شاکارەکانی گۆگۆلدا ، وەك خۆی دووبادی کردوەتەوە ، پێکەنینە . ئەم ئەدیبە پیشانگایەکی دەوڵەمەندی لەپاش خۆی بۆ جێهێشتووین پڕ لە « مفتەخۆر » - وەك خۆی بە شەخسیەتەکانی نووسراوەکانی ئەڵێ - .

(١) هەوار : وشەیەکی کوردیی پڕبەپێستی واتای (مرحلە)یە ، لەباتیی (قۆناغ) بەکارمهێناوە کە ئێستا لە نووسیندا بەکارئەهێنرێ . و .

واتە نموونەیەکی زۆری ئەو دەرەبەگانەی خستووینەتە بەردەست کە ژیانی خۆیان بە تەمەڵی و تەوەزەڵی و بێکاری ئەبەنە سەر ، وەك بڵێی زەمانەش بەش بەحاڵی ئەوان لە شوێنی خۆیا وەستابێ . هەروا هیی ئەو فەرمانبەرانەی میری یش کە وەزیفەکەیان بوە بە نموونەی هیچ و پووچی و سەرچاوەی هەموو جۆرە خراپەو بۆگەن کردنێك .

هەڵوێستی گۆگۆل بەرانبەر بەو پەیامەی لەئەستۆی ئەدیبی لاقرتی - نووسدایە ، هەڵوێستێکە لە هەست بە لێ پرسراوەیی کردنەوە هەڵقوڵاوە . گۆگۆل هەمیشە بەڵگەی بۆ ئەوە ئەهێنایەوە کەوا پێکەنین وەنەبێ لە شێت گیری یەکی نەخۆشانەوە هەڵقوڵێ ، مەبەست لێی ئەوە نییە تەنها بێ تاقەتیی جەماوەر لەبیربەرێتەوە ، بەڵکو ڕووکردنە ئایدیایەکی بەرزو بڵندەو لە دیوی ئەودیوی ئەو پێکەنینەوە کە ئەکەوێتە بەرچاوی خەڵك « دڵۆپە فرمێسکێکی زۆری نەبینراوو بەدی نەکراو هەیە » . ڕووبەڕووی چارەنووسی پڕشکۆی ئەدیبێ کە وێنەی بابەتی جوان جوانی نەخش کردبێ، گۆگۆل تا ئەنۆ ئەچووە ناو قوڕی ئەو مەیدانە سەختەی ئەدیبی لاقرتی و وس تی ئەچێ بۆ ئەوەی ئەنگ و شوورەیی یەکانی کۆمەڵ بخاتە بەرچاوی سەرانسەری کەڵ. گۆگۆل ئەیوت : « هەر ئەوەندە وێنەی بحووکترین نیشانەیەك لە نیشانەکانی ڕاستی بکێشی ، نەك تاقە کەسێك ، بەڵکو چەندین کۆمەڵو تاقم بەجارێ لەڕووتا ڕانەبەرین » .

وەك بڵێی چارەنووسی گۆگۆل خۆی ڕاستیی ئەم بیردی دووباد بکاتەوە کە لەمەڕ ڕێگایەوە دەری بڕیوە کە بۆ خۆیی هەڵبژاردبوو .

گۆگۆل ئەوەی بنەماڵەیەکی بیاوماقوولی ، بەڵام نادەوڵەمەندی . ئۆکرانیایی بوو . ئۆزدە ساڵان بوو کە قوتابخانەی ئامادەکاری بەرزی زانستی لە شاری (نیژین) تەواوکردو ڕووی کردە پەتروس بوورگ بەهێوای ئەوەی لە مەیدانی دادیاریدا هەڵسووڕێ و داکۆکی لە داد بکا ، بەڵام زنجیرەیەك کێڵۆڵی و ناهومێدی چاوەڕوانی ئەم لاوە دڵ پڕ ئاواتەیان ئەکرد . ئەوەبوو کاری لە پەتروس بوورگ دەسگیر نەبوو ، ساڵێکی بەسەرا تێپەڕی ، ئەوجا وەزیفەیەکی بچووکی ڕونووس کردنەوەی دەسگیر بوو . مانگانەکەشی زۆر کەم بوو . لەوەوە تێگەیشت کەوا هەژاری یانێ چی ؟

ڕێگایشی بەرەو ئەدەب ڕ بوو لە درك و داڵ . بەکەمین چیرۆکی کە بە ناوێکی خواستەمەنی یەوە بڵاوی کردەوە چیرۆکێکی شێوە ڕۆمانتیکیی و سەرنەکەوتوو بوو . بنووسی تازەکاری لەگەڵ خۆ سەختگیر هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارەی کرێ کە تیا بڵاوکرابوەوەو سووتاندنی (گۆگۆل پاشانیش پتر لە جارێ ئەو بەرهەمانەی خۆی سووتاندوە کە بە دڵی نەبوون) .

گۆگۆل تەنها پاشا دەرچوونی « شەونشینی لە کوێرە گوندێکی نزیکی دیکانکا » (١٨٣١ - ١٨٣٢) ناووبانگی دەرکرد . ئەم کتێبەی گۆگۆل بریتی بوو لە چەند چیرۆکێ بەشێوەیەکی ڕیالیستانە ژیان و داب و نەریتی جووتیارانی ئۆکرانیای تیا خرابوەڕوو ، بە تێکەڵکراوی لەگەڵ هەندێ شتی خەیالیی وا کە لە میتۆلۆگیای میللی وەرگرتبوون .

پێگەیشتنی گۆگۆل ، وەك بنووسێکی کۆمێدیایی ، بەر لە هەرچی ، بە بڵاوبوونەوەی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەوە بەندە .

بەڵام گۆگۆل تا مرد ئازاری داهێنان لە کۆڵی نەبوەوە . ئازاری گۆگۆل ئازاری بنووسێ نەبوو مەبەستی ئەوەبێ لە ڕووی ستاتیکاوە بگاتە چلەپۆپە لە نووسیندا ، ئەوەندەی کە ئازاری مرۆیەك بوو خەفەت بۆ گەنجینەی شکۆی خۆی بخواو بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێ بۆ ڕزگارکردنی . هەر بۆیەشە مەبەستی کۆمێدیایی کە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان لەخۆیا ئامانجی گۆگۆل نەبوە ، ئەڵقەی بەدەوری ناوەڕۆکی هەموو نووسراوەکانیا نەداوە . هەر لەمەشەوەیە ناکۆکی یەکی توندو تیژ لەنێوان کۆمێدیایی ترازیژیاییدا بەدی ئەکرێ لە نووسینەکانی گۆگۆلدا .

بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی یەکانی گۆگۆل زۆر لەگەڵ یەك ناکۆك

بروانە : ل : ١١

سینگی خۆ ل ڕەخنەگرا ڤەکەت

هەر کەسێ شوڵەکی بگەتو دەست باڤێتە کارەکی تومان تێدا نینە گەر زانی دێ پسیا ل شوڵێ هێتە کرن دێ باش دبەروی شوڵیرا چیتو دێ خۆ پێڤە ماندی کەت .

خاروڤیجا ڤێ چەندێ ئەر زانی کەس ل شوڵێ وی نا پرسیت ، دێ شوڵەکێ سەر پێ کەتو دێ ژخو ڤەکەت .

نیفسەڤانو ئەدیب ژی دەمێ تشتەکی دنڤیسیت چەچی گوتاربیت ئان لدیف چوونەك بیت ، دڤێت تشتەکێ پڕ بها دانیتە بەر جاڤێت خو ، بێدڤیە بزانیت دێ بسیار ل نفیسینا وی هێتەکرن ئەگەر وەکر دێ تشتەکێ جووانو بسەروبەر دانیتە بەر جاڤێت خوندەڤانی . گەر نە ، دێ بەرهەمەك لاوازو سست دەرکەڤیت .

ڕەخنەگر کارەکێ گەلەك مەزن ل نفیسەڤانی دکەت هندیکە ڕەخنەگرە بەرسڤا گەلەك تشتێت بەرزە دەت .

ڕەخنەگر ژیك وەختێ ل هەر بەرهەمەکی دگریت دڤێت چاڤێی دووی بەرهەمیدا مەلەڤان بیت ، گەلەکێ مەلەڤانتر بیت ژ خۆدان بەرهەمێ ڕەختێ لێ دگریت ، یێ دل پاقزبیت ، بێ کەرب و کین ئامانجا وێ ئەو بیت خاریێ ڕاستکەت ، دڤێت یێ شارەزابیت و بزانیت دێ چاوا ڤەسێت خۆ گەهنیتە خوندەڤانی .

ڕەخنەگر هۆستایەکێ شارەزایە دشێت بەیسکا دابنیت بۆ زانیاریەکا پاڤژ ، دیسا وەختێ ڕەخنەگر وان بەیسکا دادنیت دڤێت دسستو لڤلڤوك نەبن دا نفیسەڤان لسەر نەکەڤیت.

دیسا ڕەخنەگر دڤێت ترسنووك نەبیت ، و یێ بجەرگ بیت ، وەختێ ڕەخنێ ل هەر بەرهەمەکی دگریت ئامانجاوێ ئەو بیت ڕێکا ڕاست نیشا خوندەڤانی بدەت نەکو ڕێکی لەر بەرزەکەت .

ڕەخنەگر دڤێت گەلەکێ هشیاربیت وەختێ ڕەختێ ل هەر بەرهەمەکی دگریت ووجا خۆدانی و خوندەڤانی دانیتە بەر جاڤێت خو .

ڕەخنەگرێ چیرۆکی ، دڤێت یێ مەلەڤان بیت دچیرۆکێداو بزانیت دێ چاوا دەستێ خۆ دانیتە سەر خەلەتی و ڕاستێت دناڤ چیرۆکێدا و بزانیت دێ چاوا لدیف ڕهێت ڤەشارتی چیت دیسا ڕەخنەگرێ هۆزاتی دڤێت دەستێ وێ یێ درێژ بیت دناڤ هۆزانڤاتیێدا و شەرتێت هۆزانا سەرکەتی بزانیت .

کورتو گرمانج مە ڕەخنەگر نین ئەگەر مە هەبن جارجار لبەر پەرێت ڕۆژنامەو گوڤارادا گەن تشتەکی بڤێن ، هیڤیا مە هەمیا ئەوە مە ڕەخنەگر هەبن، ڕەخنەگرێت مەلەڤانو شارەزا خزمەتا ئەدەبو هۆنەرو نفیسینا کوردی بکەن .

ئەم ژیك بلا سینگێ خو بۆ ڕەختێ و ڕەخنەگرا ڤەکەین .

من ل نفیسینا ڤێ گوتارێ فایدە یێ ژڤان سەرچاوا دیتر .

١ - النقد الادبی - احمد امین .

٢ - مجلە شمس کوردستان .

جەمال بروارێ

ئەماکەسێ دامەنی نەگرم

● نایەتە بەشاعیر (چ. شارباژێری) ●

«١»

دڵت بەهەشتبوو ..
ئەویش لەناویا شای بەریەکان بوو ،
هیچ کەس چەشنی تۆ
بۆ ڕەوە مەلی ڕازەکانی ئەو
گیان و دڵی خۆی لەزستانانا نەکرد بەگەرمیان !
هاوینانێکیش ،
نەیکردە کوێستان !

× ● × ● ×

هەوری چەند شیعری ،
بەسەر مەزارکەی نازداریی ئەوا
بۆ کردە باران ... ؟!
چەندە پەروانەی شەوی بێداریت
لەدەوری مۆمی باڵاکەی سووتان ؟!
هەناسەکانت بوونەتە سووتوی
ژانێکی گەورە
ئەو سووتوی ژانەش ،
جێزامی ڕەشی ئەویندارانی ئاتەم هەوارە
گیت سارێژ ئەکا !
هەوری چەند شیعرت ،
بەسەر مەزارکەی نازداریی ئەوا
بۆ کردە باران ؟!
گەر وشەش لەلات یاخی ببووایە
جڵەوی شیعریش لەدەست بەربوایە ،
چەند دڵۆپ ئەشکت ،
بۆ چاوەکانی ئەکردە قوربان ؟!

● شیعری : جەمال غەمبار - ١٩٨٠ ●

گەرچی نێستاکە ،
چاوی گەڵۆرێ بەژنی ماچ نەکا ..
دەستی بێ پەنجەی کەسێکی غەریب ،
لەسەر سنگی ئەو گڕوگاڵ نەکا ..
دەمی بێ لێوی خوانەناسێکە ،
یاری بەلێوو گۆی مەمکی نەکا ،
بەڵام هێشتاکە ،
دڵت مەڵبەندی (.....) خانەکەی
پاش چەند بەهاری پڕ گریەو خۆشی
تازە سەرەتای داستانی عەشقو
حەزی پڕژانە !!

× ● × ● ×

«٢»

× ئای فریشتەکەی بەهەشتی شیعری
شاعیرێکی وێڵ
ئای سەرچاوەکەی ژانو ئیلهامی
دڵی گڕاوی پڕ لەنێلەنێل ..
ئەگەر نێستاکە ،
هاوڕازی خەمی « جەمال » بوویتایە
شادیی دەروونتی ئەکردە هەوار
باخچەی مەرامت ،
سەراپا ئەبووە وەنەوشەو گوڵزار ..!
نێستاکەش گەرچی « دایکی حەوت کوڕ بی ! »
دڵی شاعیرێك ،
لەکوچەی سۆزی شاری شیعرێکا
چاوەڕێت ئەکا !

(١) ناوونیشانی شیعرەکە عیبارەتێکی « کوردی »ی شاعیرە .

Institut kurde de Paris

ووتارێکی مێژوویی سەرکردەی شۆڕش لە بیرەوەری سیازدەمین ساڵەی شۆڕشدا «پاشماوە»

هاریکاری‌و پەیوەندی‌ی نێـــو دەولەتی‌ی شکۆمەندی‌و هاوسەنگانە .

● میوانداری کردنی حەوتەم کۆنگرەی بەرزی وولاتانی بێلایەن ●

عیراق .. لە ساڵی‌دا هـاتوودا لێپرسراوێتی‌ی میوانداری کردنی حەوتەمین کۆنگرەی بەرزی وولاتانی بێلایەن لە ئەستۆ دەگرێت‌و .. عیراق کە باوەڕی بە بیروباوەڕەکانی بێلایەن هێناوە باوەڕێ هێنانێکی قوول‌و چەسپاو هەرچی‌ی لـــە توانادا بێت درێغی ناکات بۆ بەڕێوەبردنی ئیلتیزاماتەکانی بەرانبەر بە بزووتنەوەکەو خزمەت کردنی بیروباوەڕو ئامانجـــە بەرزەکانی‌دا .. هەروەها ئێمە بە چەسپاوی‌و سوور لە سەربوون بۆ بەهێزکردنی هاریکاری‌و هاوکاری کـــردن لـــە نێوان وولاتەکانی‌دا کاردەکەین لەهەموو بوارێکی رامیـــاری‌و ئابووری‌و ڕۆشنبیری‌داو لەسەر پتەوکردنی سەنگی لە سیاسەتی نێو دەولەتی‌و بەهێزکردنی بەشداری‌یەکانی لـــە پشت‌گرتنی تێکۆشانی گەلان‌دا لـــە پێنـــاوی سەربەستی‌و سەربەخۆیی‌و پێشکەوتن‌داو لە چارەسەر کردنی تەنگ‌وچەلەمە نێـــو دەولەتی‌یەکان‌دا لەسـنـــەر بناغەی بیروباوەڕەکانی دادوەری‌و یەکسانی .

سیاســـەتی بێلایەنی لـــە تێڕوانینی ئێمـــەدا هەڵبژاردەیەکی ئاسایی نی‌یـــە بەڵکوو هەڵبژاردەیەکی مێژوویی‌بانەیە بۆ ئەو گەلانەی بە ئاواتی سەربەستی‌و ئازادی‌یەوەن .. لـــەم پەیڕەوەدا ئـــەوە هەیە کـــە بەچەشنێکی کاریگەر سەربەخۆیی‌و دەستەڵاتی دابیـــن دەکات‌و پتـــەوی دەکات‌و .. لـــەو باڵەبەستۆیانـــە دەپارێزێت کـــە دەیانەوێت زیان لـــە پەرەسەندنی سەربەخۆیی بدەن‌و سوود لـــە بارودۆخە دژوارەکانی دەبینن بەتایبەتی پێویستی‌یە ئابووری‌یەکانی‌و پێویستی‌ی بـــە ئاسایش دژی ئەو مەترسی‌یانەی کە هەڕەشەی لێدەکەن .

لە بڕوابوونی عیراق بە بیروباوەڕەکانی بێلایەنی ئەوا هەوڵی دامەزراندنی پتەوترین پەیوەندی‌ی سیاسی‌و ئابووری‌و لـــە هەموو بوارێکی تردا داوە .. لەگـــەڵ وولاتانی بێلایەن‌دا لـــە هەموو کێشوەرەکان داو .. ئێمە شانازی بەم پەیوەندی‌یانەوە دەکەین کە لەســـەر بناغەی پاکی‌و سوودی هاوبەش‌و لەســـەر بناغـــەی بیروباوەڕەکانی سەربەســـتی‌و دادوەری‌و خزمـــەت کردنی مەسەلە دادوەری‌یەکانی مرۆڤایەتی دامەزراون .

● باری گرژی‌ی نێو دەولەتە گەورەکان ●

لەم قۆناغەشدا کرژی لەنێوان دەولەتە گەورەکان‌دا گەیشتووەتە پلەیەکی ترسناك .. ئەوەبوو گفت‌وگۆکانی چەك داماڵین بۆ ماوەیەکی نادیار راوەستاو .. ئێستا زمانی هێزو هەڕەشەکردن لە نێوان دەولەتە گەورەکانی جیهان‌دا باوە .

ئەم بارو دۆخە بەترسناکی‌ی گەورە هەڕەشە لە ئاسایش‌و ئاشتی‌ی نێو دەولەتان دەکات‌و .. هەروەها هەڕەشە لە بەرژەوەندی‌یە جەوهەری‌یەکانی زۆربـــەی گەلانی جیهان دەکات .

تاقی‌کردنەوەی جیهان چەسباندی کە دەمەقاڵێ لە نێوان دەولەتە گەورەکان‌دا نابێتە هۆی هیچ ئەوە نەبێت کە دەبێتە هۆی پێکداهەڵپژانی ڕاستەوخۆ لە نێوانیان‌دا .. ئەویش بە گوێرەی هۆیەکانی هاوسەنگی لە هێزو لـــە پەرەسەندنی ووریایی گەلەکانیان‌دا پاش دووەمین جەنگی جیهانی ئەگەرچی ئێمە بـــە شێوەیەکی تەواو ئیحتیمالی جـــەنگ هەڵگیرسان لـــە نێوان دەولەتە گەورەکان‌دا دووردەخەینەوە .. بەڵام ئەم دەمەقاڵی‌یانە بەسەر دۆستان یان سەر بەم لایەن یان بـــەو لایەن‌دا دەشکێنەوە یان بەسەر بەشـــە بەلادانە خـــراوەکان‌دا دەشکێنەوە لە وولاتانی جیهانی سێهەم‌دا .. کە زۆر جار دەبنە هۆی هەڵگیرساندنی ناکۆکی‌ی چەکدارانەو .. جەنگ لە نێوان وولاتان‌دا – کە زۆر جار – بەشێکن لە جیهانی سێهەم .. بەمەیش گەلانی جیهانی سێهەم کە بە ئاواتی سەربەخۆیی‌و ئاسایش‌و پێشکەوتنەوەن لـــە پلەی بنەڕەت‌دا نرخی گرانبەها دەدەن .

● بەوپەڕی هێزەوە لایەنی کەم کردنەوەی توندوتیژی‌ی گرژی‌ی نێو دەولەتان دەگرین ●

ئێمـــە بەوپەڕی هێزەوە لایـــەنی کەم‌کردنەوەی توندوتیژی‌ی گرژی‌ی نێو دەولەتان دەگـــرین . ئـــەم پەیڕەوە سەرەڕای ئەوەی بۆ گەلانی دەولەتە گەورەکان پێویستە لە هەمان کات‌دا لەگـــەڵ بەرژەوەندی‌یەکانی زۆربەی وولاتانی جیهان‌و هەموو گەلان‌دا دەگونجێت .. ئێمە لەگەڵ ئـــەم پەیڕەوەداین کاتێك کـــە چەشنە لێك تێگەیشتنێکی تێدا نەبێت لەسەر حسیبی وولات‌و گەلانی دیکەو هیچ چەشنێك لـــە چەشـــنەکانی دابەش‌کردنی دەستەڵات‌و پشکەکان .

عیراق لە چوارچێوەی پەیوەندی‌یە نێو دەولەتی‌و چالاکی‌یە نێو دەولەتی‌یەکانیەوە هەمیشە بە چەسپاوی لـــە پێناوی پتەوکردنی بنەماکانی ئاشتی‌و ئاسایش لـــە جیهان‌دا کاردەکات‌و .. لـــە پێناوی کـــەم‌کردنەوەی تیژی‌ی ناکۆکی‌یەکانی نێـــوان دەولەتە گـــەورەکان‌و کەم‌کردنەوەی خۆ چەکدارکردن‌و .. ئەو گەلانەی کـــە لـــەم ئامانجـــانەدا بەرژەوەندیان هـــەیەو .. لـــە پێشەوەیانەوە گەلانی وولاتانی بزووتنەوەی بێلایـــەن لێپرسراوێتی‌یەکی ڕاستەقینە لە ئەستۆ دەگرن لـــە کارکردن بۆ وەدی‌هێنانی ئـــەم ئامانجـــەو ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڵوێست‌و سیاسەتانەی کە بارودۆخی نێو دەولەتان ئاڵۆز دەکەن .

● بڕوا پێبوونی قوول‌و گەشبینی سەبارەت بە پاشەڕۆژ ●

برایان ..

ئێمـــە کـــە پێ دەنێینە ساڵێکی نوێی ڕێڕەوی شۆڕشە پیرۆزەکەمانەوە هەســـتی‌بڕوا بـــە خۆبوونی قوول‌و گەشبینی دەکەین سەبارەت بە پاشەڕۆژ .

گەلەکەمان پێی هاویشتووەتە ســـەر ڕێگـــای سەربەستی‌و ڕاپەڕین‌و پێشکەوتن .. هەموو ساڵێکی نوێی ساڵەکانی ڕێڕەوەکەمان زێدەتر پێگەیشـــتن‌و شارەزایی دەخاتە سەرو .. زێدەتر هێـــزو بەتوانایی دەخاتە سەر .

● سلاو لە عیراقی بەسەربڵندەکان ●

سلاو لە ئێوە ئەی عیراقی‌یە سەربڵندەکان ئەی ڕۆڵەکانی بەسرەو سلێمانی‌و بەغداو میسان‌و نەینەواو نەجەف‌و ئەنبـــارو ذی‌قارو دهۆك‌و صەلاحـــەدین‌و کـــەربەلاو هەولێرو موثەناو دیالەو تەئمیم‌و واسط‌و قادسیە‌و بابل .

ئـــەی ئەوانەی خـــاکی پیرۆزی عیراقتان لـــە خرابەکاری‌ی دەستدرێژی پاراست ئـــەی ئەوانـــەی باڵەوانانە جـــەنگان‌و .. باڵەوانێتی‌یـــەکانی باوباپیرە مەزنەکانتان بۆ ئەم سەردەمە گێڕایەوە .

● ئەمانەتەکەتان بەجێهێنا ●

ئەوەبوو ئەمانەتەکەتان بەجێهێنـــاو پەیمانتـــان پاراست‌و چەسپاندتان کە عیراق بـــە تواناو بەهێزە هەوڵدانەکانی دوژمنـــان‌و تەماحکارەکـــان ناتوانن زیانی پێبگـــەیەنن .. ئێوە ســـەربەرزی‌و ســـەربڵندی‌ی وولاتەکەتانتان پاراســـت‌و مافەکـــانتان پاراست‌و .. سەری نەتەوەی عەرەبتان بەرز کردەوە .. لەگەڵ ئەو بارودۆخە خراپ‌و ئەو هەڵوێستە ناشیرینانەی هەندێك .. چەسپاندتان نەتەوەی عەرەب زیندووەو .. سەر بۆ ستەم‌و دیلایەتی‌و لەپێ لادان شۆڕ ناکات بەڵکـــوو چاوەڕوانی هەلی مێژوویی‌و بارودۆخی مەوزوعی دەکات بۆ ئازادبوون‌و ڕاچەنین‌و پتەوی .

● شەهیدە ئازیزەکان ●

ئەی شەهیدە ئازیزەکان ..

ئێمە قسەتان لەگەڵ ناکەین بەو چەشنەی کـــە پیاوان بوون‌و بەجێتان هێشتین .. بەڵکوو وا قسەتان لەگەڵ دەکەین کە پیاوانی زیندوون‌و لە نێوان گەلتان‌و لەنێوان براکانتان لە هێزە چەکدارەکان‌داو لـــە نێوان خێزانە سەربەرزەکانتان‌دا دەژین . « ولا تحسبن الذین قتلوا في سبیل الله امواتا بل احیاء عند ربهم یرزقون » .

– صدق الله العظیم – .

ئێوە گیانی خۆتان بۆ بەرگری کردن لە ماف‌و بۆ قوربانی‌ی عیراق پێشکەش کرد بەمە پەندێکتان لـــە ژیان‌دا دادا کە پەندی بێهاوتایە .

● عیراق شانازیان پێوە دەکات ●

ئـــەی مەردینە لێتـــان پیرۆزێت .. عیـــراق شانازی‌ی پێـــوە کـــردن‌و ئالاکانی بەرزبوونەوەو .. کەس‌وکارتان شانازی‌یان پێوە کردن ئەوەبوو سەریان لەنێو خەڵکی‌دا بـــە چەشنێکی دیار بـــەرز کردەوەو هاوڕێکانتان لە هێزە چەکدارەکان‌داو ڕۆڵەکانی گەل بە ئاواتی ئەوەوەن بگـــەنە پایەی ئێوە چونکـــە ئەمـــە سەربەرزی‌یەکی ئەوتۆیە کـــە هیچ سەربەرزی‌یـــەکی دیکەی پێناگات‌و نەبەردی‌یەکی ئەوتۆیە کـــە هیـــچ نەبەردی‌یەکی دیکەی پێناگات .

● نەبەردی‌یەکانی عیراقی مەزنتان دووبارە نواندەوە ●

ئێوەیش ئەی پیاوە جەنگاوەرەکانی عیراق لەبەرە .. ئـــەی ئەفسەرە بەجەرگەکان .. ئـــەی سەربازە دلێرەکان .. ئەی ئەوانەی ئازایانەو بە ووردی جەنگان .. بەمـــە نەبەردی‌یەکانی عیراقی مەزنتـــان دووبارە نواندەوەو .. ئەوەتان چەسپاند کە ئێوە نەوەی ئـــەو جـــەنگاوەرانەن کـــە بەدرێژایی ســـەدەکان ناویان دەدرەوشێتەوەو .. ئێـــوە پەندێکی بێهاوتاتان بـــە سەربازگەری‌ی عەرەب بەخشی کە نەتەوەی عـــەرەب ئەمڕۆ سبەینێ پێویستی‌ی پێی دەبێت لەتێکۆشانی‌دا لـــە پێناوی پاراستنی بوون‌و سەربڵندی‌ی خـــۆیداو گێڕانەوەی ماف‌و زەوی‌وزارە زەوت‌کراوەکانی خۆیدا .

● دڵی ملیۆنەها لەگەڵتان‌دا سەرکەوتنەکانتان تۆمار دەکـــەن ●

ئـــەی جەنگاوەران لـــە محەمەرەو دەروازەی عەبادان‌و ئەحوازو خەفاجیەو لە حوێزەو لـــە نزیکی شـــۆش‌و دیزەفـــوول .. ئـــەی ئـــەوانەی لـــە سەنگەرەکانتاندان لەمیهران‌و سۆمارو قەسری شیرین‌و لە نزیکی گیلان‌و سەرپێڵی زەهاوو لەســـەر گردەکانی نەوسوودو شوێنەکانی تردا .. دڵی ملیـــۆنەها لـــە ڕۆڵەکانی عیراق لەگەڵتان‌دا سەرکەوتنەکانتان تۆمـــار دەکەن‌و .. بەردەوام تکای سەرکەوتنتان بۆ دەکەن‌و .. ملیۆنەها لە ڕۆڵەکانی نەتەوە بە هیواو سەرسوڕمانەوە تەماشاتان دەکەن .. ئەوان سەرنجی خۆیان بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی کـــە بارودۆخ‌و پێداویستی‌یان بۆ هەبێت ئەوانەی کە ئازادی‌و داهێنانی ئەقڵی‌و دەروونییان بۆ ئێـــوە وەدی‌هێنا بۆ ئەوەی وەك ئێوە چـــۆن جەنگان ئەوانیش وا بجەنگن .. هەروەها چاویان بڕیوەتە ئـــەو ڕۆژەی کە لە پێناوی قودس‌و هەموو خاکی فەلەستینی زەوت کراودا دەجەنگن .. ئەدی ئێوە ئەو پیاوانە نین کە بەخوێنی خۆیان ئەو خاکە پیرۆزەیان بەر لە دەیەها ساڵ پاراو کرد .. ئەدی ئێوە ... ئەوانە نین کە لـــە جۆلان پاڵەوانانە جەنگان .. ئەدی ئێوە ئەو فڕۆکەوانانە نەبوون ... کە بە ئاسمانی سیناوە فڕین ..

● سلاو لە هەموو جەنگاوەران ●

سلاوتان لێبێت ئـــەی پیاوانی پیادەو زرێڵی‌و تۆپخانەو بەرگری ئاســـمانی‌و ئەندازیاری .. ئـــەی جەنگاوەرانی هێزی ئاسمانی‌و دەریاوانی ئەی ئەوانەی سەر بە هەموو چەشنێکی سوپان .

سلاو لە سەرکردەکان‌و .. سلاو لە فەرماندەکان‌و .. سلاو لە ئەفسەرەکان‌و ئەفسەرانی ڕیزو .. هەموو جەنگاوەرەکان لە ڕۆڵەکانی سوپای مەزنمان .

سلاو لە هێزە بەجەرگەکانی سنوور .

سلاو لە جەنگاوەرانی سوپای میللی .

سلاو لە هەموو ئـــەو ڕۆڵە دلێرانەی عیراق کـــە چەسپاندیان ئەوانەی شایستەی هەموو لێپرسراوی‌یەکن .. لێپرسراوی‌ی کارو بنیاتنان‌و تێکۆشان لـــە ڕیزی جەماوەرداو .. لێپرسراوی‌ی جەنگین کاتێك هەڕەشە لـــە وولات دەکرێت‌و .. پێویست دەکـــات هەموو هاوولاتی یەك چەك هەڵبگرێت .

● سلاو لە هەموو ئەوانەی لەبەرەکانی جەنگ‌دا کاردەکەن ●

سلاو لەهەموو ئەوانەی لەبەرەکانی جەنگ‌دا کار دەکەن .. ئەی ئەوانەی ڕێگاکانتان قیرتاو کردو .. پردتان دروست کردو .. چەسپاندتان کە عیراقی نوێ لـــە هـــەموو هەڕەشەکانی سروشت بەهێزترەو لـــە نەخشـــەکانی دوژمنـــان‌و بۆچوونەکانیان بەتواناترو زیرەك ترە .. سوپاس بۆ ئێوە بۆ ئەم دەستکەوتە نایاب‌و سەرکەوتنە مەزنانەتان .. ئێوە بە مێشك‌و بە بازووتان لەبەرە چەندین بەلگەی مەزنتان دروست کرد .. ئێمە بەم گیانەو گیانی جەنگاوەرە بەجەرگەکان – بە پشتیوانی خوا – لە بنیاتنانی عیـــراقی بەهێزی پێشـــکەوتوو بەردەوام دەبین .

● سلاو لە هەموو ئەوانەی بەشداری‌ی جەنگیان کرد ●

سلاو لـــە هەموو ئەوانەی بـــە مێشکی ڕووناك‌و پەڕەموچی داهێنەرو پێنووسی شکۆمەندو سروودی نیشتمانی بەشداری‌ی جەنگیان کرد .

سلاو لـــە هەموو ئەوانەی قورسایی جەنگیان کەوتە ئەستۆو پێداویستی‌یەکانیان لە هەموو بوارێك‌دا دابین کرد بەمە سەرنجی نەتەوەو سەرنجی جیهانیان بۆ لای ئەم گەلە ڕاکێشا کە لە هەموو قۆناغ‌و لاپەڕەکانی جەنگ‌دا سەرکەوت .

● سلاو لەوانە دەکەین لایەنیان گرتین ●

برایان ..

ئێمە لە ناخمانەوە سلاو ئاڕاستەی هەموو ئەوانە دەکەین لەم جەنگە شکۆمەندی‌یەدا لایەنیـــان گرتین‌و سلاو لە هاوڕێ‌و دۆستە تێکۆشەرەکان دەکەین کە لـــە پێناوی سەربەستی‌و دادوەری‌و پێشکەوتن‌دا لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین‌دا تێدەکۆشن ئەوانەی کـــە لایەنیان گرتین‌و هەڵوێستی هاریکاری‌ی دڵسۆزایەیان دژی دەستدرێژی‌یەکەی زایۆنی دەربڕی .

هەروەها سلاو لە هەموو بەشەرەفەکان دەکـــەین لـــە جیهان‌دا ئەوانەی کـــە هەڵوێستی مافپەرستی‌و وێژدان ڕاوەستان دژی ڕەگەز پەرستی‌و دەستدرێژی هەروەها سلاوو سوپاسگوزاری‌ی ڕێزگرتنی ئاڕاستەی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەین کـــە لـــە ئاهەنگ گێڕانەکانمان بە بۆنەی جەژنەکانی شۆڕش‌دا بەشداریمان لەگەڵ دەکەن .. ئێمـــە دووپاتی شانازی‌ی خۆمـــان دەکەینەوە بەرانبەر بە هەڵوێستەکانیان‌و بەتەنگەوەبوونی دۆستایەتی‌یان لە لایەن ئێمەوەو .. هیوای خێـــرو پێشکەوتن بۆ گەلەکانیان دەخوازین .. ئیتر سـلاوو بەرەکەتی خواتان لێبێت .

Institut Kurde de Paris

هاوڕێ طارق عەزیز لە بەردەم کۆنگرەی جیهانی بۆ پشتگیری عیراق دووپاتی دەکاتەوە :

عیراق لەمێژە ئامادە بووە و ئامادەیە بۆ هاوکاری لە پێناوی چارەسەری دادپەروەرانە و شەرەفمندانەی ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئێراندا

هاوڕێ طارق عزیز لەبەردەم کۆنگرەی هاوکاری جیهانیدا بۆ پشتگیری عیراق دووپاتی کردەوە کە : هاوڕێ طارق عزیز ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ئەندامی سەرکردایەتی سۆشیالست ئەندامی هەرێمایەتی جێگری سەرۆك وەزیران ، ئەوەی دووپات کردەوە کە عیراق بەردەوامە ئیستا ، ئەمڕۆ سبەینێ ، ئامادەیە بۆ وەستاندنی دەستو بردی شەڕو دەستکردن بە گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆیان ناڕاستەو خۆ لە سایەی نێردراوی یان وڵاتانی بێ لایەنیان ڕێکخراوی کونگرەی ئیسلامی ئەتەوە یەکگرتوەکاندا بۆ گەیشتنی بە چارەسەری عادیلانەو شەرەفمەندی ناکۆکی نێوان عیراق و ئێران .

لە ووتەیەکدا ، لە بەردەم بەشدارانی کونگرەی هاوکاری جیهانی بۆ پشتگیری عیراق ، وەلامە کۆبوونەوەی شەشەممدا ئێوارەی چوارشەممەی ڕابووردو وتی : بەکەمجار عیراق بوو داوای وەستاندنی شەڕی کردو پەنابێرێتە بەر گفتوگو بۆ چارەسەری تاکۆکی نێوان عیراق و ئێران بەشێوەیەکی ئاشتیانەو لەسەر بنەڕەتی ئەو بیروباوەڕانەی گەلانی ئازادیخواز باوەڕیان پێیەتی و لەگەڵ بیروباوەڕەکانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان و بزوتنەوەی وڵاتانی بێ لایەن و ئەو بیروباوەڕانەدا دەگونجێ کە ڕێکخراوی کونگرەی ئیسلامیان لەسەر دامەزرا .

هەروەها وتی : ئەو بەکار نەهێنانی هیزو بیروباوەڕانە ، بریتیە لە هەرەشەنەکردن پێی لە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان وڵاتانی ناوچەکەداو هەموو ئەو مافە ڕەوایانەی لەوە بەر لە ڕێگای هیزەوە بەراون بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وردێز دەریایی لە خەلیج و گەرووی هورمزدا .

بڕوانە ل : ١١

ڕاگەیاندنی جیهانی بەغدا نوێنەری زیاتر لەسێ بەشی مرۆڤایەتی جیهان پشتگیری عیراق دەکەن

نوێنەرانی زیاتر لە سێ بەشی مرۆڤایەتی ، هاوکاری برایانەی تەواویان لەگەڵ عیراق و گەلو حزبەکەیدا بە ڕابەری هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین دەربڕی دژی دەستدرێژی زایۆنی و ئیمپریالی و لە پێناوی بەردەوامی ی روانی شۆڕشگێری نەتەوەیی و سۆشیالستی و بێلایەنداو بەر پەچدانەوەی توندی نەخشەی پیلانگێرانی دوژمنان .

لە ڕاگەیاندنی جیهانی بەغدادا کە لە کونگرەی هاوکاری جیهانی بۆ پشتگیری عیراقەوە دەرچوو ، بەڕێز سعد قاسم حمودی سکرتیری لیژنەی هونینەوەو ئەندامی وەفدی عیراق خوێندیەوە پشتگیری تەواو بۆ عیراق دووبات کرایەوە ئاشتیبانەی و زامن کردنی تەکنەلوژیان نوێی پێشکەوتو بۆ خێری گەلەکەی و سوودی نەتەوەی عەرەب .

کونگرەکە لە ڕاگەیاندنەکەیدا عیراقی بانگ کردوە بۆ دروست کردنەوەی بنکەی ئەتۆمی خۆی بەو جۆرەی لەگەڵ پێداویستەکانی پەرەسەندنی گەلی عیراق و گەلانی جیهاندا دەگونجێ و دانانی نەخشەیەکی زانستی چالاك بۆ ژیاندنەوەی بەهرەی شارەزای عەرەبی لەم ڕووەوە هاندانی کۆچ کردوەکانیان بۆ گەڕانەوە و چێگر بوون و بەرهەم هێنان و دانانی بنەڕەتی چەسپاوی هاوکاری ئەتۆمی زانستی .

کونگرەکە ٧ی حوزەیرانی هەموو ساڵێکی دانا بە ڕۆژی هاوکاری لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و گەلانی وڵاتە تازە پەرەسەندوەکان لە پێناوی بەدی هێنانی پەرەسەندنی زانستی و تەکنەلوژیای ئەتۆمی و دروست کردنی دەزگایەکی دەوڵەتان بۆ بەدوادا چونی جێبەجێ کردنی بریارەکانی کونگرەی جیهانی پشتگیری عیراق کە بارەگاکەی لە بەغداد بێت و هەڵمەتی ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ ئەم مەبەستە ساز بدرێ .

هەروەها کونگرەکە تێ گەیشتنی تەواو دەربڕی بەرامبەر بەو زوڵم و زۆرە میژوویەی کە ئیستعمارو زایۆنی بەسەر گەلی فەلەستین و نەتەوەی عەرەبیا هێناوەو گەلێکی غەریب و چەکداری باوەڕ بە دوژمنایەتی کاری و ڕەگەزپەرستی هینایە سەر خاکی فەلەستین تا جێگای خەلکە عەرەبەکەی بگرێتەوە .

ڕاگەیاندنەکەی بەغدا پشتگیری تەواوی بۆ گەلی فەلەستین و شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەی بە ڕابەری ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین دەربڕی کە نوێنەری ڕەواو تاقانەی گەلەکەیەتی بۆ سەند نەوەی مافی ڕەوای خۆی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی بە شاری قدسی پیرۆزەوە .

کۆنگرەکە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کەوا هێزەکانی وڵاتانی عەرەب و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی و وڵاتانی بێلایەن لێخواستراون کەوا لەهەموو ڕوویەکەوە تەقەللایان یەکخەن بۆ دەرخستنی سروشتی ڕەگەزپەرستی و دوژمنایەتی بەربڵاوی قەوارەی زایۆنی و بچڕانی پەیوەندی لەگەڵیا بۆ دوورخستنەوەی لە کۆڕە دەوڵەتی و ڕێکخراوو دەستە ناوچەیی یەکان و کار بکرێ بۆ دەرکردنی لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە دەوڵەتی یەکانی تر هەروەها بۆ وەستاندنی ئەوشتانەی کە دەدرێ بە قەوارەی زایۆنی و دەتەقێتەوە .

هەروەها کۆنگرەکە داوای بەستنی کۆڕێکی تایبەتی کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات بۆ ئەوەی سەبارەت بە بۆردومان کردنی دەزگا ئەتۆمی یەکانی عیراق لە لایەن زایۆنی یەوە بدوێن .

هەشتەم .. نەتەوەی عەرەب وزەو سامانی ئابووری و دارای زۆری هەیە وەك سامانی نەوت و پارەی پاشکەوت کەوا خراونەتە بانگی بێگانەوە کەوا مولکی میللەتانی ناوچەکەیەو کە لە پلەی جیهانیدا دەبێتە چەکێکی بایەخدار لە شەرەکەماندا دژی یەکگرتنی زایۆنی و ئیمپریالیزم .. لەم ڕووەوە کوبانگرەکە داوای ئامادەکردنی ئەم وزانەو هەموو ئەو بەرهەمانەی تر دەکات لە شەڕی سەربەخۆیی گەلان و ڕزگاربوون لەژێر دەستەیی ئابووری و هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی وڵاتە ئیمپریالی و زایۆنی جیهانەوەو کار بکرێ بە خستنە کارەوەی ئەم بەرهەمە دارایی یە لە پرۆژەی پەرەپێداندا بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم .. ئەمەش بۆ پتەوتر کردنی خەباتی هاوکۆیی سرینەوەی پاشماوەکانی سەردەمی ئمپریالیزم و دەستبەسەردا گرتنی بێگانە .

بەو نیازەی کەوا کاری بەرگری کردن لەم بەرهەمانە مافی تەنیا گەلانی ناوچەکەیە .

نۆ .. لە هەستی کۆنگرەکەوە سەبارەت بە بایەخداریتی دەستکەوتنی زانین و زانیاری و ئەتۆمی و تەکنەلۆژی تایبەتی خۆی بۆ عەرەب و گەلانی جیهانی سێیەم و گەیشتنە قوناغێك توانای کار کردن بەم زانینەو بێ مەرج و گرێ جێبەجێکرێ بە جۆرێك کە بۆ بنیاتنانی ئابووری ئەم گەلانەو پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی پلەی ژیانی مرۆڤ و پەیداکردنی ئەو کەرەسەو کەلوپەل و دەزگا ئەتۆمییەیێ ..

لەبەر ئەوە داوادەکات ..

ا - کە عیراق سەرلەنوێ بنیاتی دەزگا ئەتۆمی یەکەی بنێت کەوا لەگەڵ خواستە پێشکەوتووەکانی گەلی عیراق و ئەو گەلانەدا بگونجێ کەوا پێویستی بە دەستکەوتی پێشکەوتوی عیراقی لەم بوارەدا هەیە .

ب - کەوا دەسنخستنی کادری مرۆڤی کەوا شارەزای زانین و زانیاری بێ .. شارەزای یەکی باش .. سەرنجو ڕاپەراندندار بێ لە بواری زانیاری ئەتۆمیدا .. دەرکەوتووترینی ئەو کارانەبێ کەوا شایەستەی بایەخ پێدانی عەرەب و گەلانی ترە .. کەوا کارێ دەکات کە نەخشەیەکی کارو گورچوگۆڵ وەدی بهێنێ بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەکی زۆری شارەزا لە وڵاتەکانی عەرەبدا لە چوارچێوەی مەلبەندی شارەزاکردنو مەشق کردندا عیراق بکرێتە مەلبەندی ..

ج - دانانی نەخشەیەکی کارو گورچوگۆڵ بۆ گەڕانەوەی توانای عەرەبی تایبەت لەبارەی کۆچ کردنو هاندانی بۆ گەڕانەوەی و گیربوونی و بەرهەمدانی ..

د - بەگورجی ڕوویێو کردنو گەڕانی جێۆلۆجی بەشوێن ئەو کەرەسانەی کەوا لە نیشتمانی عەرەبدا باوە .. دانانی بەرنامەی بەرهەمدانی سەرچاوەکان کەوا ڕێیان دراوە .

بنەڕەتەکانی هاریکاری ئەتۆمی

هـ - پێکهێنانی بنەڕەتی گیربوو بۆ هاریکاری ئەتۆمی زانیاری و جێبەجێ کردن لە نێوان وڵاتانی عەرەب و مەلبەندەکانی گەڕانی ئەتۆمی لە وڵاتە دۆستەکانو لە دەوڵەتە جۆربەجۆرەکانی جیهانی سێیەم .

هەروەها لە نێوان مەلبەندەکانی لێکۆڵینەوەو گەڕانی ئەتۆمی عەرەبی و کارکردن بۆ ڕیکوپێکردنی بوونی تەواوکردنی شارەزای یەتیەکانی .

و - گۆڕینەوەی زانیاری سەبارەت باراستنی ئەم مەلبەندانەو پێشخستنی هۆ ..

دەبەم - بانگکردنی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ پێشکەشکردنی هەموو یارمەتی یەکی پێویست بۆ عیراق و وڵاتانی عەرەب و وڵاتانی جیهانی سێیەم بۆ دروست کردنی دەزگای ئەتۆمی کە بۆ مەبەستی ئاشتی و قازانجی پەرەپێدان و پێشخستن و گەشەکردن بەکاربهێنرێ .

کۆنگرەکە دووباتی دەکاتەوە کە لە نێوان مەبەستەکانی دەستدرێژی ئەم دوایی یەی زایۆنیدا .. سەپاندنی گلدانەوەی ئەو وڵاتە ئەوروپایی یەن لە لای ئەمریکاوە کەوا ئاڵودێری یان لەگەڵ عیراقدا لە بواری ئەتۆمیدا هەیە .. ئەم دەوڵەتانەش بانگ دەکات بەتایبەتی هەموو میللەتانی جیهان بۆ کردنی کاری هاوکۆیی گورچوگۆڵ و دلێرانە بۆ بەرەوروو بوونەوەی دەسەڵاتی ئەمریکاو هەڵوەشاندنەوەی .

یازدە .. تاوانبار کردنی پەیمانو کەرت کردنو بنکەی سوپایی دوژمنایەتی لە نیشتمانی عەرەب و هەموو جیهانداو داوا کردنی زوو نەمانی بوونی سوپایی ئەمریکاو ئەمەش بۆ پتەو کردنی سەربەخۆیی نەتەوەی عەرەب و جوولانەوەی بێلایەنو .. خزمەتی ئاشتی جیهان .

دوازدە .. کار کردن بۆ سەرهەڵدانی جوڵانەوەیەکی جیهانی مەبەستی دامالینی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان بێ لەپێش هەموویانەوە قەوارەی زایۆنی و باشووری ئەفریقا لە چەکی ئەتۆمی و ئامادە کردنی ڕای گشتی جیهانی بێ دژی ئەو دەوڵەتانەی کەوا چەکی وێرانکاریان بۆ دەنێرن .

سیازدە - دانانی (٧) حزیران هەموو ساڵی ، ڕۆژی هاوکۆیی جیهانی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و گەلانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەمەش بۆ وەدیهێنانی پێشکەوتنی زانیاری و تەکنەلۆژی ئەتۆمی .

چواردە - پێکهێنانی دەستەیەکی دەوڵەتان بۆ ئاگاداربوونی لە ڕاپەراندنی بریارەکانی کۆنگرەی جیهانی بۆ لایەن گرتنی عیراق کە مەلبەندەکەی بەغداد بێ و پێکهێنانی هێرشی ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ ئەم مەبەستە .

بەشدارانی کۆنگرەی بەغدا کەوا نوێنەرایەتی زیاتری سێیەکی ئادەمیزاد دەکەن ، لەسەر ئەم زەوی یە بەخشش دارەوە کەوا لە دایکبوونی یەکێ لە پێشکەوتووترین شارستانیەتی مرۆڤی دیوە .. سووربوونیان لەسەر خایاندنی تێکۆشانیان وەك یەك دەست دووپات دەکەنەوە دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیەت و بۆ تەواوکردنی سەربەخۆیی هەموو گەلان لەژێر دەسەلاتی بێگانەو زۆرداری و ڕەگەز پەرستی و دوژمنکاری و بۆ بنیاتنانی جیهانێکی ئاسایشداری دووری زۆرداری و داگیرکردنو جیاوازی و چەوساندنەوە .

با هەر پتەو بێ یەکێتی خەباتکەرانو پێشکەوتنخوازان لە هەموو جیاندا .

هێزی خراپەو خوین ڕشتنو تاریك با هەر بشکێ . بۆ پێشەوە .

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیری دەوڵەتدا بەڕێز هاشم حسن عقراوی

بە بۆنەی بیرەوەری ی شۆڕشی تەمووزی مەزنەوە :

لە سایەی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی مەزنی حەفدەی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨داو لە بیرەوەری ی سیازدەهەمین ساڵەی ئەم شۆڕشە مەزنەداو تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر وەرگرتنی پایەی پێشەنگی حزبو دەوڵەت لە لایەن هاوڕێی تێکۆشەرەوە سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ، ئەوا - هاوکاری - چاوی بە وەزیری دەوڵەت بەڕێز هاشم حسن عقراوی کەوت ، بۆ ئەوەی سەبارەت بیرەوەری ی ئەم شۆڕشە مەزنەو دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانی بۆمان بدوێت ئەوەبوو بەڕێزی ووتی :

جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر دووان دەربارەی شۆڕشی حەفدەی تەمووز لە بیرەوەری ی سیازدەهەمین ساڵەیدا کە بە ویژدانی عیراقی یەکانەوە بەستراوەتەوە لایەکەوە نوشوستی یەکەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ کاری لە دەروونە نازادو پڕ بەجۆشەکان دەکردو ژانی کوشندەی تێ دەناخنین ئەوەبوو نەتەوە نەیدەزانی بۆ کوێ بڕواتو چۆن لە واقیعی تاڵی خۆی ڕزگاری بێت .

لە بەرانبەر ئەم بارە ترسناکەکەی ژیانی نەتەوەدا دەبوو کارێکی مەترسی دارو شۆڕشێکی فراوان ئەنجام بدرێت زەمین لە ژێر پێی دوژمن دا بسووتێنێت و ڕێگا بۆ ئەوانە ڕووناك بکاتەوە کە باوەڕیان بە مافی گەل و نەتەوە هەیە لە ژیانێکی سەربەرزانەداو نائومێدی لە دەروونە نازادەکان دا لابەرێت بەم جۆرەیش دەبوو کۆڕانکاری ی شۆڕشگێرانە بێت ئەویش لە چوارچێوەی شۆڕشێکی نەتەوەیی و سۆشیالیستەوە .

بەڵام کێ ئەم شۆڕشە بەرپا بکات ؟

ئایا جگە لە تێکۆشەرە چەکدارەکان بە بیروباوەڕی نەتەوەیی و سۆشیالیستی بەرپای دەکەن ؟

هەروەها بەو جۆرەیش ڕووی دا کاتێك حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بریاری بەرپاکردنی شۆڕشی دا لە سەرلەبەیانی ی حەفدەی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ .

هەروەها وەزیری دەوڵەت ووتی :

ئەگەرچی نەخشەدانان بۆ شۆڕش و جێبەجێ کردنی کارێکی ئازایانەو وورده حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەنجامی دا ئەوا نەخشەدانان پاش بەرپابوونی و سەرکەوتنی و وەدی هێنانی ئامانجەکانی لە بواری پراکتیکی دا دیسانەوە کارێکی ئازایانەو وورده دیسان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەنجامی دا بە تێکەڵاوبوونی گیانی بەگیانی لەگەڵ گەلداو بەشداری کردنی دلسۆزانەی لە سەرخستنی دا .. مادام ئێمە لە نەخشەدانان پاش بەرپابوونی شۆڕش دەدوێین دەبێت بەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە حزبی بەعس بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی یانە نەخشە دابنێت و ڕوو بکاتە چارەسەرکردنی ئەو تەنگو چەڵەمە بنەڕەتی یانە کە نیشتمان گیرۆدەیانە بۆ ئەوەی لە لایەنی ڕامباری و کۆمەڵایەتی و ئابووری یەوە ڕابچەنێت و یەرە بسێنێت و بۆی بێتە مەلبەندێکی تیشکدانەوە بۆ نەتەوەو بۆ هەموو ناوچەکە بۆیە دەبوو ئەم بنەڕەتی یانە بە گوێرەی بۆچوونی بیروباوەڕی یانەی حزب دەستنیشان بکرێن بە چەشنێك چارەسەرکردنیان بێتە هۆی بارێکی پەرەسەندن کە دیسان لە حسێب کردندا کەپشتی بە مەوزووعیەت و زانستیانە بەستووە .

● شۆڕش ڕوو بە ڕووی هەموو شتێك بووەوە کە کۆسپ دەخاتە ڕێگای دەستەڵاتی عیراق ●

وەزیری بەڕێز دووپاتی کردەوە کە حزب لە سەرەتاوە بایەخی زۆری داو بریاری دا ڕوو بکاتە بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەوەی کۆسپ ڕەخنە ڕێگای دەستەڵات و سەربەرزی عیراقەوە چونکە بەبێ ئەم دەستەڵاتە ناتوانرێت خواستی ئازادو سەربەست وەدی بهێنرێت بۆ ڕووتێکردنەکانی پاشەڕۆژو بریاری بەیەکدا لاخەری عیراق دوور لە پاڵەپەستۆی ڕامباری و ئابووری کە دوژمن بەکاری دەهێنێت هەر کە لووا ئەنجامی بدات .

● مەسەلەی خایەن و بەکرێگیراوەکان ●

ئەوەبوو شۆڕش لەم ڕووتێکردنە بیروباوەڕی یانەوە بریاری دا بەرەنگاری ئیمپریالیزم بێتەوەو بنەماو پاشماوەکانی لە خایەن و بەکرێگیراوو کۆمپانیاکان پاکو بدات ، ئەوەبوو ئیجراءاتەکانی شۆڕش بەرانبەر بە سیخوڕو بەکرێگیراوو کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان یەك بە شوێنی یەکدا هاتن بۆ وەدی هێنانی سەربەخۆیی بە بۆچوونی شۆڕشگێرانەی فراوان ئەنجا ئەنجامدانی ئیجراءاتەکانی تر کە هەموو بایەخیان بە مەسەلەیەکی گرنگو بنەڕەتی دا ئەویش وەدی هێنانی پەرەپێدانە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا بە بەرزکردنەوەی ڕادەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ .

هەروەها بەڕێز عقراوی ووتی :

کە شۆڕش سەرکەوتو زۆربەی ئەرکە نەتەوەیی یەکانی وەدی هێناو وولاتی عیراق وای لێ هات لە بارێکی پێشکەوتووی پەرەسەندنی ڕامباری و ڕۆشنبیری و ئابووری دا بژێت دەبوو شۆڕش ڕوو بکاتە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکانی دیکەی ئەویش بە بەرەنگاربوونەوەی توندی تەنگو چەڵەمەکانی نەتەوەی عەرەب و وەستاندنی باری هەرەسهێنانو ڕووخان کە لە ئەنجامی نوشستی - یەکەی حوزەیرانەوە هاتبوونە ئاراوەو نەتەوە بێ یان گەیشت بە دەستی هەندێك ڕژێمی عەرەب و بەرەنگاربوونەوەی ناوەندی پێك دەهێنێت لە لە پێلانگێڕان دژی ئەم نەتەوەیەو ڕاوەستان دژ بە ڕاپەڕینو پەرەسەندنو پێشکەوتنی .

● هەڵویستەکانی شۆڕش ●

هەروەها بەڕێز هاشم عقراوی ووتی :

شۆڕشی حەفدەی تەمووز لەم بارەیەوە هەڵویستی دیاری هەیەو مرۆڤ ناتوانێت لە بیریان بکات کاتێك لەم شۆڕشە دەدوێت کە قوربانی یەکی زۆری بەخشیوە لە پێناوی سەربلندی ی شۆڕش و سەربەرزی و پاشەڕۆژی دا .

ئەوەمان بۆ لەم بارەیەوە بلێین کە شۆڕشی حەفدەی تەمووز بۆ ئەوە بەرپا بوو تاکرو ئەم نەتەوەیە ڕزگار

بڕوانە ل : ١١

Institut kurde de Paris

بەبۆنەی جەژنەکانی
ئەموزی پیرۆزەوە

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ هاوکاری دەدوێت

بەبۆنەی تێپەڕبوونی سیازدە ساڵ بەسەر حەفدەی تەموزی پیرۆزی ساڵی ١٩٦٨و تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ، ئەوا - هاوکاری -چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز بهاءالدین احمد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ئەنجام داوە ،لێرەدا دەیخەینە پێش چاوی خوێنەران ..

پرسیار : لە چوارچێوەی ڕێڕەوی سیازدە ساڵەی تەمەنی شۆڕشەکەمانەوە چۆن تەماشای ڕێڕەوی تێکۆشان و دەستکەوتە مەزنەکانمان دەکەیت بۆ هەموو چینەکانی گەلەکەمان ؟

بەڕێز بهاءالدین احمد :

شۆڕشی حەفدەی - سی‌ی تەموزی مەزن توانی‌ی بنکەیەکی پتەوو چەسپاوی بنیاتێکی شۆڕشگێڕانەی بلند دامەزرێنێتو ، بۆ تاقی‌کردنەوەیەکی قووڵو پێشکەوتوو لە تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕەکان لە جیهانی لەمڕۆدا ، کە بە ڕێڕەوی سەر بە خۆیانەی خۆی‌و، پەیڕەوی سۆشیالیستی‌و نەتەوەیی یانەو ، بەخشنە بێ هاوتا دیموکراتی‌و سۆشیالیستی‌یەکانی بناسرێت ، بگرە ئەم شۆڕشە لەو دەستکەوتانەی وەدی‌ی هێناون‌و ئەوە بەخشنانەی وەدی‌ی هێناون بووەتە جێ سەرنجی ئاواتی هەموو جەماوەر لە نیشتمانداو لەلای هەموو گەلانی جیهان واتە وای لێ هاتووە بە ڕێزلێنان‌و نرخاندنەوە تەماشای ئەم شۆڕشە مەزنە دەکەن‌و ، بە ئەو تاقی‌کردنەوە نموونەیی‌یەی دادەنێن کە چاولێ‌کەری‌ی بکرێت لەوەی کە پشت بە خواستەکانی گەل دەبەستێت لەسەر بناغەی هاوکۆفی‌و یەکسانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتەکانی جیهاندا‌و ، لەو دەستکەوتە شۆڕشگێڕی‌یە مەزنەی کە لە چوارچێوەی ڕێڕەوەکەیدا وەدی‌ی‌هێناون کە سیازدە ساڵە درێژەی کێشاوە وپڕ بووە لە هەموو دەستکەوتێکی پێشکەوتنخوازانەی بێ‌هاوتاو مەزن.

گەلی عیراقمان کە لە سێبەری شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموزو سەرکردایەتی‌یە مێژووی‌یە سەرکەوتووەکەیدا بە سەرۆکایەتی‌ی سەرۆکی فەرمانده پاڵەوانی پزگاری نەتەوەیی صدام حسین ، جوانترین‌و خۆشترین ماوەی ژیانی بەسەر دەبات‌و سوود لە بەرو بومی ئەم شۆڕشە مەزنە دەبینێت کە سەربەستی‌و سەربەرزی‌ی بۆ گێڕاوەتەوەو خستوویەتیە سەر ڕێگای ڕاچەنین‌و پێشکەوتن هەمیشە گەرد بوونەوەی خۆی لە دەوری ئەم شۆڕشەو تێکچڕژانی لەگەڵیداو ، بڕوا هێنانی بە پەیڕەوکەی دەردەبڕێت ، ئەمەیش بە ئاشکرا لە چوارچێوەی جەنگە نەتەوەیی‌یەکەمانەوە دەردەکەوێت دژ بە فارسی‌ڕەگەزپەرستی دوژمن ، ئەوە بوو چەماوەری گەلمان‌و هێزە چەکدارە پاڵەوانەکانمان و هێزەکانی سوپای میللی‌ی پاڵەوانمان گەورەترین سەرکەوتنیان وەدی‌دەهێناو قوربانی‌ی مەزنیان لە پێناوی ڕزگارکردنی خاك‌و ئاوی نیشتمان‌و گێڕانەوەی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلەکەمان‌دا بەخشیوە بۆ دووپات کردنەوەی ڕاستگۆیی سەربەشۆڕش‌و ئەوە پەڕی خۆشویستنی سەرکردە پاڵەوانەکەی .

لێرەشدا دەمەوێت پەنجە بۆ جەماوەری گەلی کوردمان درێژ بکەم کە بە تەواوی مافە نەتەوەیی دیموکراتی‌یەکانی خۆی وەرگرت لە چوارچێوەی ئیجراءاتەکانی شۆڕشەوە کە مەبەستیان ئەوەیە گەلی کورد مافەنەتەوەیی‌یەکانی خۆی بەڕێوە ببات بە چەشنێك هەڵوێستی مرۆڤایەتی‌و مەبدەئی‌یانەی شۆڕش بخاتە پێش چاوو ڕوو بەڕوو بوونەوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد چارەسەری‌یەکی ئاشتی‌و دیموکراتیبانەوە وەدی‌هێنانی ئۆتۆنۆمی‌و سەرهەڵدانی دام‌و دەزگا دەستووری‌یەکانی وەکوو هەردوو ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن‌و یاسادانان بۆ ئەوەی ئەوە ئەرك‌و دەستەڵاتانەی پێیان سپێردراوە جێبەجێ بکەن لە سێبەر پشتگیری کردنی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش بە سەرۆکایەتی‌ی سەرۆکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین کە خۆی چاودێری‌ی تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی دەکات‌و هەموو پشتگیری‌و یارمەتی‌یەکی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە بنیاتی شۆڕشگێڕانەو نوێی عیراق‌و چەسپاندنی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی گەلەکەمان‌دا بگرێت ، دەڵێم جەماوەری بەربابوونی شۆڕشی مەزنی گەلی کوردمان وای لێ‌هاتووە لە چوارچێوەی ئەم دەستکەوتانەوە هەر لە خۆوە لە دەوری شۆڕش‌و سەرکردایەتی‌یەکی کۆدەبێتەوەو تێکەڵاوی دەبێت تێکەڵاوییەکی زیان‌و چارەنووس‌و دوارۆژانە .

سەلاو لە شۆڕشی چەماوەر ، شۆڕشی حەفدەی سی‌ی تەموزو سلاو لە سەرکردەی پاڵەوانی ، تێکۆشەر صدام حسین .

پرسیار : پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر تاقیکردنەوەی دیموکراتیانەی ئەنجوومەنی نیشتمانی‌دا ، چۆن تەماشای پاشەڕۆژی ئەم تاقی کردنەوەیە دەکەن ؟

- بەڕێز بهاءالدین احمد

بنەماکانی تاقیکردنەوەی دیموکراتی لە وولاتەکەمان پتەو تر بوو بنکەکەی چەسپاو ، بەهۆی ڕەفتارکردنی پراکتیکی‌ی ئەرك‌و دەستەڵاتەکانەوە کە بە ئەنجوومەنی نیشتمانی ڕاسپێرراون پتەو تر بووە ، کە سەرهەڵدانی قۆناغێکی پێشکەوتوو پێك دەهێنێت لە سەر ڕێگای بنیاتنانی شۆڕشگێڕی‌و دیموکراتی‌یانەی وولاتەکەمان ، ئەگەرچی ساڵی یەکەمی تەمەنی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرەسەڵدێکی گرنگی لە ڕێڕەوی ئەم تاقی کردنەوەیەدا پێشکەوتنێکی فراوانی لە سەر ڕێگای بەڕێوەبردن‌و ڕاپەڕاندنی لێپرسراوە پێ سپێردراوەکانی ئەنجوومەن‌دا وەدی‌هێناوە لە پێشەوەشیان ڕاپەڕاندنی ئەرکی یاسایی‌یەکانی خۆی بەبڕیار

پڕوانە ل : ٧

گرنگ‌ترین پڕۆژەکانی ڕێگاوبانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ١٩٨١

لەوە دەچێ بازرگانەکۆنەکان‌و تیبتیان « هەموو ڕێیەك بۆ بانە دەچێ » ، وبنە ئەمو سەردەمانەی پێشودا بانە یەکێك بووە لەومەڵبەندە بازرگانیانەی کە لە زۆر شوێنەو جێگاوە ڕویان‌تێکردوە ، ئاشکراشە بۆیەلەو وتەیەشدا ناوی ڕێگا هاتوە چونکە دەورێکی گەورەلەم بوارەدا بە تایبەتی‌و هەموو بوارەکانی‌کەشدا بە گشتی دەبینێت ...

با بزانین لە ئێستای، وڵاتەکەماندا ئایا هیچ بایەخێك بە لایەنی ڕێگاوبان دراوە ؟

ئەم ڕووەو بەڕێز محمود سلمان احمد بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی پارێزگای سلێمانی وتی : بە پێی ئەخشەی ساڵانەی ساڵی ١٩٨١ ڕێوەبەرێتی‌یەکەمان هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێگاوبان کە لەگەڵ ئەمەشدا شایانی باسە لە ٦٥٪ی ئەندازیارو هونەری‌و ئامێرەکانمان ئەرخان کراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئیشەو کاری ڕێگاو بانی جەنگی قادسیەی صدام کە هەڵدەستین بە ڕایەڕاندنی چەند پڕۆژەیەکی گرنگ بۆ دابین کردن‌و پاراستنی گیانی سەرکەوتن کە سەربازەکانی صدام حسین لە جەنگی ڕەوامان‌دا وەدەستیان هێناوە .. . . . ئەمەو کاری بەردەوام بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئەخشەکەمان : لەوانەش شەقامی بازنەیی (الشارع الدائری) لە مەلبەندی پارێزگادا بە نرخی ١٧ ملیون دینار کە ئەم پڕۆژەیەش بە یەکێك لە پڕۆژە گرنگەکانی ناو پارێزگا دەژمێرێ چونکە لە لایەکەوە دەکاتە سەر کەم‌کردنەوەی کێشەی هات‌و چۆ لە ناو شارداو لە لایەکی ترەوە ڕێگاکانی دەرەوە بە ناو شاری سلێمانی‌یەوە دەبەستێتەوە ، هەروەها پڕۆژەی سایدی دووەمی ڕێگای نێوان سلێمانی‌و کرکوك بە نرخی ١٢ ملیۆن دینار کە بەڕێوەبەرێتی‌یەکەمان ٦٥ کیلۆمەتری لێ جێبەجێ دەکات‌و ئەوەی کەشی هەمان بەڕێوەبەرێتی پارێزگای تامیم پێی هەڵدەستێ کە ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ کار دەکاتە سەر کەم‌کردنەوەی کارەساتی ناخۆشی ڕێگاوبان جگە لە چەندەها کەلکی گشتی تریش ... ئەمەو پڕۆژەی ڕێگای پردی چەق چەق‌و لقەکانی بە نرخی ٤٥٠ هەزار دینار کە ئەمەشیان کارگەی چیمەنتۆی کرکوك‌و کارگەی بڕینی بەرد بە ڕێگای گشتی کرکوك‌و سلێمانی یەوە دەبەستێتەوە .. ئینجا پڕۆژەی ڕێگای مەیدان - بستە - زراین بە درێژی ٤٠ کیلۆمەترو بە نرخی ٣ ملیۆن دینار لەگەڵ هەردوو پڕۆژەی پردی شارەزورو کۆل تەبە کە هەردوکیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدان‌و بەکەمیان بابی ٥٥٠ هەزارو دووەمیان بەك ملیۆن دیناره .

پاشان کاك محمود سەبارەت بە هەندێ لەو پڕۆژانەی کە ئێستا هەندێکیان لە ئاستی جێبەجێ کردن دایەو هەندێکی تریان لە ژێر بساری لێکۆڵینەوەدان :

ڕێگای بازیان - گەورە دێمان بە دەستەوەیە کە درێژی‌یەکەی ٢٤ کیلۆمەترە و بەك ملیون‌و ٦٨٠ هەزار تێدەچێت . لەگەڵ ڕێگای بەرزنجە - تەڵاجوالان بە درێژی ٣٢کم‌و بە نرخی ٢ ملیۆن و ٢٨٠ هەزار دینار، ئینجا ڕێگای نێوان دەربەندیخان‌و دێوانە کە ١٨ کیلۆمەترەو بەك ملیون‌و ٣٥٠ هەزار دینار ی‌ی بۆ دانراوە کە ئەمانەش هەموویان لێ کراوە.

ئەوانەشی کە وەك لە سەرەتاوە وتمان‌لە ژێر لێکۆڵینەوەدان بریتیل لە ڕێگای نێوان سوورداش‌و کارێزە بە درێژی ٣٨ کیلۆمەترو بە نرخی (٢) دوو ملیۆن‌و ٨٥٠ هەزار لەگەل ڕێگای نێوان هەڵەبجە‌و ئەرگژە جار کە ئەمەشیان ١٨ کیلۆمەترە وبەك ملیۆن‌و ٣٥٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە ... ئەمانەو ڕێگای دوکان - کانی سور بە درێژی ١٢ کم‌و بە نرخی ٩٠٠ نۆسەد هەزار دینار . بەڵام ڕێگای عسکر - عەوڵان - دوریانی دوکان - عەوڵان - گەورەوەدێ بەستیانە - سماقول نزیکەی ١١ ملیۆن‌و ٣٦٠ هەزار دیناریان بۆ تەرخان کراوە.

شایانی باسیشە لە ساڵی ڕابوردودا بەڕێوەبەرێتی یەکەمیان توانی زۆرلەم ژمارەیەکی زۆر لەم چەشنە ڕێگاوبانانە جێبەجێ بکات کە تێکڕا بریتی بوون لە ٣٠٩ کیلۆمەترو هەموویان نزیکەی ٢٤ ملیۆن‌و ٢٧٠ هەزار دیناری تێچووە کە ئەو پڕۆژانەش کەوتونەتە ناوچەکانی قەڵادزەو ڕانیەو چوارتاو پێنجوێن‌و تەوێڵەو ماوەت .

بەڕێوەبەری ناحیەی صلاح‌الدین

هاوینە هەواری صلاح‌الدین بەرگێکی نوێ لە بەردەکات

● لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی صلاح‌الدین چاومان بە بەڕێز مامۆستا (حمید فیض‌الله)ی بەڕێوەبەری ئەو ناوچەیەکەوت ... زۆر پرسیار لە مێشکما دەربارەی ئەم هاوینەهەوارە قەشەنگەی نزیکی هەولێر کۆبووەوەو چاوەڕێی وەڵام بوون ...

● مامۆستا حمید ، کۆڵانەکانی ئەم ناحیەیە ئەوەندە نابووتن لەوە ناچن کە کۆڵانی هاوینە هەوارێکە جوان‌و ڕێك‌و پێکی وەکوو صلاح‌الدین بن .. ئایا هیچ چارێکی ئەم وەزعەتان بەدەستەوە هەیە ؟

- بەڵێ ، پار کە سەرۆکی فەرمانده هەندێ پارەی دا بە پارێزگای هەولێر ئێمە (١٠٠) هەزار دینارمان بەرکەوت‌و ، ئەم سەد هەزار دینارە هەمووی بۆ قیرتاو کردن‌و ڕێکخستنی کۆڵانەکانی گوندەکەیە ، هەر وەها وەزارەتی حوکمی ناوخۆیش ، مەبلەغێکی پارەی باشی تری بۆ هەمان مەبەست تەرخان کردوە ، لەو بڕوایەداین پێنت بە خواو هیمەتی هاوولاتیان پاش چەند مانگێکی تر ئەم ناحیەیە بەرگێکی زۆر لە ئێستا جوانتر لە بەر دەکات .

● ئایا چ پڕۆژەی شارستانی تر بەدەستەوە هەیە کە لێرە جێ بە جێ بکرێن ؟

- بەڵێ ، پڕۆژەی چاك‌کردنی شۆستەکان شەقامی گشتی تەواو بوو ، ئێستاش بە دەستەوەیە کە ئوتێلی بێخال گەورەتر بکرێتەوەو ، لە ناوەڕاستی ناحیەشدا ناو پڕێنێك دروستبکرێ‌و ، هەر وەها بە دەستەوەیە گەراجێکیش دروست بکرێ ، کە ئەمە هەمووی جگەلە شۆستەکان (٨١) هەزار دیناریان تێ دەچێ ، هەر وەها وەزارەتی حوکمی ناوخۆیش خەریکی دروست‌کردنی (٩) خانوە بۆ فەرمانبەران‌و کاربەدەستانی هێزی ئاسایش .. حالی حازریش لیژنەیەك پێکهاتوە بۆ لێکۆڵینەوەی دامەزراندنی پڕۆژەیەکی نوێ بۆ ئاوی خواردنەوە .

● جگە لەوەی باستان‌کرد ، ئایا چ چالاکی‌یەکی کۆمەڵایەتی تر لە لایەن ئێوەوە سازکراوە ؟

- بەڵێ .. دەزانن کە سەرکردایەتی شۆڕش یاسایەکی زۆر گرنگی بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی پەك‌کەوتەو بێ کەسان دەرکردوە ، کە ئەویش یاسای (چاودێری کردنی کۆمەڵایەتی)یە ، ئێمە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم یاسایە چەندین کۆڕمان بۆ خەڵکی مەرکەزی ناحیەو گوندەکانی بەستۆرەو ، تۆپزاوەو ، بەرنیان‌و ، حوجران‌و ئالماوانی خوراوو سەروو ، سێوەکەو ، چەند گوندێکی تر بەست، بۆ ڕوون کردنەوەی ناوەڕۆکی یاساکەو ، داوامان لەو هاوولاتیانە کرد کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ، داوا کاری پێشکەش بکەن‌و گوزەران‌و ژیانی خۆیان لەم ڕێیەوە کە شۆڕش بۆی ڕەخساندون مسۆگەر بکەن .

● ئەی بەرامبەر کەس‌و کاری شەهیدانی جەنگە ڕەواکەی گەلەکەمانی دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خومەینی چیتان کردوە ؟

- ناحیەی صلاح‌الدین شانازی بەوەوە دەکا کە تائێستا (١١) شەهیدی لە پێناوی سەربەرزی‌و پاراستنی کەرامەتی گەلی عیراقمان بە کوردو عەرەبیەوە ، پێشکەش کردوە ، لێرە ئێمەو ڕێکخراوی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەردەوام سەر لە کەس‌و کاری ئەو شەهیدانە دەدەین‌و ، ڕێزیان لێ ئراوەو بە ناوی سەرۆکی فەرمانده کاك صدام حسینەوە خەڵات کراون‌و ، هەموو کارو بارێکیان بۆ ئاسان کراوە .

بروسکەی واڵا

خومەینی هەمیشە دوڕاو

ڕژێمی خومەینی ، پاش ئەوەی هەرلەبەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە ، لایەنگرتنی هێزە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی ئێرانی دۆڕاند ، پاش ئەوەی بەکردەوەی فاشستیانە ڕای‌گەیاند کە دوژمنی خوێنخۆری هەموو بزوتنەوەو ڕاپەڕینێکی ئازادیخوازانەو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازە لەئێراندا ، ئەوەبوو بەهەزاران تێکۆشەری کوردو عەرەب‌و ئازەری‌و بلوچی لەسێدارەداو کوردستانی ئێران‌و عەربستان‌و ئازەربایجان‌و بلوجستانی خەڵتانی خوێن‌کرد . . . دەڵێین پاش‌ئەوەی ڕووی ڕەشی خومەینی‌و دەستەو دایەرە شۆڤێنیستەکەی بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کەوتە ڕوو ، دیواری دابڕان لەنێوان ڕژێم‌و خەڵکیدا بەرزبوەوە ، شەڕی عیراق هاتە کایەوە کە ئەویش بڕینێکی تری گەورەو بەئازاری لەلەشی ئێرانیەکاندا کردەوە .. خەڵکی ئێران چاوەڕوانی ئەوەبوون ڕژێمی نوێ پەیوەندی دۆستانەو برایانە لەگەڵ ڕژێمی پێشکەوتنخوازی عیراقدا ببەستێ ئەك دەستبکاتە پیلانگێڕان‌و شەڕفرۆشتن کە لەئەنجامدا ئەم شەڕە هەڵگیرساو ، ناچار خەڵکی عیراق دەستیان دایە چەك بۆ پاراستنی سنووری وڵات‌و لووت شکاندنی ئەو مەلاو ئاخوندە ئەفامانەی کە واتێدەگەیشتنی داگیرکردنی عیراق سەیرانەو ، بەحای‌وحووی ، بەغدای سەربڵندی کوردو عەرەب داگیرکەن ... ئاخوندەکان بەم کردەوەیەیان بوونە هۆی ئەوەی دیواری دابڕان لەنێوانیان‌و لەنێوان گەلانی ئێران‌و هەموو ئازادیخوازانی دونیادا بەرزتر بکەنەوە.

ئەخێر ... ڕژێم لەناو خۆیدا تەقیەوە ، ئەفەندی‌یەکانە .. قوتابی‌یەکانی سیاسەتی لیبرالیزم تاقەتیان تیا نەما ، ئەوانیش بۆیان نەکرا تاسەر بێدەنگەبن .. بەنی سەدر هەڵات ... ئەنجومەنی باڵای حیزبی بەناو کۆماری ئیسلامیش تەقیەوەو (٧٧) مەلای نەخوێندەوار کە هەریەکەیان خۆی بە ئیمپەراتۆری دوارۆژی ئێران دادەنا بوون بەقەرە بڕووت ... چەندین دیوار دروست بوو .. بەم چەشنە تا دێت مەلاو ئاخوندو ڕژێمی نەگریسیان لەخەڵکی دوور دەکەونەوەو دیوارەکانی نێوان ئەوان‌و خەڵکی‌و هێزە پێشڕەوەکانیان بەرزتر‌و ئەستوورتر دەبێ ...

ئەو ڕۆژەش دوور نیە کە ئەم دیوارە یەکجاری ، بڕوخێ بەسەریانداو، خۆ یان‌و ڕژیمیان لەناوبەرێ‌و، ئەم مۆرە بلحە لەڕووی ئێران بسڕێتەوە .

• بارام •

Institut Kurde de Paris

به‌رامبه‌ر دوارۆژمـــان پاشماوه

زانستی‌یانه‌و پشت به‌ستن به گه‌لێکی تێگه‌یشـــتوو کـــه لێپرسراوێتی‌یه مێژوویی‌یه‌کانی خۆی بزانێت‌و . . لێدانی ده‌زگای ئه‌تۆمـــی‌ی عیراق له‌لایه‌ن قـــه‌واره‌ی زایۆنی‌یه‌وه چه‌ندین په‌نـدی فێری عیراقی‌یه‌کان‌و عه‌ره‌ب کرد ئه‌گه‌ر هاتبایه له‌پێش‌دا خۆیان بۆ ئامادە کردبایـــه ئه‌وا ئیسرائیل بۆردمانی نه‌ده‌کـردو ئیســـرائیل له‌پاشه‌ڕۆژدا ناتوانێـــت بۆردمانی هیچ ده‌زگایه‌کـــی ئه‌تۆمی‌ی عه‌ره‌ب بکات چونکه ئێمه ده‌یخـــه‌ینه ژێـــر زه‌مینه‌وه‌و ئه‌مه‌یشـــس قازانجێکی زۆر گه‌وره‌یه بۆ ئێمه .

سه‌رۆکی به‌ڕێز هه‌روه‌ها ووتی هێشتاکـــه ئاره‌زووی ئاشتیمان هه‌یه له‌گـــه‌ل ئێران‌دا نه به‌پـــه‌ژاره‌ی پاشه‌ڕۆژه‌وه نه له‌ترســـان‌دا چونکه ئێمه هیچ ته‌ماحیکمان نی‌یه‌و لێپرسراوێتـــی‌ی ته‌واوی خۆمانمان هه‌یـــه به‌رانبه‌ر به‌گه‌له‌که‌مـــان‌و هه‌رکاتێکیش بارودۆخـــی ئاشتی بێته ئاراوه ئـــه‌وا شادومان ده‌بین .

به‌ڕێـــزی په‌نجـــه‌ی ئاراسته‌ی ئه‌و ئه‌رکانه کرد که بۆ چاره‌سه‌رکردنـــی ناکۆکی‌ی نێوان عیـــراق‌و ئێران ده‌درێن به‌ڕێگـــای ئاشتی‌یانه‌و ووتی له عیراق‌دا ده‌ستێه‌ردانانی نێو ده‌وله‌تی نی‌یه چاره‌سه‌ری ئاشتی‌یانـــه ڕه‌ت بکاته‌وه‌و هیچ هۆیه‌کـــی خۆیی نی‌یه ئه‌م چاره‌سه‌ری‌یه لـــه‌کاربخـــات . . ده‌ستێوه‌ردانانی نێـــو ده‌وله‌تی‌و خۆیی له ئێران‌دا هه‌ن .

سه‌رۆکی به‌ڕێز ووتـــی ئێـــران بـــه‌رده‌وام ده‌ستپێشکه‌ری‌یه ئاشتی - یانه‌کان ڕه‌ت ده‌کاتـــه‌وه‌و دوایه‌مین شت که پێشنیارمان کرد شه‌ڕ وه‌ستان له‌مانگـــی ڕه‌مه‌زانی پیرۆزدا بـــوو ئه‌ویش به‌هۆی ئه‌و هۆیـــه که‌سی‌یانه‌وه‌ی ده‌ســـته‌لا - تداران ئێران هه‌یانه کـــه له‌سه‌ربناغه‌ی دواکه‌وتوویی له‌تێڕوانین‌و به‌ته‌نگـــه‌وه نه‌هاتن‌و لێپرسراوێتـــی به‌رانبه‌ر به‌گه‌لێك چه‌ندیـــن ده‌ستێوه‌ردانی نێو ده‌وله‌تی‌ی له‌ڕێزدایه .

به‌ڕێزی دووپاتی کرده‌وه که پێویســـته‌کار بـــه‌ره‌و ڕزگارکردنی فه‌له‌ستین له چوارچێوه‌ی گیان‌و مێـــژوو بیروباوه‌ڕه‌کانی ئه‌تـــه‌وه‌ی عه‌ره‌به‌وه بکرێت‌و بـــڕوای بلاو ده‌که‌ینه‌وه

خۆی ده‌ربڕی که عـــه‌ره‌ب مافه ڕه‌واکانی خۆیـــان وه‌ده‌ست بهێنن‌و چار نی‌یـــه هه‌ر ده‌بێت ئیسرائیل لـــه ماوه‌ی بیســـت ساڵـــی داهاتوودا بکه‌وێته نێـــو تێکه‌وتنی مێژوویی‌یانـــه‌ی خۆیه‌وه چونکه له‌ســـه‌ر ناهه‌قه‌و پێکهێنان‌و ڕێڕه‌وی ده‌ستدرێژی کەرانـــه‌ی ڕۆژێـــك لـــه‌ڕۆژان ئی‌ده‌که‌وێت .

هه‌روه‌ها ووتی عـــه‌ره‌ب که بڕیاردە‌ده‌ن له‌ماوه‌یه‌کـــی کورت‌دا باشـــتر بـــن ئـــه‌وا باشتر ده‌بـــن چونکه مه‌سه‌له‌که بۆ ئه‌وه‌ی باشتربن کەم بوونه‌وه نی‌یه له‌توانایی خۆیی‌یان‌دا به‌لکوو له شێوازی به‌کارهێنانـــی قواناکانیان‌و ته‌قاندنـــه‌وه‌ی توانسته‌کانیان له‌چوارچێوه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی خۆیـــان‌داو به‌بۆچوونێکی سه‌رتاپاگیری سه‌بارەت به‌ژیان .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز سه‌رۆکی فه‌رمانده صـــدام حســـین دووپاتی کرده‌وه هه‌لوێستی ئه‌ته‌وه‌یـــی خێوه‌کـــی ڕاسته‌قینه‌ی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه ڕاسته‌قینه‌کانی هه‌رێمه بۆ سوودی هه‌موو وولاتـــه عه‌ره‌به‌کان بـــه‌لام به‌بـــێ تێڕوانینێکی ته‌سکـــی هه‌ریمیانه‌و .. په‌یوه‌ندی‌ی ته‌وه‌ره‌یی ناتوانێت فه‌له‌ستین ڕزگار بکات به‌لکوو پێویسته په‌یوه‌ندی‌یه‌کانی عـــه‌ره‌ب له‌چوارچێوه‌یه‌کی ئه‌ته‌وه‌یی‌و ئامانجی دیـــاری کـــراودا دارێژرێـــت ئه‌ك لـــه چوارچێوه‌ی پاراستنـــی ڕژێمه‌کان یان هاریکاری لـــه به‌رژه‌وه‌ندی‌یه هه‌ریمیه‌کان‌و پێکه‌وه نووساوی‌یان .

به‌ڕێز سه‌رۆکی فه‌رمانده صدام حسین په‌نجه‌ی بـــۆ په‌یوه‌ندی‌یه‌کانی عیـــراق‌و مامه‌له‌کردنـــی له‌گـــه‌ل ده‌وله‌تانی جیهان ڕاکێشا که له‌ســـه‌ر بیروبـــاوه‌ڕی سه‌ربه‌خۆیی‌و به‌رژوه‌ندی‌ی عیراق‌و ئه‌ته‌وه‌ی عـــه‌ره‌ب دامه‌زراوه .

سه‌رۆکی به‌ڕێز دووپاتی کرده‌وه که حـــه‌وتـــه‌مین کۆنگـــره‌ی وولاتانـــی بـــێ‌لایـــه‌ن له‌کاتـــی دیـــاری‌کراویـــدا لـــه به‌غدا ده‌به‌سترێت ئه‌گـــه‌ر جه‌نگـــی عیراق‌و ئێـــران کۆتایـــی پێ‌هاتبێت یـــان ئه‌هاتبێت .

(ده‌قی ئه‌م کۆنگره ڕۆژنامه نووسیه له ژماره‌ی داهاتودا بڵاو ده‌که‌ینه‌وه)

هاوڕی طارق عزیز پاشماوه

هاوڕێ طارق عزیز زیاتر ڕوونی کـــرده‌وه ووتی : عیراق له‌گه‌ل هه‌ر ســـێ نێردراوه که‌ : نێردراوی کونگره‌ی ئیســـلامـــی‌و بزوتنه‌وه‌ی وڵاتانی بێ‌لایه‌ن‌و ڕێکخـــراوی نه‌تـــه‌وه یه‌گگرتوه‌کان هـــاوکاری دڵســـۆزانـــه‌ی نوانـــد به‌رده‌وامیش ده‌بێت له‌ســـه‌ر ئه‌و هاوکاری‌یه ، ئه‌مـــه له کاتێکـــدا ئێران لـــه هه‌ڵس‌وکه‌وتیدا له‌گه‌ل ئـــه‌و سێ نێردراوه‌دا ، ڕه‌فـــزی ئه‌وه‌ی کردوه له‌هیچ یه‌کـــی له‌و پێشنیارانه‌بدوێ کـــه به‌ر چاو خـــراون بـــۆ چاره‌سه‌ری ناکۆکی‌یه که .

هـــاوڕێ طارق عزیـــز ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تـــی ئه‌ته‌وه‌یی‌و هه‌ریمایه‌تـــی‌و حزب ووتی : عیراق ئامادە‌یه له حاڵه‌تی جێ‌به‌جێ‌کردنـــی ئه‌و بیروباوه‌ڕانه‌دا له خاکی ئێران بکشێته‌وه‌و ئه‌مـــه مانای ئیلتزامی ڕه‌ســـمی‌و یاسایی به‌کشانه‌وه لـــه خاکی ئێران ، به‌لام ڕژیمـــی ئێران سوره له‌سه‌ر کشانه‌وه به‌بێ ڕوونکردنـــه‌وه‌ی هه‌ڵوێستی به‌رامبه‌ر خاڵـــه جه‌وهه‌ریه‌کان له ناکۆکیه‌که‌دا که بریتین له مافه‌کانـــی عیراق‌و هه‌ڵوێـــستی له مه‌سه‌له‌ی ئه‌و سێ دوورگه عه‌ره‌بی‌یه‌ی شای ئێران بـــه ڕێگای به‌کارهێنانی هێـــزی ناره‌وا له ساڵـــی ١٩٧١دا داگیری‌کردن‌و هه‌روه‌هـــا ڕوونکردنه‌وه‌ی ڕوانینـــی ڕوون‌و ئاشکرا به‌رامبـــه‌ر په‌یوه‌ندیه‌کانی نێوان ئێران‌و عیراق‌و نێوان ئیـــران‌و وڵاتانی ئاوچه‌که .

هه‌روه‌ها په‌نجه‌ی بـــۆ ئه‌وه کێشا که به‌ڕێز سه‌رۆك صدام حسین له ٢٨ی ئه‌یلولی ١٩٨٠دا وتارێکی ئاراســـته کرد تیایدا داوای شـــه‌ر وه‌ستاندن‌و ده‌ست‌کردن به گفتوگوی کرد بۆ گه‌یشتـــن به چاره‌سه‌ری عادیلانـــه‌و شه‌ره‌فمه‌ندی ناکۆکـــی نێوان هـــه‌ردوو لاو لـــه‌و وتاره‌یدا خاڵه جه‌وهه‌ریه‌کانی ڕوونکرده‌وه‌که بریتین له‌وه‌ی عیراق چاوی نه‌بڕیوه‌ته خاکی ئێران‌و نیازی مـــل کـــه‌چ پێ‌کردنی گه‌لانی ئیـــران‌و زیان لێ‌دانیانی نیـــه‌و داوای دامه‌زراندنی په‌یوه‌ندی باشی ده‌کات له‌سه‌ر بنه‌ڕه‌تی ڕێزی به‌رامبه‌ر به یه‌ك‌و ده‌ســـت وه‌رنه‌دانه کاروبـــاری ناوخۆی یه‌کتری .

گفتوگویه‌ك له‌گه‌ل به‌ڕیـــز وه‌زیری ده‌وله‌ت - پاشماوه

بکات‌و سه‌رکرده‌ی شۆڕش حزبی به‌عسی عه‌ره‌بـــی سۆشیالیست توانـــی‌ی ئامانجه‌کانی ئه‌م ئه‌ته‌وه‌یه لـــه یه‌کێتی‌و سه‌ربه‌ســـتی‌و سۆشیالیست ئه‌خشـــه بکێشێت .

شۆڕشی ته‌موز که پێ‌ ده‌نێته ساڵی چوارده‌هـــه‌مینیه‌وه ئه‌مڕۆ گه‌یشتووه‌ته یله‌یه‌کی مـــه‌زن‌و دیـــارو ده‌رکه‌وتوو لـــه هێـــزو چه‌سپاوی‌و بڵندی‌دا ئـــه‌وه ئێســـتا دژی ڕژێمـــی ڕه‌گه‌زپه‌رستی فارس کێ به‌ر کێ ده‌کات که جه‌نگی بـــه سه‌ردا سه‌پاندین‌و سبه‌ینـــێ کێ به‌ر کێ له‌گه‌ل زایۆنی‌دا ده‌کات که ئه‌ویش جه‌نگی به سه‌ردا سه‌پاندین .

● شۆڕش به‌ره‌نگاری دوژمنان ده‌بێته‌وه ●

هه‌روه‌ها وه‌زیری به‌ڕێـــز ووتی :

که شۆڕش به‌ره‌نـــگاری ئه‌و دوژمنانه ده‌بێته‌وه که‌وا به ئه‌رکی بنه‌ڕه‌تی‌ی خـــۆی هه‌ڵده‌ستێـــت لـــه دوورخستنه‌وه‌ی مه‌ترسی ئه‌ته‌وه‌ی عـــه‌ره‌ب‌و وه‌دی هێنانی به‌ره‌سه‌ندنـــی ئه‌ته‌وه‌یی‌و شارستانـــی‌ی جارێکی تر .

ئێمه له سێبـــه‌ری ئه‌و سه‌رکه‌وتنه مه‌زنانـــه‌دا ناهه‌نگ به جه‌ژنه‌کانـــی له شۆڕشه‌وه ده‌گێڕین که له قادسیـــه‌ی صـــه‌دام‌دا وه‌دی‌هاتـــن کـــه له جه‌نگێکی شکۆمه‌نـــدی‌و پیرۆزداین دژبه فارســـه ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌کان که بـــه توانایه‌کی به‌رزو بڕوا به‌خۆ بوونێکی گه‌وره‌وه ده‌ســـتمان دایه که بوو به هـــۆی سه‌رکه‌وتنـــی ڕامیـــاری‌و سوپایی ئه‌ته‌واوه‌تیمان ئه‌گه‌ر چی قوربانی زۆرمان تێـــدا به‌خشیوه ئه‌وا بۆ ئـــه‌وه به‌خشیومانه که به‌لگـــه‌ی ئه‌وتۆی خوشویســـتن‌و شانازی‌کرنمانه ئێمـــه‌ی عیراقی‌یه‌کان به نیشتمـــان‌و به‌هاو نه‌ریته به‌رزه‌کانـــی .

● عبدالرسول حســـین ئامادە‌ی‌کردوه ●

گۆته‌و..دیوانی ..«پاشماوه»

هه‌ستەوه هه‌میشه ئاره‌زووی ده‌کرد سه‌رگه‌رمی خه‌ونه‌کانی بێت ، بۆیه گه‌لێك جار لـــه شارهه‌ڵده‌هات ، په‌نـــای ده‌برده به‌ر گۆشکـــه گه‌وره‌که‌یان له‌کوخ برگـــ. له پایزی ساڵی ١٧٧٥دا بـــۆ یه‌که‌مجار ئه‌و ئافره‌تـــه‌ی بینی ، پاش دوو هه‌فتـــه یه‌که‌م نامه‌ی عاشقانه‌ی بـــۆ نووسی ، وه‌ڵێ ئه‌و نامه‌یـــه گـــه‌لێـــك نامـــه‌ی تری به دوای خۆیدا کێشـــ کرد ، له‌سه‌ر جه‌م نامه‌کانی گۆته‌دا زیاد لـــه (١٧٠٠) نامه‌ی بۆ ئه‌م ژنه نووسیوه، جوانترین پارچه شـــیعری ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی ناوی (یه‌که‌م شه‌وانه ئاهه‌نگی ڕێبواریك)ه که له‌و عیشقه‌وه ســـه‌ری هه‌ڵداوه . به‌لام یه‌که‌م لـــه (وداوه‌ستانی شـــارلـــوت گۆته‌ی به سه‌ختی بێـــزار کرد ، خاتوو «اشتاین» له‌و کاته‌دا نامه‌یه‌کی بۆ پزیشکی خێزانه‌که‌یان نووسیوه تیایـــا ده‌ڵێت :

« دوێنێ شـــه‌و گۆتـــه هاتبووه بینینم ، که بـــۆ به‌که‌مین جار به ڕانـــاوی - تۆ - قـــه‌ی له‌گه‌ڵمـــا کرد به‌ر په‌رچیم دابـــه‌وه ، ڕقی هه‌ستاو دانیشتنه‌که‌ی لێ تاڵ بوو ، له تاقه‌کـــه‌ی ته‌نیشتیه‌وه‌ده‌ستی دایـــه داره‌که‌ی‌و ڕۆیشت »

له‌و مانگه‌دا له سه‌فه‌ریکی گۆته‌دا بۆ - لیپـــزیك - کچه هونه‌رمه‌ندێکی جوانـــی بـــه‌ناوی « کـــوورو ناشروتر »وه‌بینی‌و یه‌که‌م عاشقی بوو ، دوو ڕۆژ دوای ئه‌وه نامه‌یه‌ك بۆ «شارلـــوت اشتاین »ده‌نووســـێت : « خوا بکات ئه‌م نافره‌ته‌م به نسیب بێت تا ئێوه ئاسوده بن ، حه‌یف که زۆر کـــه‌م شێوه‌ی له تۆ ده‌چێـــت ». له ساڵی ١٧٧٦دا نێـــوان گـــۆتـــه‌و خاتـــوو - اشتاین - تێك چـــوو ، بۆ یه‌که‌مجار شارلوت کاتـــی ڕۆیشتنی بۆ گۆشکـــی هاوینه‌ی خۆی ، ڕێ‌ی بـــه گۆته نه‌دا دوای بکه‌وێـــت، له پارچه شیعرێکدا کـــه گۆته له‌و کاته‌دا نووسیویه، شارلوتی به‌مریه‌م چواندوه چۆن ده‌چێت بۆ ئاسمان‌و خه‌می ئه‌وانه‌ی تیه لـــه سه‌رزه‌وین ، له پشـــت نامه‌یه‌کی ئـــه‌وسایـــدا نووسیویه « وا هه‌ســـت ده‌که‌م له‌مه‌ولا بۆ هه‌میشـــه خه‌می تۆ ده‌بێته هاوه‌ڵـــم » وه‌ڵێ هه‌ر دوو مانگ پاشـــ ئه‌وه ، له هه‌شتی کانوونـــی یه‌که‌مدا گۆته بۆ دلبـــه‌ره خۆشه‌ویســـته‌کـــه‌ی ئه‌نووسێت : « شتێکـــی سه‌یره ، له‌م هه‌شـــت هه‌فته‌یه‌دا زۆرم شـــت له یاد کردووه ، دیســـان هه‌ر که نافره‌تێکی شـــۆخ ده‌بینم حه‌زی لێ‌ئه‌که‌م » .

« گریستیان »و «ژاهه‌نگی ڕۆمی » .

پاشـــ عه‌شـــقه‌که‌م ته‌مه‌نه‌کانی له‌گه‌ل - لیدا -و- -ئنگلیکا-دا، ئۆره‌ی عه‌شقێکی گه‌وره بۆ گۆته دێته پێشـــ که کارێکی قوول ده‌کاتـــه سه‌ر ژیانی . دلبه‌ره‌کـــه‌ی ئه‌مجاره‌ی کچێکه بـــه‌ناوی - گریستیان فولپیوس - که ته‌مه‌نی بیست‌و سێ ساله ، ته‌مه‌نی گۆته‌نمش له‌و کاته‌دا سی‌و ئۆ ســـال بـــوو . چوارهه‌فته‌ی دوای ئـــه‌وه‌ی گۆتـــه لـــه ئیتالیـــاوه گه‌ڕایـــه‌وه قیمـــار کریستیان بۆ کارێك کـــه په‌یوه‌ندی به براکه‌یه‌وه بـــوو گۆته‌ی بینی ، بـــاوکـــی کچه‌که مووچه خۆرێکـــی ئیداری بچووك بوو پێشـــ ماوه‌یه‌ك مرد بوو،منداڵه‌کانی له بارێکی ناله‌باردا ده‌ژیان، کچه ناچار له کارگه‌یه‌کـــی گوڵێ ده‌ست دروست کردنا کاری ده‌کرد . گۆته لـــه باره‌ی - کریســـتیان -موه نووسیویه .

« ڕۆژێك کچێکی سه‌وزه‌ی جوان هاته لام ، زولفـــی ڕه‌ش به سه‌رشانیا هاتبـــوه خواری‌و به‌ده‌وری گه‌ردنـــه جوانیه‌کـــه‌یدا ئه‌لفـــه‌ی به‌ستیوو » .

کریستیان زۆر زوو که‌وتـــه داوی عه‌شقه که‌وه ، ساڵـــی ١٧٨٩ کوڕێکی له گۆته بوو، پاش ئه‌وه یه‌کسه‌ر هاتـــه ماڵی شاعیرو لای نیشته‌جێ بـــوو ، له‌و کاته‌دا گۆتـــه ڕاوێژکاری باڵای میـــر بوو ، ئه‌مه تا ئه‌ندازه‌یه‌ك پلـــه‌ی وه‌زیری بوو . گۆته گـــوێ‌ی نه‌ئه‌دایه به‌دگۆکان ، تـــا ئه‌مه‌نده‌یان لای میری-قیمار- بۆتێ چاند لـــه‌و پلـــه‌ی وه‌زیریه‌ی هێنایه خـــواری به‌لام له سه‌رۆکایه‌تـــی مۆزه‌خانـــه‌و دانشـــگای هونه‌ری‌و ســـه‌رۆکایه‌تـــی دانشگـــای «ینـــا »و سه‌رپه‌رشتی‌کردنی شانۆی- فیمار-دا هێشتیه‌وه .

له‌و ماوه‌یه‌دا هه‌وڵـــی ده‌دا به‌رهه‌مه‌کانی تـــه‌واو بڵاو بنه‌وه ، یادگاری ئـــه‌و ده‌وره‌ی ته‌مه‌نی ، به‌تایبه‌ت یادگاری عه‌شقی له گـــه‌ڵ کریستیان »دا ، «ئـــاوازه ڕۆمیه‌کانـــه » که لـــه شاکاره شیعریه‌کانیه‌تـــی‌و ڕه‌نگه جوانترین به‌رهه‌مـــی شیعری بن .

ماویه‌تی

گۆگۆل ... «پاشماوه»

بوون . گۆگۆل له‌ناخـــه‌وه بۆئه‌وه ئاره‌حه‌ت ئه‌بوو کـــه قانوون له‌ئارادا نه‌بـــوو ، جه‌ورو ستەم سه‌رانســـه‌ری وڵاتی گرتبووه‌وه . گۆگـــۆل به‌لای ئه‌وه‌دا ئه‌چووکـــه خراپه له‌ئه‌نجامی ئه‌وه‌وه‌یه قانوون جێ‌به‌جێ‌که‌ره‌کـــان پیاوی ته‌واو نین ، نـــه‌ك له‌ئه‌نجامی ستەمی یاســـای له‌غاونه‌کراوی کۆیله‌یـــی قه‌یسه‌ری‌یه‌وه‌یه . گۆگـــۆل له وتاره کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کانیـــا هه‌موانی بانگ‌ئه‌کرد کـــه هه‌رکه‌س له‌ئاستی خۆی‌و له ده‌وروبه‌ری خۆیا چاکـــه بکا. ئه‌و هیوای به چاولێ‌کەریـــی ئه‌و نموونه باشانه زۆر بـــوو که له‌وانه بـــوو هه‌نـــدێ ده‌ره‌به‌گ به بایه‌خ‌دانیان بـــه جووتیاره‌کانیان پیشانـــی ئه‌وانی‌که‌یانی بـــده‌ن ، یا ئه‌و فه‌رمانبـــه‌ره به‌شه‌ره‌فانـــه‌ی لـــه‌ناو فه‌رمانبه‌ره به‌رتیل‌خۆره‌کانـــا هه‌بوون‌و « هه‌رچه‌نـــد ده‌وروبه‌ره‌کانیان هه‌مـــوو به‌رتیلیان ئه‌خوارد ، ئـــه‌وان ئه‌یان‌ئه‌خوارد » . ئـــه‌م خه‌یاڵبازی‌یانه له نووسینـــه شاکاره‌کانی گۆگۆلدا ده‌نگیان ئه‌دایه‌وه ، به‌لام ئه‌و نموونه تاك‌وته‌را چرووکه بـــێ‌تام‌و ڕه‌نگه ناواقیعی‌یانه‌ی قاره‌مانه باشه‌کانی که ئه‌بخستنـــه ڕوو ، دڵی‌یان ئه‌خۆشـــس ئه‌ئه‌کردو متمانه‌یان پـــێ ئه‌ئه‌به‌خشی ، له‌به‌رئـــه‌وه ئه‌هات ده‌سنووسه‌کانی خۆی ئه‌سووتاند (هه‌ر بۆیه‌شـــ دوایه‌رهه‌می که (گیانـــه بێ‌ڕۆحه‌کان)ه ته‌واو نه‌بوه). ئه‌م ناکۆکی‌یه ده‌روونی‌یانـــه که به‌ته‌واوی ماندوویـــان ئه‌کرد ، له دوا ساڵه‌کانـــی ژیانیاو به‌تایبه‌تی لـــه‌و ساڵانه‌ی ژیانیا که له ئیتالیا به‌سه‌ری‌بردن ، زۆر توندو تیژ بوون . هه‌ر له‌و ساڵانه‌دا بـــوو زۆر له دۆســـته دڵســـۆزه‌کانی ، ته‌نانـــه‌ت بیلینسکیی ڕه‌خنه‌نووســـی مـــه‌زنی ڕووســـیش بـــه بانـــگ‌ڕاهێڵـــی سه‌رشۆڕکردنیان داناو لـــێ ده‌س‌به‌ردار بوون .

گۆگۆل له ته‌مـــه‌نی ٤٢ ساڵیدا له مۆســـکۆ بـــه ده‌روونێکی ئه‌نجن ئه‌نجنه‌وه، پاش‌ئـــه‌وه‌ی زۆر لـــه دۆسته‌کانی ده‌ستیان لـــێ هه‌ڵگرت‌و که‌میان نه‌بـــێ لێی حاڵی نه‌بوون ، گیانـــی سپارد .

ئه‌و ڕیالیزمه قووڵـــه‌ی گۆگۆل له داهێنانه هونه‌ری‌یه به‌ڕزه‌کانیا پێڕه‌وی لـــێ ئه‌کرد ، زۆر که‌وته سه‌ری‌و نرخێکی گرانی له‌به‌رابه‌ریـــا دا . گۆگۆل هونه‌رمه‌ندێکی هه‌ست ناسك‌و هه‌میشـــه دڵســـۆزی ڕاسته‌قینه‌ی ژیان بوو . نـــووســـراوه سه‌ره‌کی‌یه‌کانی وه‌ك زنجیـــره چیرۆکی (شاره‌وان)و لـــه (چیرۆکه‌کانی بـــه‌تروس -بـــوورگ)و کـــاره کۆمێدیایی‌یه‌کانی وه‌ك (گشت پشـــکن)و (ژن‌هێنـــان)و (قومارچی‌یه‌کان)و داستانی (گیانه بێ‌ڕۆحه‌کان) چه‌کێکی کاریگه‌ر بوون له خه‌باتـــا له‌دژی ڕژێمی به‌ره‌ڵـــای کۆیله‌یی . ناوی گۆگۆل واته سه‌رانسه‌ری چه‌رخێکـــی ئه‌ده‌بی ڕووسی . بنووسانـــی « قوتابخانه‌ی سروشـــتی» وه‌ك ئیفان تـــورگێنیـــڤ‌و نیکۆلای نیکراســـۆڤ‌و فیودۆر دوستۆیه‌فسکی به‌و مامۆستایه‌ی خۆیانیان داناوه که له‌سه‌ر ده‌ستیا بوون به قوتابـــی . پێشـــه‌وای دیموکراسیی شۆڕشگێڕی ساڵه‌کانی شه‌ستی سه‌ده‌ی ڕابوردوو ، ڕه‌خنه‌نووســـ چیۆرنه‌شێڤسکی نووسیویه ئه‌ڵێ : « گۆگۆل یه‌که‌مـــین که‌سه ئێری کردوویـــن که‌م‌وکورتی‌و ناته‌واویـــی خۆمان ده‌رك پێ‌بکه‌یـــن‌و ناڕه‌زایی لێ پیشان‌بده‌ین . ژیان پاشان هه‌رچیی به‌سه‌ر ئه‌م بنووسه مه‌زنه‌دا هێنابێ، تاوان تاوانی ئه‌و خۆمـــی نی‌یه . ئه‌گه‌ر لـــه‌بـــه‌ر شتێکیش ڕقی هه‌ستاندبین، ئه‌وه هه‌موو به‌سه‌رچـــووه ، به‌لام شته به‌رزو مه‌زنه‌کانی هه‌میشه هه‌ر ئه‌مێننه‌وه .

- ماویه‌تی -

ئێران - پاشماوه

کردوه یه‌کگرن بۆ ڕوخاندنی ده‌سته‌ی خومـــه‌ینـــی جادووگه‌ر .

● دژی هه‌ڵبژاردنـــی دروزنه‌کان :

لـــه لایه‌کی تـــره‌وه بزوتنه‌وه‌ی ڕزگاری ئێران که مهدی بازرگان ڕابـــه‌ری ده‌کات بریاری داوه لـــه‌و ده‌نگ‌دانه‌دا به‌شداری نه‌کات له بۆ هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆکی نوێ ڕژێمی فارســـه‌کان ده‌کرێ ئه‌مه‌ش له‌به‌ر نه‌بوونی ماوه‌ی سه‌ربه‌ستی .

وته‌ی هاوکاری- پاشـــماوه

له پێشه‌وه‌ی ئـــه‌و ئه‌نجامانه‌ی تاقی‌کردنه‌وه‌ی شۆڕش داویه‌تی به‌ده‌ســـته‌وه‌و شایانی شانازی نـــه‌وه‌ی ئیستای عیراق‌و پاشه ڕۆژیه‌تی ئـــه‌و سه‌رکه‌وتنه مه‌زنانه‌یه هیزه چه‌کداره دلێره‌کانمان لـــه مه‌یدانی جه‌نگدادژی فارسی دوژمن‌و ڕه‌گه‌زپه‌رست بـــه‌دی هیناون . له‌هه‌مان کاتداو له ماوه‌ی ده‌مانگی شه‌ڕێکی بێشومارداو ، کاروانی بیناکاری‌و ئاوه‌دانی‌و پێشکه‌وتن له هه‌موو لایه‌نه‌کانی ژیاندا نه‌وه‌ســـتاوه به‌لکو چالاکانه‌ڕێگای پێشکه‌تنی بڕیوه .

سه‌روکی فه‌رمانده ، له وتاره میژوویی‌یه‌که‌یدا به چاوی ڕووناك بینیه‌وه ، باوه‌ڕی پته‌وی به‌پاشه ڕۆژی ڕووناکتری ئه‌م گه‌ڵـــه مه‌زنـــه‌ی له‌سه‌ر ڕێگای سه‌رکه‌وتنی زیاتر دووپات کرده‌وه ، سه‌رکرده‌ی گه‌ل که به باوه‌ڕێکی پته‌وه‌وه په‌نجه بـــۆ ئـــه‌م ڕاستی‌یه ده‌کێشتی ، دڵنیایه له‌وه‌ی گه‌لی عیراق ، بۆیـــه هه‌ستاوه‌ته‌وه تا زیاتر سه‌ر بڵندبێت ، بۆیه بـــه‌ره‌و پێشه‌وه ده‌روات ، ئیتر گه‌ڕانـــه‌وه بۆ ســـه‌رده‌می کۆیله‌یه‌تی‌و دواکه‌وتن ڕۆیشت‌و نابێ بگه‌ڕێته‌وه .

باوه‌ڕی سه‌رکرده به توانای گه‌ل‌و بـــاوه‌ڕو خۆشه‌ویستی قووڵی گه‌ل به‌سه‌رکرده‌ی کاروان زامنی قوول‌کردنه‌وه‌ی زیاتر سه‌رکه‌وتنه‌کان‌و به‌رده‌وامیانـــه‌و هه‌موو ساڵێکی ته‌مه‌نی شـــۆڕش تیشـــکی عیراق‌و سه‌ربه‌رزی گه‌لی عیراق .. به‌ره‌و بڵندی زیاتر ده‌روات .

● هاوکاری ●

له‌گه‌ل مامۆســـتا بهاالدیـــن احمد « پاشماوه »

له‌ســـه‌ردانی یاســـاکان‌و ، به‌دووداچوونی ســـیاســـه‌تی ده‌وله‌ت‌و ، بڕیار له‌سه‌ردانی بودجه‌ی گشتی‌و نه‌خشـــه‌ی په‌ره‌پێدانی ساڵانه ، هه‌روه‌ها دۆزینه‌وه‌ی ڕه‌ووشت‌و نه‌ریت بـــۆ کـــاری په‌رله‌مانی‌و چه‌سپاندنی به‌هۆی ڕفتارپێ- کـــردنی ڕۆژانه‌ی کاروباری ئه‌نجـــوومه‌نی نیشتمانی‌یه‌وه ئـــه‌وا قۆناغـــی داهـــاتوو په‌ره‌سه‌ندنێکی فـــراوان‌و گرنگ به‌خۆیه‌وه ده‌بینێت له ڕێڕه‌وی ئه‌م تاقی‌کردنه‌وه‌یه‌دا که هه‌میشه له لایه‌ن سه‌ر- کردایه‌تی‌ی حزب‌و شۆڕشه‌وه به سه‌رۆکایه‌تی‌ی سه‌رۆکی فه‌رمانده صـــدام حســـین پالپشـــتی‌و پشتگیری‌ی لێ ده‌کرێت .

شـــۆڕش ویســـتی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی ببێته مه‌نبه‌رێکی ڕاسته‌قینه بـــۆ خواستی جه‌ماوه‌ری گه‌ڵان‌و، پیشـــان‌دانی نیشانه‌کانی‌و وه‌دی‌هێنـــانی تێکه‌ڵاوبوونی نێـــوان شۆڕش‌و بنکه‌گه‌ڵی‌یه فراوانه‌که‌ی‌و، ببێته ئه‌داتێکی بنیـــاتنان وپێشـــکه‌وتن‌و بنکه‌یه‌کی پته‌وی ڕه‌فتارکردنی دیموکراتی‌یانه‌ی ڕاســـت‌و گونجـــاو له‌گـــه‌ل‌ڕێڕه‌وی دیموکراتی‌یانه‌ی شـــۆڕش‌داو بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ورێکی بنه‌ڕه‌تی له چاودێری‌کردن‌و ئاڕاســـته‌کردن‌و ، ڕه‌فتار کردنی ئه‌رکی یاســـایی‌و ، وه‌دی‌هێنـــانی به‌شداری‌ی گه‌ل لـــه کاروب کاروبـــاری دروســـت کـــردنـــی بـــڕیـــارو جێبه‌جێ کـــردنی‌دا ببینێت ، ئه‌مه‌یشـــه کـــه ســـۆزی ئه‌نجـــوومه‌نه‌که‌مان بـــه لێهاتوویی‌یـــه‌کی ئـــه‌وتۆوه له‌چوارچێـــوه‌ی قۆناغـــی داهاتوودا وه‌دی‌ی ده‌هێنێت بـــه‌و چه‌شنه‌ی کـــه بنه‌مای پته‌وو به‌هێز بۆ ئـــه‌م تاقی کردنـــه‌وه دیموکـــراتی‌یه نموونه‌یی‌یه بۆ هاوتایه ئامادە بکات ئه‌مه‌یشه که هه‌مـــوو به‌ته‌نگی ئه‌وه‌وه‌ین پێ‌ی بگه‌ین بـــۆ ئه‌وه‌ی ئه‌نجوومه‌نه‌که‌مان له ڕاده‌ی ئه‌و ئاواتانه‌دا بێت کـــه له لایه‌ن سه‌رکردایه‌تی‌و گه‌له‌وه لێ‌ی خوازراون .

Institut Kurde de Paris

پێشانگای هونەری تەشکیلی و وێنەی فۆتۆگرافی

لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی وڵاتەکەماندا بە بۆنەی بیرەوەری ١٣ ساڵەی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی مەزن و دوو ساڵەی سەرکردایەتی کردنی حزب و دەوڵەت لە لایەن سەرۆکی فەرماندە (صدام حسین)ەوە. مامۆستا لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێشانگای سەرجەمی هونەرمەندانی عەرەبی کردەوە. هەروەها پێشانگای وێنەی فۆتۆگرافی کردەوە کە دەربارەی (سەرکردەو جەنگ)ەو بەرهەمی هونەرمەند حسین محمد علی تیا پیشان درا.

پێشانگای هونەرمەندی بەهرەدار داراحەمە سەعی

ڕۆژی ١٤ی تەموز، بەڕێز مامۆستا عبدالجبار محسن جێگری وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێشانگای هونەرمەندی کورد دارا حەمە سەعی لە هۆڵی ڕەواق لە بەغدا کردەوە. هونەرمەندی بەهرەدار دارا حەمە سەعی کە ئێستا لە ئیتالیا دەژی لەم پیشانگایەدا (٦١) تابلۆی بڕۆنزی و گرافیکی پیشاندا کە دەربری شارستانیەتی مرۆڤایەتی ڕەسەن و کەلەپووری نەتەوەیی کوردو ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ تێیشان دەدەن.

ئەمەو لە ژمارەی داهاتودا بە فراوانی لە پیشانگاکەی داری هونەرمەند دەدوێین.

بە بۆنەی جەژنی تەموزی بیرفرەوە

لە بلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەبۆنەی یادی ١٣ ساڵەی شۆڕشەوە

ژمارەی تایبەتی هاوکاری

لە بیرەوەری (١٣) ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی مەزندا، ڕۆژنامەی «هاوکاری» ژمارەیەکی تایبەتی ڕەنگاورەنگی بە (١٦) لاپەڕەی قەوارەی مام ناوندی بلاوکردەوە کە چەندان ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی دەربارەی سەرکەوتوی شۆڕشدا تیا بلاو کراوەتەوە.

بلاوکراوەیەك دەربارەی دەستکەوتەکانی شۆڕش لە کوردستاندا

هەروەها دائرەی ڕۆشنبیری سەر بەدەزگاکەمان بلاوکراوەیەکی ڕەنگاورەنگی، بە (٢٤) لاپەڕەی کوردی و عەرەبی بە ناونیشانی (کوردستان لە سایەی قادسیەی صدام ـەوە لە بەخشش و خێرخوازی دەژی) چاپ و بلاو کردۆتەوە.

بۆستەرێك دەربارەی یادی شۆڕش

دیسان بەم بۆنەیەوە دەزگاکەمان پۆستەرێکی ڕەنگاو ڕەنگی بلاوکردەوە بە شارەکانی ناوچەی کوردستاندا.

ژاپۆن

ژاپۆن وولاتێکی گەورەیەو ژمارەی دانیشتوانی پتر لە سەد میلیۆنەو هەموویان بە گشتی لە ناو دوورگەی (کیوشۆ)دا ئەژین.. ژاپۆن زیاتر لە چل ناوی هەیە وەك! نیپۆن، نیپۆن، ئامانو، ئۆیاشیماو هیتد. بەڵام ناوە ڕەسمیەکەی نیپۆنەو بەمەو وشەیە مانای بەرەبەیان یاخود هەتاوی بەشەدار لەبەخشێ.. هەتا ئاڵاکەی بگرە بریتیە لە پارچە قوماشێکی سپی ڕەنگ و لە ناوەڕاستیدا دائیرەیەکی سوور دروست کراوە، بە مانای پاکی و خاوێنی و بڵندی لەتەوەکەیانە..

ژاپۆن بەوە ناسراوە کە خاوەنی ئەفسانەیەکی بەکجار زۆرەو بەپێی یەکێك لەو ئەفسانانە! میرێك بە ناوی (ئیزا ناجی لەگەڵ ژنەکەیدا لە سەر پردێ لە ئاسمانا وەستابوون، بە خەنجەرێك لە دەریاکەکەیاندا.. کە خەنجەرەکەیان ڕاکێشابەوە هەشت دڵۆپەی سووری لێ تکاو کەوتنە خوارێ، ئەو دڵۆپە خوێنانە وردە وردە وشك بوونەوەو (ئویاشیما) یان لێ دروست بووەوە کە مانای هەشت دوورگە لەبەخشێ... ئەماتیراسوو) کە خۆشەویستی (شنتۆ)ی خواوەندی ڕۆژبووو میرەکانی ژاپانیش بە گشتی لەوەوە هاتوونو بە نەوەی ئەو ئەژمێرێن، ژاپانی دروست کردووە.

وەکوو ئەگێڕێتەوە گوایا (ئەماتیراسوو) بڕایەکی هەبووە، براکەی لە کاتی خوبدا نەهەنگێکی حەساوت سەری کوشتووەو شێرێکی لە وورگیەوە دەرهێناوەو پێشکەشی بە کوڕەکەیی کردووە، گەوردکانی وڵاتی ژاپان یەکە بە یەکە ئەم شمشێرەیان وەرگرتووە، لای ژاپانیەکان ئەوە کە نابێتە پاشا ئەگەر خاوەنی سێ شت نەبێ! شمشێرو ئاوێنەو ملوانکەیەکی مرواری.. ئاوێنەکە ئەوەتا لە پەرستگای (ئیزی) خواوەند بارێزراوەو ملوانکە مرواریەکەش لە کوشکی پاشا لە شاری توکیۆدایەو شمشێرەکەش هەر لە هەمان جێگەیە..

لە وڵاتی ژاپۆن حەوت شتی عاجباتی هەیە کە ئەمانەن: دارستانی ئەتاجویاما، پەرستگای ڕاکانجی، چێشتخانەی فوروساتو، مۆزەخانەی پێشەسازیی یە ژاپانیەکان، پەرستگای جیزۆ کە (٨٤) هەزار پەیکەری تێدایە، پەرستگای تبوزایناری کە سەما ئاینیەکانی تیادا ئەکرێ، پەرستگای تۆشۆجۆ کە تەمەنی دروست کردنی بۆ سێ سەد ساڵ لەمەوبەر ئەگەڕێتەوە.

محمەد بەدری
ئامادەی کردووە

قادر زیرەکی جوانەمەرگ

لە شەوی ١٧/١٨/-٧-١٩٨١ لەسەر ڕێگای نێوان شەقلاوەو حەریرو لەکارەساتێکی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلدا هونەرمەندی گۆرانیبێژو دڵخۆشکەر کاك قادر زیرەك بۆیەکجاری ماڵئاوایی لەدنیا کرد و ئەستێرەیەکی پرشنگداری هونەری ئاوابوو.

خوالێخۆشبوو زیرەك لە ساڵی ١٩٥٤ لە ناو خێزانێکی زەحمەتکێشیدا چاوی هەڵهێناو پەروەردە بووە.

سەرخۆشی لەکەس و کاری خوالێ خۆشبوو هەموو دۆستانو هەموو هونەرمەندان دەکەین و داواکارین لەیەزدانی مەزن دڵخۆشی هەموو لایەکیان بداتەوە.

بۆستەرێك دەربارەی یادی شۆڕش

دیسان بەم بۆنەیەوە دەزگاکەمان پۆستەرێکی ڕەنگاو ڕەنگی بلاوکردەوە بە شارەکانی ناوچەی کوردستاندا.

هونەری پۆستەری سیاسی لە خزمەتی ڕێبازی شۆڕشدا

لە بیرەوەری ١٣ ساڵەی شۆڕشی مەزندا

ئەوەی ڕاستی بێت پۆستەری سیاسی تاپێش چەند ساڵێکی ڕابوردوو لە ناو هونەرمەندانو لە ناو کۆمەڵدا جێگایەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە کەمێکی کەم لە ئێمە لە واتای ئەم هونەرە جوانە تێدەگەیشت بەڵام ئەوەندی پێنەچوو کە بۆمان دەرکەوت ئەم جۆرە هونەرە تەشکیلیە توانایەکی تایبەتی هەیەبۆ گەیاندنو چەسپاندنی زۆر مەسەلەیە مرۆڤ گەورەترین بەڵگەبۆ ئەم قسا نەپێشانگاکانی سەر شەقامەکانو کۆڵانەکانە لە ڕادەیەك دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هونەرە هونەری شۆڕشە چونکە وەك بەڵگەنامە هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕشی تیدا دەخوێنینەوە.

بەپێی جەژنەکانی تەموزەوە لە هۆڵی الواسطی لە بەغدا پێشانگایەکی هونەری پۆستەر کرایەوە کە هەشت هونەرمەند تیادا بەشداریان کردبوو کە نزیکەی چل تابلۆی لێبوو.

هەر وەك چاومان پێکەوت ئەم پێشانگایە بەڵگە نامەی ١٣ ساڵی بوو لە تەمەنی شۆڕش، هەموو دەستکەو تەکانی تێدا بەدی دەکرا هەر لە خۆماڵی کردنی بەوتەوەو پاسای چاك کردنی کشتو کاڵی و ئوتۆمبی بۆ کوردو ماڵی ئافرەتو چەنگی قادسیەی صدامو پێشکەوتنی عیراق لە هەموو ڕوویەکەوە.

- دیانا خاچیك یەکێ لەو هونەرمەندانەیە کە لە تەمەنی ئۆنزەرە جوانەکانی بەغدا خوێندوویەتی و ئەمە ماوەی سێ ساڵە لە دایەرەی هونەری تەشکیل کار دەکات، لەم پێشانگایەدا حەقدە پۆستەری نەخشە کێشاوە.

- خوشکە دیانا دەڵێ: تا ئێستا سێ جار لە پێشانگاکاندا بەشداریم کردوە کە بۆ چەنگی قادسیەی صدام کراونەتەوە. جگە لەوە چەند کارت نامەیەکم نەخشە کێشاوەو بۆ سەربازەکانی خۆمانم ناردووە لە بەرەی جەنگ کە زۆر پێخوش حاڵ بووم چونکە هەستم کرد منیش دەتوانم لەم جەنگەدا بەشداری بکەمو وەك ئافرەتێکی هونەرمەند دەنگی خۆم بەرز بکەمەوەو بیجەسپێنم کە هونەریش لە چەنگدا سەنگەری خۆی هەیە.

پێشانگایەکی هونەری تەماوەشی

قابەی هونەرمەندانی

هونەرمەندانی کورد، اسماعیل خیاط، مدحت ئاکەیی، ڕمزی قطب الدینو ثروت انور سەوز خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی لەم مانگەدا پێشانگایەکی هاوبەش بۆ بەرهەمەکانیان ڕێك بخەن، ئەمەش یەکەم جارەکە ئەو ژمارە هونەرمەندە کوردانە بەیەکەوە لە ڕێگەی وێنەکانیانەوەو بە شێوازێکی نوێی داهێنەرانە بیری خۆیان پێش کەش بکەن، ئەم کارە بە نوقلانەو مزگێنی دوارۆژی باشی هونەری بەرچاوی کوردی دەبینین، بەتایبەتی کە ئەو برایانە باری تێڕوانینی بەهرەنواندنیان لەیەکەوە نزیکەو خاوەن تاقی کردنەوەی تایبەتی خۆیانن لە هونەردا.. هەرچۆنێك بێت کۆبوونەوەی ئەو بەهرانە گوڕو تەوژمێکی نوێ بە هونەری کوردی دەدات.

بڕیاریش وایە ئەم پێشانگایە لە هەولێرو لە بەغدا پیشان بدرێت.

چالاکیەکانی ئەم دوواییەی لقەکانی یەکێتی ئافرەتانی هەولێر

● **یەکێتی ئافرەتانی هەولێر وەك ڕێکخراوێکی دیار لەم ماوەیەدا چەندەها جمو جوڵی فراوانی بە خۆیەوە دیوەو بەردەوامە لە نواندنی ئەم چوستی و چالاکییانە کە لقەکانی یەکێتی لە قەزاو ناحیەکاندا لە پال یەکێتیدا پێی هەڵدەستن..**

● **سەرۆکی لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری سەردانێکی تایبەتی کردە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و قوتابخانە گەلیەکانو خاوو خێزانی شەهیدانو دیاری خۆیان بەو بۆنەوە پێش کەش کردن.**

● سەرۆکی لقی هەولێر چەند کۆڕێکی لە قوتابخانە گەلیەکان ساز کردو لەم کۆڕانەدا باسی ئەو شەڕە مێژوویی یە کرا کە ئێستاکە وولاتەکەمان بەرامبەر بە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران دەیگێڕێ.

● لە ناحیەی عەنکاوەدا لیژنەی کاروباری خێزان و نەهێشتنی نەخوێندەواری گەشتێکی فراوانیان کردە گوندی تورەق و قونیان و قەتەوی نوێ و گوندی حەرەو بەحرکەو لقێکی نوێیان بە ئامادەبونی لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن کردەوەو لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواریش سەری گوندەکانی دوس تەپەو سوبری و عەرەب کەندی داوە.

● لە لایەکی تر لقی کەندێناوەی ئافرەتان چەندەها کۆڕی سازکردووەو تیایدا لێپرسراوی بەشی نەهێشتنی نەخوێندەواری باسی ڕۆڵی ئافرەتانی کردووە لە تەقەللا نواندنی زیاتر بۆ مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژو لەوێ سەریان داوەتە گوندی گردەرەشەو مەلاکانماو ماجد، سەرەڕای چەند کۆڕێك کە لیژنەی ڕێك خستنی سەرپەرشتی کردووەو خولێکی تایبەتی بۆ ئاگاداربونی هەندێ لایەنی کشتوکاڵو خولێکی تر بۆ فێربوونی بەرگی دوورین لە گوندی کۆزەپانکە لە گوێردا، ئافرەتانی گوێر سەردانێکی گوندی ساقیەو تەل خەلیلیان کردووە بۆ باس کردنی بارو دۆخی ئێستامانو کۆڕێکی تریان ساز کردو لەگەڵ قوتابیانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کۆبوونەوەو باسی ئەو دەست درێژیی یانەیان کرد کە دوژمنانی وولاتەکەمان کردیانە سەر ناوچەکانمان.

● هەروەها ئافرەتانی ناحیەی خەبات سەردانی خێزانو کەسوکاری شەهیدانیان کردووە لە گوندی شیوەرەشو کانی قرژالەو لیژنەی کاروباری خێزانیش سەردانی گوندی ئامەدۆلانو گردەرەشیان کردووەو لە گرینگی تەقەللای زیاتری ئافرەتان دوواون لەم قۆناغەی ئێستامانداً.

شێرزاد عبدالرحمن:
نووسینگەی هەولێر

Institut kurde de Paris